# پێویست ناکات ئەمریکا کارنامەی پەیوەندی ئێمە و باکووری عێراق دابنێ



**تایبەت بە رووداو**

ئەرشـــاد هورموزلو، راوێژکاری سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاســـت، کە تورکمانێکی خەڵکی کەرکووکـــە و نزیکەی 25 ســـاڵە لە تورکیـــا دەژی، لە هەڤپەیڤینێکیدا لە کۆشکی کۆمارییەوە لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند "پێویست ناکات ئەمریکا کارنامەی پەیوەندی ئێمەو باکووری عێراق دابنێ، ئێمە دراوســـێی یەکترین و براین". ناوبراو گوتیشـــی بەهەمان ئەو چاوەی لە تورکیا سەیری تورک دەکرێ، سەیری کوردیش دەکـــرێ "هەموو کوردێـــک لە تورکیا وەک تـــورک و عەرەب و کریســـتیان هاووڵاتییەکی پلە یەکە".

6 «

# ئامادەم بچمە بەردەم دادگا



**رووداو-هەولێر**

بایز تاڵەبانـــی، وەزیری دارایی هەرێمی کوردســـتان ئامادەیی خۆی نیشـــاندا بچێتە دادگا لەســـەر ئەو داوایەی دەســـتەی داکۆکیکار لەزیندانیانی سیاسی کوردســـتان تۆماریان کردووەو حکومەت و وەزارەتی دارایی بەخواردنی پارەی زیندانیانی سیاسی تۆمەتبار دەکەن. حکومەتی عێراق بڕیاریداوە مانگانە 500 هەزار دینار بداتە هەر زیندانییەکی سیاسی عێراق. بەڵام ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە نووسراوێکدا لەرۆژی 2008/9/29 بۆ دەزگای زیندانیانی سیاســـی عێراق، دەڵێت هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە کە ئەو بڕیارە زیندانییە سیاسییەکانی کوردســـتان بگرێتەوە،بەڵام سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بڕیار بدات مینحەیەکـــی مانگانە لـــە بودجەی 17%ی هەرێمی کوردستانیان پێبدرێت.

2 «

# جەوهەر نامق دەستی لە کار نەکێشاوەتەوە



**تایبەت بە رووداو**

مەســـعود ســـاڵەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگـــەڵ (رووداو) گوتی، جەوهەر نامق سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی تا ئێستا سیفەتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتـــی هەیە و باوەڕناکات لیســـت دروســـتبکات و گوتیشـــی " کاک جەوهەر تاوەکو ئێستا دەستی لە کار نەکێشاوەتەوە". ساڵەیی سەبارەت بە جەوهەر نامق، کە دوای رووخانی رژێمی بەعســـەوە لە ماڵ دانیشتووە، دەڵێ" تاوەکو ئێســـتا " پارتی کاک جەوهەر بە عونسورێکی بنچینەیی سەرکردایەتی خۆی زانیوەو دەزانێت".

4 «


ژمارە (49)
دووشەممە 2009/3/30
10ی نەورۆز 2709
(750) دینار
www.rudaw.net
Rûdaw
رووداو
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


## حەمە تۆفیق رەحیم، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە:

# بە ناوی نەوشیروان مستەفاوە دەڵێم بەشداری هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراقیش دەکەین

**تایبەت بە رووداو**

ئەندامێکـــی ئەنجوومەنـــی کارگێـــڕی کۆمپانیای وشە، ســـەبارەت بەبەشداریان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، جەختیکردەوە کە " بەناوی خۆمان و کاک نەوشیروانەوە دەڵێم کە بەلیستێکی جیاواز دادەبەزین".

ئەو لێدوانەی محەممەد تۆفیق رەحیم، ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی کۆمپانیای وشە بۆ (رووداو) لە کاتێکدایە کە یەکێتی و پارتی دەڵێن هێشـــتا بۆیـــان یەکلایی نەبووەتەوە کە نەوشیروان مستەفا لیستی دەبێت بـــۆ هەڵبژاردنەکانـــی پەرلەمانی کوردستان یان نا. بەڵام محەممەد تۆفیق رەحیـــم زیاتر لەوەش دەڵێ " بەشـــداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانیـــش دەکەین". ســـەبارەت بەو هەواڵانـــەی باس لـــە هاوپەیمانێتیکردنی لیستەکەشـــیان لەگەڵ جەوهـــەر نامق، ســـکرتێری پێشـــووی مەکتەبی سیاسی پارتی دەکرێـــن، محەممەد تۆفیق دەڵێت " هیـــچ گفتوگۆیەکمان نەکـــردووە، بەڵام بیروبۆچونەکانمان لەیەکترەوە نزیکن".

3 «

## دیپلۆماتکارێکی فەرەنسی:

# نابێ داوا لە کۆسرەت رەسول بکرێت دەست لەکار هەڵبگرێت

**تایبەت بە رووداو**

دیپلۆماتکارێکی فەرەنسی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتی " خەڵک بۆی نییە ئەو مافە بداتە خۆی یان داوا لە یەکێکی وەک بەڕێز کۆسرەت رەسول بکات لەبەر باری تەندروستی دەست لەکار هەڵبگرێت".

دکتۆر فریدرێک تیسـۆ، کۆنسولی گشتی فەرەنســا لە هەولێر، لە درێژەی قســەکانیدا لە بارەی مانەوەی جێگری ســەرۆکی هەرێم و جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی کۆسرەت رەسول لەکاردا، وێڕای نەخۆشییەکەی، گوتی "ئەو کە توانای هەبێت و بارە تەندروستییەکەی هیچ دەرهاوێشتەیەکی خراپی بەسەر راپەڕاندنی کارەکانەوە نەبێت، خەڵک بۆی نییە داوا بکەن دەست لەکاربکێشێتەوە".

دکتۆر تیسۆ، کە سـێ ساڵ پێش ئێستا لە وڵاتـی هایتی بەهۆی لێدانـی کارەبا، بە کورسی جوڵاو دەگەڕێت، داوا دەکات لە هەموو داوودەزگاکانی حکومەت و شوێنە گشتییەکانی کوردســـتان دا رەچاوی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان و کەمئەندامان بکرێت. هەروەها



دەڵێ، با هەرێمی کوردستان لە پرسە مرۆییەکان دەستپێشخەربێت بۆ هەموو عێراق، با هەرێمی کوردستان دەستپێشخەری بکات لە هەڵگرتنی سزای لەسێدارەدان کە "لە ئایندەدا هەر دەبێت ئەو سزایە نەمێنێت". بە رەخنەگرتنەوە باسی لـــە بوونی دیـــاردەی خەتەنەکردنی کچان لە کوردســـتان کرد و گوتی " دیموکراســـی بە بوونی دیاردەی وەک خەتەنەکردن پرۆسەیەکی ناتەواوە".

8 «

# بڕوانامەی وەزیری بازرگانی حکومەتی کوردستان وەهمییە

**تایبەت بە رووداو**

پرۆفیســـۆرێکی زانکۆی ســـەلاحەددین رەخنە لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەگرێ، کە تا ئێســـتا نەیانتوانیوە بەر بە بڵاوبوونـــەوەی زانکۆ ســـاختەکان "زانکۆ ئاشـــەکان mill university و ئاشـــی بڕوانامە mill degree " بگرێت .گوتیشی " لـــە حکومەتی کوردســـتان وەزیر هەیە بڕوانامەکەی ئاشـــە، لەجیاتـــی ئەوەی لە زیندان بێت لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران دادەنیشێت".

د.ئیبراهیـــم ئیســـماعیل حەمەڕەش، پرۆفیســـۆری یاریـــدەدەر لـــە زانکـــۆی ســـەلاحەددین لـــە هەولێـــر، کـــە چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی زانکۆ ساختەکان "زانکۆ ئاشەکان" ئەنجامداوە، بۆ یەکەمجار دووساڵ پێشـــتر لەدوای لێکۆڵینەوەیەکی ئـــەو کەتێیدا ئاشـــکرایکرد کـــە زانکۆی ســـانت کلیمێنتس وەهمییە، لە لێدوانێکدا بـــۆ (رووداو) دەڵێ " چەنـــد زانکۆیەکی وەهمـــی هەن لە کوردســـتان کاردەکەن و ســـاڵانە پارەیەکـــی زۆری قوتابیانی کورد دەبەنـــە دەرەوە". گوتیشـــی بوونـــی ئەو زانکۆ وەهمییانە کار لەنێوبانگی کوردستان دەکات، ئەو دەڵێ جگە لە سانت کلیمنتس، دوو زانکۆی دیکەی وەهمی لە کوردســـتان کاردەکـــەن کە ئەوانیش بریتین لە زانکۆی حـــورەی هۆڵەنـــدی و زانکۆی ئیســـلامی جیهانی.

محەممـــەد رەئوف، وەزیـــری بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەک لە ژیاننامەکەیدا لە سایتی فەرمی حکومەتدا نووســـراوە دبلۆمی باڵای لە زانکۆی سانت کلیمێنتس هەیە، لەکاتێکدا بەپێی بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵا ســـانت کلیمێنتس زانکۆیەکی وەهمییە لەبەر ئەوە دووســـاڵ پێشتر بڕیاری داخستنی دا.

سەرچاوەیەکی نزیک لە وەزیری بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "وەزیـــری بازرگانی دبلۆمی باڵای لە زانســـتە سیاسییەکان لە زانکۆی سانت کلیمنتـــس بەدەســـتهێناوەو توێژینەوەی دەرچوونەکەشی لەســـەر قازی محەممەد بـــووە، کە یەکـــەم بووە لە عێـــراق و لە ئینتەرنێتیش بڵاو کراوەتەوە". سەرچاوەکە گوتیشـــی "بڕوانامەکەی دانـــی پێدانراوە، چونکە دوای داخســـتنی نووســـینگەکانی زانکۆکە لە کوردستان بڕیاردرا ئەوانەی زوو لەو زانکۆیە دەرچوون دان بە بڕوانامەکانیان دابنرێت".

بەڵام د.هیمداد عەبدولقەهار، بەڕێوەبەری خوێندنی ئەهلی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا رەتیکردەوە بڕوانامەکانی زانکۆی ســـانت کلیمێنتس دانیان پێدانرابێت و گوتی "بەهیچ جۆرێـــک دان بـــە بڕونامەی ئـــەو زانکۆیە دانانرێت، چونکە زانکۆکە وەهمییە".

7 «



# 57 کچی بە بچووکی مارەکراو تەڵاق دەدرێن

**تایبەت بە رووداو**

لێژنەیەک لە مامۆســـتایانی ئاینی ســـلێمانی و پشـــدەر بەپشـــتیوانی دارایـــی خێرخوازێکی ســـلێمانی،57 کچی بـــە بچووکـــی مارەکراویان لە دەڤەری پشـــدەر تەڵاقدا کە بـــەو مارەکردنە رازینەبـــوون، لیژنەکە دەڵێ ئەگـــەر خێرخوازی دیکە هەبێت یارمەتیان بدات لەسەر ئەو کارەیان بەردەوام دەبن.

بێریڤان حەسەن، 22 ســـاڵ، کە یەکێکە لەو کچـــە تەڵاقدراوانـــە بـــە (رووداو)ی راگەیاند ئەو لـــە تەمەنێکی بچووکدا لە کوڕێـــک مارە کراوەو ئێستاش زۆر خۆشحاڵە بەو تەڵاقدانە "ئەو کاتەی تەڵاقدرام وامدەزانی باڵدارێکی دیلی ناو قەفەزم و ئازاد دەکرێم".

مەلا عەلائەدین ســـلێمان، کـــە یەکێکبوو لە ئەندامانی لێژنەکە بـــە (رووداو)ی راگەیاند ئەوان چەند رێگایەکیان داناوە بۆ رزگارکردنی ئەو کچانە، لەوانەش تەڵاقدانی کچە بەبێ پارە یان بەرامبەر 500 هەزار دینار بۆ ئـــەو کوڕانەی لەبەرامبەردا پارەیان دەوێت.

12 «

# سەرکردەیەکی DTP : 80 شارەوانیمان لە باکووری کوردستان بردەوە

5 «



چەند لایەنگرێکی DTP لە شاری سێرت ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن

(فۆتۆ:DIHA)




## ڕاپۆرتە هەواڵ

### ئەمریکا، ماوەی ڤیزە بۆ عێراقییەکان درێژ دەکاتەوە



ڕووداو-هەولێر

لە ڕاگەیێندراوێکدا کە وێنەیەکی لێدراوەتە (ڕووداو) باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا ڕایدەگەیێنێ کە ئەو عێراقیانەی ڤیزای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان وەرگرتووە، ماوەی ڤیزەکانیان بۆ یەکساڵ درێژ دەکرێتەوە و جێگای ڤیزەی سێ مانگی یەکجار – داخڵبوون دەگرێتەوە و دەبێتە ڤیزەی 12 مانگی فرە – داخڵبوون بۆ هەموو ئەو ڤیزانەی کە لە دوای 2009/3/18 ەوە دەرچوون. کونسوڵی گشتی باڵیۆزخانەی ئەمریکا جێفری لۆدینسکی گوتی "لەمڕووەوە، هەموو ڤیزەیەکی ئەمریکی کە دراوەتە عێراقییەکان درێژ دەکرێتەوە بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو، ئەمە هەواڵێکی خۆشە بۆ موسافیرە عێراقیەکان". زانیاری بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ ڤیزەی ئەمریکی لەسەر ئەم ماڵپەڕە www.iraq.usembassy.gov هەیە.

### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان:

# قادر عەزیز دەیویست لەگەڵ ئیسلامییەکاندا لیست دروستبکات و 80 %ی کادیرانی زەحمەتکێشانیش ئەوەیان ڕەتدەکردەوە

عەلی حەمە ساڵح
ڕووداو-سلێمانی

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشان، کە بڕیاری تەجمیدکردنی قادر عەزیزی سکرتێری حیزبەکەیاندا، بەوە تۆمەتباری دەکەن کە 700 هەزار دۆلاری حیزبی بەهەدەر داوە. دژی بۆچوونەکەشی دەوەستنەوە کە دەڵێ با زەحمەتکێشان لەگەڵ لەگەڵ چوار حیزبەکە بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەن. ئەو باڵەی لەلایەن قادر عەزیزیشەوە سەرکردایەتی دەکرێ لە بەیاننامەیەکدا دەڵێ ئەو کەسانەی دەرکردووەو ئەوە بە "پیلان"ێک وەسفدەکات بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی حزبی زەحمەتکێشانە لە هەڵبژاردنەکاندا".

دوای نیوەڕۆی 2009/3/28 کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی زەحمەتکێشان بە دوو لەتبوونی حیزب، بۆ هەردوو باڵی مەکتەبی سیاسی و قادر عەزیز کۆتایی هات و، لە بەیاننامەیەکیشدا مەکتەبی سیاسی بڕیاری تەجمیدکردنی سکرتێری حیزبیان دا، تا بەستنی کۆنگرەی شەش.

ئێستا باڵی مەکتەبی سیاسی، لەلایەن بەهمەن حوسێن، سەعد خالد و بەڵێن عەبدوڵلا سەرپەرشتیدەکرێ، کە بارەگای ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی حیزب لە سلێمانی، لقی هەولێر، سۆران، کەرکوک و هەندێک بەشێکی بارەگای دیکەی زەحمەتکێشانیان بەدەستەوەیە، ئەو باڵەی لە ژێر سەرپەرشتی قادر عەزیزدایە بارەگای لقی سلێمانی و مەکتەبی سیاسی بەدەستەوەیە.

سەعد خالید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان، قادر عەزیز، بەوە تۆمەتبار دەکات، کە ویستوویەتی لەڕێگەی چەکدارییەوە دەست بەسەر چەند بارەگایەکدا بگرێت، ئەو لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "2008/3/22، هەوڵیدا دەست بەسەر بارەگاکانی کەرکوک و چوارقورنە و سۆراندا بگرێت و ئێمەش بانگ بکاتە سلێمانی و پێمان بڵێت خەڵکێک خەریکی کودەتایەو ئەگەر ئێوەش ڕازی نەبن، چەند خەڵکێک لە حیزب دەردەکەم".

ناوبراو سکرتێری حیزب بەوەش تۆمەتبار دەکات کە لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزب لایداوە "بۆیە کۆمیتەی ناوەندی بەتێکڕای دەنگ بڕیاریدا تاوەکو کۆنگرەی شەش تەجمیدی بکات".

لە بەیاننامەیەکدا کە بەناوی حیزبی زەحمەتکێشان بە سەرۆکایەتی قادر عەزیز بڵاوکراوەتەوە، دان بەوە دادەنێ کە ماوەیەکە کێشە لەنێو حیزبەکەیاندا هەیە، بەڵام دەڵێ ئەو "کۆمەڵە کەس"ەی جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی زەحمەتکێشان ڕاگەیاند چاوەڕێی ڕای کۆنگرە و کۆنفرانسیان نەکرد "وەک ئەوەی بڕیارێکی پێشەکییان هەبێ". لە بەیاننامەکەدا ئەوە بە پیلانێک وەسفدەکات و دەڵێ " ماوەیەکە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ئەنجامی هەڵوێستەکانی بە تایبەتیش لە لیستی هاوبەش بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئایندە لە ژێر فشارو پیلانێکی چاوەڕوانکراودایە، ئەمە جاری یەکەمیش نییە ئەم جۆرە پیلانانە لە حیزبی زەحمەتکێشان دەگەڕێ، بە تایبەتیش پێش هەڵبژاردن و وێستگە گرنگەکان".

### چارەنووسی 700هەزار دۆلاری زەحمەتکێشان دیار نییە

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی ئاگاداری حیزبی زەحمەتکێشانەوە دەست (ڕووداو)کەوتووە، گرفتی سەرەکی ئەو حیزبە خەرجکردنی 700هەزار دۆلار بووە لەلایەن قادر عەزیزەوە.

کەسێکی نزیک لە قادر عەزیز، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "قادر عەزیز، ئامادەبووە شێوازی خەرجکردنی ئەو پارە بۆ مەکتەبی سیاسی ڕوونبکاتەوە، ئێستاش دەڵێت، هەر لیژنەیەکی حکومی یان لەهەر کەسانێکی دیکە پێکدێت با لێکۆڵینەوە لەو خەرجیانە بکات".

سەعد خالد، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو 700 هەزار دۆلارە یەکێکە لە کێشەکان، چونکە مەکتەبی سیاسی ئاگای لەخەرجکردنی ئەو پارە نەبووە " لەدەرەوەی بودجە و لە ساڵ و نیوی ڕابردوودا کاک قادر بەخەرجی لابەلا 700 هەزار دۆلاری خەرجکردووە، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ مەکتەبی سیاسی".

سەعد خالید، گوتیشی ئەو700 هەزار دۆلارە بۆ بارەگا و ئۆرگانە فەرمییەکانی حیزب خەرجنەکراوە، چونکە ئەوانە مانگانە بودجەی خۆیان هەیە "ئەوە خەرجی لابەلا بووەو لیژنەی مەرکەزی ئاگای لێنەبووە". هەروەها ئەوەشیگوت "ماوەی یەک ساڵ و نیوە کاک قادر لە بابەتی دارایی و سیاسی و بەستنەوەی دەزگاکانی حیزب بەتاکڕەوی کاری کردووە".

لەبارەی لیستی خەرجکردنی ئەو 700 هەزار دۆلارە، ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان ئاشکرای کرد کە "چوار مانگ پێش ئێستا، قادر عەزیز، لیستێکی پێداین بۆ ئیمزاکردنی خەرجکردنی ئەو پارەو گوتی ئەوە خەرجییەکانە، بینیمان 700 هەزار دۆلارەو بەویستی خۆی 2 هەزار دۆلاری دواتە کەسێک و 3 هەزار دۆلاری داوەتە کەسێکیتر، لەسەر حیسابی ڕێکخراوێک سەفەری دەرەوەی کردووە، نووسیویەتی 10 هەزار دۆلارم خەرجکردووە، ئێمەش گوتمان ئیمزا ناکەین، چونکە ئاگامان لە خەرجکردنی 10 فلسی ئەو هەموو پارەیە نییە".

### کێشەی هەڵبژاردن

یەکێک لەو گرفتانەی کە حیزبەکەی بەرەو ئاقاری دوو لەتبوون برد، مەسەلەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە. سەرچاوە نزیکەکەی قادر عەزیز، ڕایگەیاند کە قادر عەزیز دەیەوێت بەیەک لیست لەگەڵ یەکگرتوو کۆمەڵی ئیسلامی و سۆسیالستدا بەشداری هەڵبژاردن بکات و مەکتەبی سیاسیش دژی ئەوە بوون کە لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکاندا هاوپەیمانی بکەن.



سەعد خالید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی



قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان

سەعد خالد، نەیشاردەوە کە جیاوازییەک لەنێوان مەکتەبی سیاسی حیزب و سکرتێردا هەبووە، لەسەر شێوازی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا و گوتی "ئێمە کە هێزێکی عەلمانی و چەپ و نەتەوەیین، ڕەنگە ئاسان نەبێت لەگەڵ لایەنێکی ئیسلامی لیست دروست بکەین"، گوتیشی "قادر عەزیز، لەسەر دوو خەت یاری دەکرد، 80% کادیرانی زەحمەتکێشان ڕەتیان دەکردەوە کە زەحمەتکێشان لەگەڵ چوار حیزبەکەدا بێ، بەڵام ئەو هەوڵی دەدا زۆرینەی بۆ دروست بکات، لای سێ حیزبەکەش گوتبووی ئەگەر بە تەنیاش بم هاوپەیمانییەتیتان لەگەڵ دەکەم".

باڵی مەکتەبی سیاسی، لە پەرلەمانی عێراق و کوردستاندا کورسییان هەیەو لە حکومەتی کوردستانیشدا وەزیریان هەیە، هەرچەندە قادر عەزیزی سکرتێری حیزب دەڵێت"ئەوانە پەیوەندیان بەزەحمەتکێشانەوە نەماوە"، بەڵام سەعد خالد ئەوە دەخاتەڕوو قادر عەزیز تەجمید کراوەو دەشڵێن "قادر عەزیز لەچەند ساڵی ڕابردوو ببووە خاڵی لاوازی حیزب، ئەگینا ئێستاش ئەو تێکۆشەرانەی حیزب، دەتوانن زۆر بەباشی بەردەوامی بەحیزبەکەی خۆیان بدەن و زەحمەتکێشان بگەڕێننەوە خانەی سەرکەوتووی جارانی".

# ڕۆژنامەنووسێک: ئەمریکا بۆ لێدانی یەکێتی و پارتی پارە دەداتە ڕۆژنامە ئەهلییەکان

ڕووداو-هەولێر

ڕۆژنامەنووس ئاری هەرسین ڕایگەیاند کە حکومەتی ئەمریکا دەیەوێ هاوکاری ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەهلییەکان بکات و پێشیوایە مەبەستی ئەمریکا لێدانی حکومەتی کوردستان و پارتی و یەکێتی لە ڕێگەی میدیاوەو سەرنووسەری گۆڤاری (لڤین)یش دەڵێ ئەوە گەمەیەکی موخابەراتییە ئاری دەیکات.

ئاری لەو بارەوە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "لە مایسی 2008 دوو ڕاوێژکاری ئەمریکی لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا ئامادەییان دەربڕیوە بۆ ئەوەی 500 هەزار دۆلار بدەنە دەزگا ڕۆژنامەوانییە ئەهلییەکانی کوردستان و بەشێک لەو دەزگایانەش پارەکەیان وەرگرتووە".

ئاری هەرسین، کە پێشتر بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری ڕۆژنامەی (ئاوێنە) بوو، ڕایگەیاند کە ئەو دوو ڕاوێژکارە بەناوی ڕاوێژکاری کولتووری هاتوونەتە کوردستان "بەڵام لەڕاستیدا لەزۆربەی باڵیۆزخانەکانی جیهاندا ئەگەر ڕاوێژکاری ئەمنی هەبێت، پێی ناڵێن ڕاوێژکاری ئەمنی و لەژێر ناوێکی دیکەدا ئیش دەکات"، ناوبراو گوتیشی "بەو مەرجە پارە دەدەنە ئەو دەزگایانە، کە سەر بە هیچ حیزبێکی سیاسی نەبن".

ئاری هەرسین، پێیوایە کە ئەمە ئەو پلانەی پێش دەورەکەی جۆرج بوشە "ئەمریکا ئیشی بەیەکێتی و پارتی واتە مەبەستم حکومەتی هەرێمیش نەماوە، لەبری ئەوەی خۆیان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بدەن بەشێوازی خۆیان دێن لەناوخۆدا هێز دروستدەکەن لەچوارچێوەی دیموکراسیدا، لەبەرئەوەی میدیای ئازادیش دەکەوێتە چوارچێوەی کۆمەڵگای دیموکراتیەوە".

سەبارەت بە وەرگرتنی پارەکەش لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئاری گوتی "ئەوەندەی من ئاگادارابم، ڕۆژنامەو گۆڤار هەبووە گڵۆپی سەوزی بۆ ئەو هەنگاوە داگیرساندووە".

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە کە پارەیان وەرگرتبێت و گوتی "ئەوە جگە لە درۆیەکی شاخدار و بێبەڵگە هیچیتر نییە، ئەگەر ڕاست دەکات و بەڵگەی هەیەو بەشێک نییە لە گەمەی موخابەراتی بابەڵگەکانی بڵاوبکاتەوە".

میرە گوتیشی "ئەو ڕۆژنامەنووسە دوای ئەوەی بۆچوونی دەربارەی ڕەوشی میدیا و ڕەوشی سیاسی گۆڕاوە، خەریکی ئەو موهاتەرات و قسە بێ بەڵگانەیەو ئەمەش نەک لێدانە، بەڵکو بەشێکە لەوگەمە موخابەراتییەی کە بەرامبەر میدیای ئەهلی دەکرێت".



**ئەگەر ئەو ڕۆژنامەنووسە بەشێک نییە لە گەمەی موخابەراتی، با بەڵگەکان ئاشکرا بکات**

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین



**باڵیۆزخانەی ئەمریکا ئامادەیی دەربڕیووە 500 هەزار دۆلار بداتە دەزگا ڕۆژنامەوانییە ئەهلییەکان و هەندێکیان وەریانگرتووە**

ئاری هەرسین، بەرپرسی پێشووی نووسینگەی هەفتەنامەی ئاوێنە لە هەولێر

# بەغدا زیندانیانی سیاسی کوردستان لەتدەکات

نەوزاد مەحمود
ڕووداو-سلێمانی

بەتۆمەتی خواردنی پارەی زیندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستان، دەستەی داکۆکیکار لە زیندانیانی سیاسی کوردستان، داوایەکی یاسایی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکەن و بایز تاڵەبانی، وەزیری داراییش دەڵێ "پارەی زیندانیانی سیاسی لە بەغداوە نەهاتووەتە کوردستان" و، ئامادەیی خۆشی نیشاندا لەسەر ئەو داوایە بچێتە دادگا.

ماوەی زیاتر لەساڵێکە بەشێک لەزیندانییە سیاسییەکان لە کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان هاتوونەتە دەرەوەو دەستەی داکۆکی لە زیندانییە سیاسییەکانیان پێکهێناوەو، تا ئێستا دووجار ڕێپێوان و خۆپیشاندانیشیان لە دژی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە.

بەختیار قادر، هەڵسوڕاوی دەستەی داکۆکیکردن لەمافی زیندانییە سیاسییەکان لە سلێمانی کێشەی خۆیان لەگەڵ کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان دەگێڕێتەوە بۆ بێهەڵوێستیان لەبەرامبەر ئەو پارەیەی کە گوایە حکومەتی بەغدا بۆ زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان خەرجکردووەو حکومەتی کوردستان نایدات. بەختیار دەڵێ "بەڵگەمان لایە کە بەغدا مانگانە بڕی 500 هەزار دیناری بۆ هەر زیندانییەکی سیاسی بڕیوەتەوەو هەمان پارەشی داوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان نایداتە ئێمە".



خۆنیشاندانی ژمارەیەک لە زیندانیانی سیاسی کوردستان (فۆتۆ:ڕووداو)

بەختیار گوتیشی "هەر بۆیە لە 2009/3/15 لە دادگای سلێمانی سکاڵامان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار کرد، بەڵام ئێستا سکاڵاکەمان لە دادگا وەستاندووە، چونکە بەڵێنیان پێداین ئەگەر سکاڵاکە بکێشینەوە، کێشەکەمان چارەسەر دەکەن".

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دراونەتە (ڕووداو)، حکومەتی بەغدا ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر خەرجکردنی بڕی 500 هەزار دینار بۆ هەر زیندانییەکی سیاسی، کە بەپێی یاسای ژمارە 4ی یاسای دەزگای زیندانییە سیاسییەکانی عێراق لە 2008/10/30 ی ئەمینداریێتی گشتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری لەسەر دراوە. لە نووسراوێکدا بە واژۆی جاسم محەممەد جەعفەر، سەرۆکی دەزگاکە کە بە ژمارە 74 لە 2009/2/9 دەرچووەو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ناردووە، داوا دەکات ئەو پارەیە بدرێتە زیندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە خاڵی سێیەمی نووسراوەکەدا ئەوەی بە هەڵواسراوی هێشتووەتەوە کە لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا بووەتە کێشە کە دەڵێ بۆ دانی پارەکە پێویستە لایەنی پارەدەر بە زیندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستان دیاریبکرێ " کە ئایا وەزارەتی دارایی فیدراڵە یاخود حکومەتی هەرێمی کوردستانە".

ئەوە لە کاتێکدا کە بەپێی وەڵامی ئەمینداریێتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، لەبارەی هەمان کێشەوە لە وەڵامێکدا بۆ دەزگای زیندانییە سیاسییەکانی عێراق کە لە ڕۆژی 2009/8/10 دەرچووە دەڵێ "هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە کە وابکات ئەو مینحە مانگانەیەی حکومەتی ناوەندی دەیدات، زیندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، چونکە ئەوە لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێمدایە و لە بەشی هەرێمی کوردستان کە 17%ی بودجەی گشتیی فیدراڵی 2008دایە".

بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ دەبێ ئەو منحەیە لە بودجەی خەرجییە سیادییەکان بدرێتە زیندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستان. بەڵام هەندێ لە زیندانیانی سیاسی کوردستان دەڵێن حکومەتی بەغدا ئەو پارەیەی داوەتە حکومەتی هەرێمی و ئەوان نایدەن، لەبەر ئەوەش سکاڵایەکیان لەسەر حکومەت تۆمارکردووە.

بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوان داوایان تۆمارکردووەو ئێمەش دەچینە بەردەم دادگەو بەرگری لەخۆمان دەکەین، دەمانەوێت یەک بڕگەی دیاریکراومان پێ بڵێن کە ئەو پارەیە لەسەر نەفەقاتی سیادی حاکیمە خەرج نەکرێت".

بایز تاڵەبانی، گوتیشی ئەنجوومەنی وەزیران پرسیاری ئەو بابەتەیان لێکردووین ئێمەش بەنووسراوی فەرمی وەڵاممان داوەتەوە کە "ئەو پارە لای ئێمە نییە".

عیماد سەعید، لێپرسراوی ناوەندی سلێمانی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان ڕەتیکردەوە کە پارە لە بەغداوە هاتبێتە هەولێر بۆ زیندانییە سیاسییەکان و گوتی "ئەو بابەتەمان گەیاندووەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بڕیارە ئەوانیش نووسراو بۆ بەغدا بنێرن تا بزانن ئەو مووچەیەی زیندانییە سیاسییەکان لەبودجەی سیادییە یان لە بودجەی خۆیان دەیدەن، ئەگەر لە بودجەی سیادی بێت، ئەوا هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوەو ئەگەر لەبودجەی خۆشیان بێت، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنیداوە لەبودجەی خۆی ئەو پارەیە خەرجبکات".

سەرچاوەیەکی بەرپرس لەکۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان، کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، پێیوابوو کە بەغدا بەو جۆرە هەڵوێست و ناڕۆشنییە دەیەوێت گرفت دروست بکات و، بەوشێوەیە کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانیشی کردووەتە دوو بەش. سەرچاوەکە گوتیشی "گرفتەکە ئەوەیە کە ئێستا ئەوانەی ناوی خۆیان ناوە دەستەی داکۆکی لەمافی زیندانییە سیاسییەکان، داواکاری دیکەشیان هەیە".

بەپێی قسەی بەختیار دەستەکەی ئەوان زیاتر لە 700 زیندانی سیاسی لەسنووری پارێزگای سلێمانی لەگەڵ دایەو داواکاریشیان ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی خاوێنە "17ساڵە لەو ڕێکخراوە هەڵبژاردن نەکراوەو دەبێت هەڵبژاردنێکی خاوێن ئەنجامبدرێت".

## سەنتەرێکی پزیشکی هاوبەشی ئیتالی-کوردستانی لە هەولێر دەکرێتەوە

ڕووداو- هەولێر

لە هەفتەی ڕابردوو سەنتەرێکی هاوبەشی پزیشکی لەلایەن کۆمپانیای ئینفۆکۆربی ئیتالی و کۆمەڵگەی پزیشکی سۆران کرایەوە، کە بەتازەترین تەکنەلۆژیای پزیشکی چارەسەری ئەو نەخۆشیانە دەکەن، کە تا ئێستا لە عێراق چارەسەر نەکراون.

لەمبارەیەوە سەباح سورچی بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەم سەنتەرە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە "ئەو نەشتەرگەرییانەی لەو سەنتەرە هاوبەشە کوردستانی- ئیتالییە ئەنجامدەدرێن لەسەرتاسەری عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاری دەگمەنن، جگە لە پێشکەوتوویی ئامێرەکان، ئەو پزیشکانەی نەشتەرگەرییەکان ئەنجام دەدەن لە ئیتالیا و ئەوروپا ناسراون".

وەک ناوبراو ئاماژەی پێدا پێشتر پزیشکی ئەوروپایی هاتوونەتە هەولێر و نەشتەرگەری گەورەیان ئەنجامداوە، بەڵام جیاوازی ئەو سەنتەرە لەگەڵ هاتنی ئەو پزیشکانە ئەوەیە، کە لەو سەنتەرەدا، پسپۆرانی بیانی بەردەوام لەو سەنتەرە دەوام دەکەن، بە پێی خشتەیەک، کات بۆ نەخۆشەکان دیاری دەکرێت.

لەبارەی نرخی چارەسەر و نەشتەرگەرییەکانش سەباح سورچی ڕایگەیاند " هەندێک لەو نەشتەرگەرییانە بە دەیان هەزار دۆلار ئەنجامدەدرێن، بەڵام لەو سەنتەرە بە نرخێکی زۆر هەرزانتر لە هەردوو کۆمەڵگەی پزیشکی سۆران و سەنتەری تیشکی سۆران ئەنجامدەدرێن".

بە پێی زانیارییەکانی بەرپرسی پەیوەندییەکان لە 2009/4/7 چوار پسپۆری ناسراو لەم سەنتەرە دەستبەکار دەبن، کە لە بواری نەخۆشی و نەشتەرگەرییەکانی میزەڕۆ، کۆئەندامی زاوزێ، شێرپەنجەی مەمک، ئێسک و جومگەکانن پسپۆڕیان هەیە.

# ڕاپۆرت



جەلال جەوهەر:
کەسمان نەگەڕاوەتەوە

تایبەت بە ڕووداو
جەلال جەوهەر، کە یەکێکە لە چوار ئەندامە دەست لەکارکێشاوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند " هیچ یەکێک لەبرادەران بڕیاری ئەوەی نەداوە بگەڕێتەوە". ئەوە لەکاتێکدایە کە هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە مستەفای سەید قادر و عوسمانی حاجی مەحمود دەگەڕێنەوە. هەروەها مام جەلالیش لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی (العربیە)دا گوتی لەو چوار کەسە، دووانیان بڕیارەکانی ئەو دواییەیان قبوڵکردووە، تەنیا دووانیان بڕیاریانداوە نەگەڕێنەوە بۆ ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی، بەڵام هەروەک ئەندامی یەکێتی دەمێننەوە.

## محەممەد مەلا قادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی:

# مام جەلال پێیگوتین ئەوەی لە دەرەوەی یەکێتی لیست دروست بکات لە یەکێتی نییە



دانیشتنی ڕۆژی 2009/3/13 ی نێوان پارتی و یەکێتی (فۆتۆ:PUKmedia)



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

**ڕووداو-هەولێر**

محەممەد مەلا قادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی ڕایگەیاند کە لە دوایین کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی، مام جەلال ڕایگەیاند، یەکێتی تەنیا لە لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا بەشداری هەڵبژاردن دەکات و ئەوەی لیست دروست بکات لە یەکێتی نییە.

نەوشیروان مستەفا، جێگری پێشووی سکرتێری گشتی یەکێتی، کە ئێستا سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشەیە، بڕیاریداوە لیستێکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دروست بکات.

سەرچاوەیەکی ئاگاداری کۆمپانیای وشە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەسەرەتای بڕیاردانی دروستکردنی لیستەکەدا، بەنیازی بەدەستهێنانی تەنیا 10 کورسی بووین، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو پێشوازییەی کە لەو لیستە کراوە، چاوەڕێی بەدەستهێنانی زیاتر لە 20 کورسی دەکەین".

یەکێتی و پارتی ڕێککەوتنێکی ستراتیژی لەنێوانیاندا هەیە و بارزانی و تالەبانیش پابەندی خۆیان بەو ڕێککەوتنەوە لە دوو هەفتەی ڕابردوودا دووپاتکردەوە کە تەوەری سەرەکییەکەی بەشداری هەردوو حیزبە بە لیستی هاوبەش لە هەڵبژاردنەکاندا. فەرید ئەسەسەرد، بەرپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان، پێیوایە دروستکردنی لیست لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە کاریگەری دەبێت لەسەر هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی "کاریگەری خراپی دەبێت، بەڵام ناگاتە ئاستی هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانییەتییەکە".

چاودێران پێیانوایە لەوانەیە بەهۆی دروستکردنی لیست لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە، پارتی و یەکێتی بە هاوپەیمانێتیەکەیاندا بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بچنەوە، چونکە هەندێ لە بەرپرسانی پارتی پێیانوایە نابێ لەو حاڵەتەدا یەکێتی هێندەی پارتی کورسی پێبدرێت لەو لیستەدا، چونکە بەشێکی دەنگەکانی جەماوەری یەکێتی بۆ لیستی نەوشیروان مستەفا دەچن، کە هێشتا نایەکێتی بوونی خۆی ڕانەگەیاندووە.

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) جەختی لەوە کردەوە کە "تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێک نییە بۆ پێداچوونەوە بە هاوپەیمانێتی نێوان یەکێتی و پارتیدا".

لە دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لەنێوەڕاستی مانگی ڕابردوودا، ئەوە خرایەڕوو کە هەردوو حیزب بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکەن.

ڕۆژی 2009/3/13، هەر یەک لە فازڵ میرانی و محەممەدی مەلا قادر، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی سەردانی مام جەلالیان کرد لە سلێمانی. بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، مام جەلال چەند جارێک لەو دانیشتنەدا جەختی لەسەر پتەوی و چارەنووسسازی هاوپەیمانێتی نێوان یەکێتی و پارتی کردووەتەوە.

محەممەد مەلا قادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "تاوەکو ئێستا هیچ باسێک نییە بۆ پێداچوونەوە بەرێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی، گوایە ئەوان خۆیان شتێکی وایان لەبەردەست بووە بۆ باسکردن، بەڵام هیچ شتێکی وا لەنێوانماندا باس نەکراوە".

محەممەد مەلا قادر، لەو باوەڕەدانییە دروستکردنی لیست لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە کار لەپەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی بکات و گوتیشی" لە ئەگەری دروستکردنی ئەو لیستەشدا، هەڵوێستمان ناگۆڕێت بەرامبەر بە یەکێتی، ئێستاش بڕیاری کۆتاییمان ئەوەیە لەگەڵ یەکێتی بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەین".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی ئەو دەنگۆیەشی ڕەتکردەوە کە گوایە لە ئەگەری دروستکردنی لیست لەلایەن نەوشیروان مەستەفاوە، پارتی بە قەد ژمارەی ئەو کورسییانەی نەوشیروان دەیهێنێت، لەپشکی یەکێتی کەمدەکاتەوە "بەهەمان شێوەی پێشوو هاوپشک دەبین لەپەرلەماندا، بەڵام ئەو بابەتە تاوەکو ئێستا بە تەواوی دیراسە نەکراوە".

بەپێچەوانەی بۆچوونی چاودێرانی سیاسی، محەممەد مەلا قادر، دروستکردنی لیست لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە بەگرفت نازانێت "ئەگەر نەوشیروان مستەفا لیستی خۆی دروست بکات، لەگەڵ یەکێتیدا دیراسەتی ئەو بابەتە دەکەین و دڵنیاین ئەویش نابێتە گرفت و چارەسەر دەبێت".

محەممەد مەلاقادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، گوتیشی بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتی نابێت جگە لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان هیچ کادیرێکی ئەو دوو حیزبە لیستی دیکە دروستبکەن" لە دوا کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتیدا لە دووکان، کە مام جەلال سەرپەرشتیکرد، بڕیاری قەتعی ئەوەبوو کە یەکێتی و پارتی تەنیا بەیەک لیست دابەزن، کە لیستی هاوپەیمانی کوردستانەو ئێستاش هەمان بڕیار هەیە".

هەرچەندە عیماد ئەحمەد دەڵێت ئێستا هیچ بڕیارێک نییە بۆ یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی نەوشیروان مستەفا، بەڵام محەممەد مەلا قادر دەڵێت "یەکێتی قەزییەی خۆی لەگەڵ ئەو کەسانەدا یەکلا دەکاتەوە کە لیست دروستدەکەن و مام جەلال گوتی: ئەوەی لەئێمە داببڕێت و لیست دروست بکات لە ئێمە نییە".

## محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی کۆمپانیای وشە:

# بەناوی نەوشیروان مستەفاوە دەڵێم بەلیستێکی جیاوازەوە بەشداری هەڵبژاردن دەکەین



**گفتوگۆکان لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دا، زۆر لەسەر لیستی کراوەو داخراو وەستان، کە دواتر ئەوەی دواییان بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ئەندامی دەست لەکارکێشاوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی کۆمپانیای وشەیە، جیاواز لە لێدوانەکانی یەکێتی و پارتی کە دەڵێن هێشتا دیار نییە نەوشیروان مستەفا لیستی دەبێ بۆ هەڵبژاردنەکان یان نا، بەناوی نەوشیروان مستەفاوە دەڵێ لیستمان دەبێ و بە لیستێکی جیاواز جگە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان و پەرلەمانی عێراقیش دەکەن.**

**ڕووداو: چ تێبینییەکتان لەسەر یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەیە؟**

**محەممەد تۆفیق:** بڕیاریانداوە بەلیستی داخراو بێت، من پێمخۆشە بەلیستی کراوە بێت، بەڵام ئەوە بڕیاری پەرلەمانە.

**ڕووداو: ئەو یاسایە هیچ ڕێگرییەکی تێدایە بۆ ئازادی لیست دروستکردن؟**

**محەممەد تۆفیق:** نەخێر.

**ڕووداو: لە دوای دەرچوونی یاسایەکە بەوشێوەیە هەرسوورن لەسەر دروستکردنی لیست و بەشداریکردن لە هەڵبژاردن؟**

**محەممەد تۆفیق:** هەڵبژاردن بەهەر شێوەیەک بکرێت، ئێمە بەشدار دەبین جا کراوەبێت یان داخراو.

**ڕووداو: ئێوە وەک لیست تەنیا بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکەن، یاخود بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکانیش دەکەن لە هەرێمی کوردستان، کە وێدەچێ پێکەوە ئەنجامبدرێن؟**

**محەممەد تۆفیق:** بەشداری هەموو هەڵبژاردنێک دەکەین.

**ڕووداو: ئەی بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن بە لیستی سەربەخۆ؟**

**محەممەد تۆفیق:** بەشداری پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانیش دەکەین.

**ڕووداو: ئامادەن بۆ پەرلەمانی کوردستان ئیئتیلاف لەگەڵ لیستی پارتی و یەکێتی بکەن؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئیئتیلاف لەگەڵ هیچ لایەنێکدا ناکەین و وەک لیستێکی جیاواز بەشدار دەبین.

**ڕووداو: عومەری سەید عەلی و جەلال جەوهەر لەلیستەکەی ئێوەدا بەشدار دەبن؟**

**محەممەد تۆفیق:** لەخۆیان بپرسن، ئەوانە دۆستی ئێمەن و لەهەموو ڕوویەوەکەوە لەئێمەوە نزیکن.

**ڕووداو: لە ڕاگەیاندن دا باسی هاوپەیمانێتی نێوان ئێوەو جەوهەر نامق دەکرێ، ئایا لەو بارەوە هیچ گفتوگۆیەکتان لەگەڵ جەوهەر نامق هەبووە؟**

**محەممەد تۆفیق:** هیچ گفتوگۆیەکمان نەکردووە، بەڵام بیروبۆچونەکانمان لەیەکترەوە نزیکن. بەڵام هیچ شتێک بەدیاریکراوی باس نەکراوە.

**ڕووداو: مەسعودساڵەیی، ئەندامی مەکتەبی**

### بیروبۆچونەکانمان لەگەڵ جەوهەر نامق دا لەیەکترەوە نزیکن

**سیاسی پارتی لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری لڤین، دەڵێ ئێمە حەزدەکەین نەوشیروان لیستی نەبێ و یەکێتی بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردن بکات، بۆچی ئێوە هێشتا بەشێکی یەکێتین؟**

**محەممەد تۆفیق:** هەرکەسەو ویستی خۆی هەیە و مەسعود ساڵەییش ئازادە ویستی خۆی هەبێت.

**ڕووداو: مەسعود ساڵەیی دەڵێ جەوهەر نامق هێشتا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییە، نەوشیروان مستەفاش هێشتا سەرکردەیەکی یەکێتییە، لەوحاڵەتەدا نابینن پێش هەڵبژاردن ئەو دوو کەسە دەبێ خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ خەڵک بە ڕاگەیاندنێکی ئاشکرا؟**

**محەممەد تۆفیق:** دەتوانم بەناوی خۆمان و کاک نەوشیروانەوە ئەوە بڵێم کە بەلیستێکی جیاواز دادەبەزین.

**ڕووداو: محەممەدی مەلا قادر، دەڵێت مام جەلال پێیگوتوین ئەوەی لەیەکێتیدا لیست دروست بکات لەئێمە نییە؟**

**محەممەد تۆفیق:** ئەوەی ئێمە لیستێکی جیاوازەو پەیوەندی بەیەکێتی و هیچ حیزبێکی دیکەوە نییە.

**ڕووداو: دەگوترێ کاک نەوشیروان هەوڵدەدات هەندێ لیستی دیکە بەنێوی گەنجانەوە دروستبکات، ڕاستە؟**

**محەممەد تۆفیق:** ڕاست نییە، تەنیا یەک لیستی خۆمانمان هەیە.



# کۆنگرێسمانێکی ئەمریکی داوا لە سەرکردەکانی کورد دەکات شەڕی گەندەڵی بکەن

**ڕووداو-ئەمریکا**

دوو ئەندامی کۆنگریسی ئەمریکا لە ساڵیادی 21 ساڵەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، لە ڕۆژی 2009/3/16 وتاریان ئاراستەی کۆنگرێسی ئەمریکا کرد کە لە تۆمارنامەی کۆڕی پەرلەمانی ئەمەریکا لە یادەوەری کارەساتی هەڵەبجەدا هاتوون و داوادەکەن وەک "تاوانی جینۆساید" سەیری کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بکرێ. ئەوەش لە تۆمارنامەی کۆڕی کۆنگرێسی ئەمریکا لە 16ی ئەو مانگەدا تۆمارکراون.

سیناتۆر جۆ لیبرمان Joe Lieberman، لە وتارەکەیدا باسی چۆنیەتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە دەکات و دەڵێ "لە ماوەی 3 ڕۆژدا دەیان هەزار قوربانی کەوتنە بەر مەترسی گازی خەردەلەوە کە دەبێتە هۆی سووتان و گۆرانی بنچینەیی DNA و شێوان وشێرپەنجە. هەروەها گازی سارین کە دەبێتە هۆی مردن، ئیفلیج بوون و لەکار خستنی هەمیشەیی کۆئەندامی هەستە دەمارو مێشک".

هەروەها گوتی سەدام تەنیا بە کیمیابارانکردن نەوەستا، بەڵکو لە ماوەی 18 مانگدا لە نێوان 1987-1988 بە هەزاران دێی کوردی وێرانکردو نزیکەی 100 هەزار کوردی بە ناوی پرۆسەکانی ئەنفالەوە کوشت کە بەشی زۆریان مەدەنی بێ چەک بوون کە " بەلانیکەم 40 پەلاماری کیمیاوی بە بەڵگە سەلمێنراوە".

ئەو کۆنگرێسمانە ئاماژە بە نێوەڕکی کتێبێکی Samntha Power کرد بە ناوی (کارەساتێک لە دۆزەخەوە) کە خەڵاتی پۆلیزەر Pulizerی پێوەرگرت. کتێبەکە باسی پەلامارەکانی سەر هەڵەبجە دەکات و بە "ڕاپۆرتی موچڕکاوی" ناوی دەبات، باس دەکات کە چۆن فڕۆکەکان لە ئاسمانەوە گازی ژەهراوییان ڕشتوە.

جۆ لیبرمان، درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت "ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویدا ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە هێشتا شتی وا دڕندانە لە جیهاندا هەیە و ئێمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێ تەنها پارێزگاری لە ئاسایشی خۆمان بکەین، بەڵکو پێویستە بەها مرۆڤایەتییەکان بەرز ڕاگرین و پشتیوانیان لێ بکەین".

ناوبراو وێڕای ئەوەی ئاماژە بەوە دەدات کە ئەمریکا لەکاتی جەنگی عێراق لەسەردەمی ئیدارەی بۆش هەندێ هەنگاوی هەڵەی ناوە، لە هەمانکاتدا دەڵێت "دەبێ بە قووڵی سوپاسگوزاربن کە سەدام حسێن و ڕژێمە دڕندانەکەی نەمان و ڕەوانەی زبڵدانی مێژوو کران. هەموو ئەوانەی کە گومانیان لەوە هەیە کە جیهان بێ سەدام حسێن باشترە با چاوێک بە مێژوودا بخشێنن و بزانن 21 ساڵ لەمەوبەر لەم ڕۆژەدا لە هەڵەبجە چی ڕوویدا".



### دڵنیام کورد لە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی ناوچە کێشەدارەکان سەردەکەون

جۆ لیبەرمان

ئەوەی بەلای ئەو سیناتۆرە ئەمریکییەوە، جێی سەرنجە، وەک خۆی ئاماژەی پێداوە، ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەیە کە لەهەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوو ڕوویداوەو دەڵێت "ئەمڕۆ کوردەکان کوردستانیان دروستکردووەتەوە، شارە گەورە کوردییەکان وەک هەولێر، سلێمانی و دهۆک ئارامترین ناوچەی عێراقن و لە لایەنی ئابوورییەوە زۆر پەرەیان سەندوە"، هەروەها لە ڕستەیەکی سەرنجڕاکێشدا دەڵێ " ئەوان (کورد) باشترین و بەوەفاترین هاوپەیمانی ئەمریکان لە هەر کوێ بن لەم جیهانەدا".

لیبرمان باسی ئەوە دەکات کە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی بکات و شەڕی گەندەڵی بکات "سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان هێشتا لە بەردەم بەرەنگاربوونەوەدان، پێویستیان بەبەردەوامبوونی زیاتری چاکسازی سیاسی و سەربەخۆیی ئابووری هەیە، پێویستە شەڕی گەندەڵی بکەن". لە هەمانکاتدا باسی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان دەکات لەسەر ناوچە دابڕاوەکان و گەشبینە لە ئەنجامەکەی بۆ کوردستان و دەڵێ "ئەوان ئێستا بەردەوام لەگەڵ حکومەتی هەڵبژێردراوی ناوەندا ئیش دەکەن بۆ مسۆگەرکردنی گەڕانەوەی ئاشتیانەو بێ شەڕی ئەو ناوچانەی مشتومڕیان لە سەرە بۆ سەر هەرێمەکەیان و، من دڵنیام لە سەرکەوتنیان".

ئەو پێیوایە "لەوانەیە یەکێک لە سەیرترین وەرچەرخانی مێژوویی و مەزنترین دادپەروەری لەم کاتەی ئێستادا ئەوەبێ کە سەدام حسێن ئەو زاڵمە بەدڕەوشتە کە فەرمانی کۆمەڵکوژی بۆ دەیان هەزار کورد دەرکرد، ئێستا، هاوڕێی مەزنی ئەمریکا جەلال تاڵەبانی جێی گرتووەتەوە. ئەمە شتێکە کە ئەوانەی لە هەڵەبجە ڕزگاریان بوو 21 ساڵ لەمەبەر هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەدەهات".



### پێویستە کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال وەک جینۆساید دانیان پێدابنرێ

هاوارد بیرمان

هاوارد بیرمان Howard Berman ئەندامی ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، ئەویش لە وتارەکەیدا، بە هەمان شێوەی جۆ لبیرمان تیشکی خستووەتە سەر تاوانەکەو دەڵێ "هەڵەبجە تاکە شوێن نییە کە سەدام چەکی کیمیاوی تێدا بە کارهێناوە، بەڵکو لە هێرشێکی گەورەی سەربازی کە ناوی نابوو ئەنفال 180،000 کەس کوژران، چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی دژی 250 ناوچەی کوردنشین بە کارهاتووە".

ناوبراو ڕەخنە لە لەسێدارەدانی سەدام حوسێن دەگرێ کە لەسەر کوژرانی 148 عەرەبی شیعە لە دێی دوجەیل لەسێدارەدرا، چونکە یاسای نوێی عێراقی لەوبوارەدا ئەوە پێویست دەکات، بەڵام ئەو پێیوایە دەبوایە لەسەر ئەو تاوانە گەورانەی دژی کورد ئەنجامیداون دادگایی بکرێت و دەڵێ "خێرا لە لەسێدارەدانی سەدام کردەوەیەکی زاڵمانەبوو بەرامبەر ئەوانەی بە دڕندەیی کوژران، یان ئیفلیج بوون".

هاوارد بیرمان داوا لە گەلانی جیهان دەکات کە هێرشەکانی ئەنفال و قەسابخانەکەی هەڵەبجە لە ئاستی جیهانیدا وەک جینۆساید دانیان پێدابنرێت و دەڵێ "جیهان پێویستە تەنها بیر لەو کەسانە نەکاتەوە کە لە نێوچوون، بەڵکو یارمەتی ئەو کەسانەش بدرێ کە تا ئێستا بە دەست ئەو کارەساتەوە دەناڵێنن".

# ڕیپۆرتاژ



## ناوی کوردستان
### لە پەرلەمانتارانی کوردستان قەدەخە دەکرێ

ڕووداو-هەولێر

شاندێکی پەرلەمانی کوردستان کە لە پێنج پەرلەمانتاری ژن پێکهاتبوون، بەشداری ئاهەنگەکانی 8ی مارسیان کرد لە دیاربەکر، پەیامنێری کەناڵی TRT6ی کوردی دەوڵەتی تورکیا، لەکاتی وەرگرتنی لێدوانەکانیان مەرجی ئەوەی بۆ دانان کەناوی کوردستان لەقسەکانیاندا نەهێنن چونکە ئەوان هەر دەبیرن، پەرلەمانتار شیرین عەبدلرەحمان دینۆ، کە یەکێکبوو لە ئەندامانی شاندەکە، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی"پێیانگوتین باشترە بڵێن ئێمە کوردی عێراقین، نەک ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ناوی کوردستانم هێنا، چونکە نەدەکرا ناوی کوردستان نەهێنین". هەروەها گوتیشی "پێم سەیرە تورکیا کەناڵی کوردی بۆ کوردان دەکاتەوەو وشەی کوردستانیش لە کەناڵەکە قەدەخە دەکات، بەڕاستی ئەوە ئەوپەڕی دووڕوویییە".



## مەسعودساڵەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی:

# لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا لیست دروستکردنی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ یەکێتی باسدەکەین

**مەسعود ساڵەیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایدەگەیێنێت کە لەگەڵ یەکێتیدا لەبارەی وردەکارییەکانی بەشداریکردن لەهەڵبژاردن کۆدەبنەوە، لەو چوارچێوەیەشدا باس لە لیست دروستکردنی نەوشیروان مستەفا دەکەن و، پێشیوانییە جەوهەر نامق لیست دروستبکات، چونکە هێشتا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییە و دەستی لەکار نەکێشاوەتەوە :**

**هەڤپەیڤین: عەلی حەمەساڵح**

**ڕووداو: هیچ بڕیارێک هەیە بۆ پێداچوونەوە بە هاوپەیمانییەکەتاندا لەگەڵ یەکێتی، پاش دروستکردنی لیست لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە؟**

**مەسعود ساڵەیی:** ئەم بابەتە پێویستی بە باسکردنێکی پێشەکی هەیە لەگەڵ هاوپەیمانی خۆمان کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە. تائێستاش ئەوەمان بۆ ساخ نەبووەتەوە کە کاک نەوشیروان لیست دروست دەکات.

**ڕووداو: بەڵام محەممەد تۆفیق ڕەحیم، بەناوی نەوشیروان مستەفاشەوە ڕایدەگەیێنێت کە لیست دروستدەکەن؟**

**مەسعود ساڵەیی:** ئێستا ئەو برادەرە ئەوە ڕادەگەیێنێت، لە دانیشتنەکانی داهاتوودا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسەر بابەتی هەڵبژاردنی داهاتوو بەدرێژی لەسەر وردەکارییەکان گفتوگۆ دەکەین و لەچوارچێوەی ئەوەش دەکرێت باسی ئەو لیستەکەی کاک نەوشیروان بکرێت.

**ڕووداو: ئەگەر نەوشیروان لیست دروستبکات، پێداچوونەوە بە ڕێژەی کورسییەکانتان لەپەرلەماندا دەکەن لەگەڵ یەکێتی؟**

**مەسعود ساڵەیی:** لەگەڵ برایانمان لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی هەموو لایەنەکانی ئەم بابەتە باسدەکەین، هەرچەندە تۆ دەڵێی بەقەتعی گوتوویانە لیست دروستدەکەن، بەڵام وەکو پارتی بەفەرمی لەوبارەوە نە لەلای برایانی یەکێتی و نە لە شوێنی دیکەوە هیچمان پێنەگەیشتووە، کە بڵێن لیستی دروستکردووە. بەپلەی یەکەم یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێیەوە مەعنییە، ئێمەش لەم بابەتەدا شەریکی ئەوانین و پێکەوە لێی دەکۆڵینەوە.

**ڕووداو: هەواڵی دروستکردنی لیست لەلایەن جەوهەر نامقەوە تاچەند دروستە؟**

**مەسعود ساڵەیی:** باوەڕناکەم لیست دروستبکات. کاک جەوهەر هێشتا خۆی باسی ئەمەی نەکردووە، کاک جەوهەر پێشووتر سکرتێری مەکتەبی سیاسی بووەو ئێستا سیفەتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیمانی هەر ماوە.

**ڕووداو: ئەگەر دروستیکرد هەڵوێستتان چی دەبێت؟**

**مەسعود ساڵەیی:** خۆم زۆر موقتەنیع نیم، بەڵام ئەوە دەمێنێتەوە بۆ کاتێک لیستی دروستکرد (لكل حادث حديث).

**ڕووداو: هەندێک دەڵێن جەوهەر نامق دەستی لەکارکێشاوەتەوە، ئەوە ڕاستە یان نا، ئایا لەسەرکردایەتی پارتی باسی ئەوە کراوە؟**

**مەسعود ساڵەیی:** تاوەکو ئێستا بەڕێز کاک جەوهەر دەستی لە کار نە کێشاوەتەوە،

**پارتی جەوهەر نامیق بە عونسرێکی بنچینەیی سەرکردایەتی خۆی دادەنێت**

هەر برادەرێک سروشتی خۆی هەیەو پارتی بۆ حاڵەتی وا دووربینەو بواری زۆر داوەو، بابەتی وازهێنان نە باسکراوەو نە خۆی باسیکردووە، بەشێوەی فەرمی شتی وانەبووە.

**ڕووداو: کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێ و لەماڵەوە دانیشتبێ بە حاڵەتێکی ئاسایی دەبینی؟**

**مەسعود ساڵەیی:** نەخێر، کاک جەوهەر بە هەڤاڵێکی تێکۆشەری پارتی دەزانین و خەباتێکی زۆری هەیە لە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، جگە لە مەش کەسێکی لێهاتو و بووە، ئێمە خوازیاری ئەوەین ئەو ڕۆڵ و کارایییەی کە هەیبوو لەسەری بەردوامبووایە، بەڵام هەر مرۆڤێک بیرکردنەوەو تایبەتمەندی خۆی هەیەو کێشەی خۆی لە هەموو کەس باشتر دەزانێت.

**ڕووداو: تەمەننای گەڕانەوەی جەهەر نامق دەکەن؟**

**مەسعود ساڵەیی:** وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان، تەمەننا دەکەین کاک جەوهەر بەردەوام بێت، هەموو هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی ڕێزیان بۆ کاک جەوهەر هەیە و تەمەننای ئەوەشمان دەکرد، لەو کاروانە دووروردرێژەدا بەردەوام بووایە.

**ڕووداو: هیچ هەوڵێک هەیە بۆ گەڕاندنەوەی؟**

**مەسعود ساڵەیی:** بابەتەکە هەوڵ نییەو ئەو شتە بۆخۆی دەگەڕێتەوە. پارتی کاک جەوهەر بە عونسورێکی سەرکردایەتی بنچینەیی خۆی زانیوەو دەزانێت. کێشەکە کێشەی شەخسی خۆیەتی، خۆی دەتوانێت بڕیار بدات.

# کوردستان ئەنقەرەی داگیرکرد

**فورات کەلەکچی**
**ڕووداو-هەولێر**

بەکارهێنانی ناوی کوردستان لەلایەن عەبدوڵڵا گیول، سەرۆک کۆماری تورکیا لەنێو فڕۆکەدا بەرێگەوە بەرەو بەغدا، گفتوگۆو کێشەکێشێکی سیاسی دروستکرد و هەموو ڕۆژنامەکانی داگیرکرد.

ڕۆژی 2009/3/23 عەبدوڵڵا گیول، سەردانی عێراقی کرد و لەگەڵ سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانی عێرا و کوردستان کۆبووەوە. لە کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکاندا باس لە پرسی PKKیش کرا. بەڵام کۆبوونەوەکان و پەیوەندییەکان بە قەد دەستەواژەی "هەرێمی کوردستان" بەلای ڕۆژنامەکانی تورکیاوە گرنگ نەبوون، کە لە زاری گیول هاتە دەرەوە، هەرچەندە بەپێی هەندێ لە ڕۆژنامەکان گیول گوتی ئەو ناوەم بەکارنەهێناوە، بەڵام ئەوە ناوێکی دەستوورییە و لە دەستووری عێراق دا هاتووە.

هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی تورکیا ئەو لێدوانەی گیولیان بە هەنگاوێکی مێژوویی وەسفکرد. ڕۆژنامەنووسانی کوردیش دەڵێن ئەوە مانای ئەوەیە تورکیا دان بەهەرێمی کوردستان دەنێت.

محەممەد عەلی بیراند، کە یەکێکبوو لەو ڕۆژنامەنووسانەی لەگەڵ گیول هاتە بەغدا، دەڵێت "دیپلۆماسانی تورکیا بە دڵشادی باسیان لەو هەنگاوەی گیول دەکردو لێی تێرنەدەبوون".

گیول دوای گەڕانەوەی بۆ تورکیا حاشای لەوە کرد دەستەواژەی هەرێمی کوردستانی بەکارهێنابێ، بیراند لەو بارەیەوە دەڵێت "لەو باوەڕەدام لەبەر کاردانەوەی تورکیا بەر لە هەڵبژاردن، گیول حاشای لەو قسەیە کردبێ، بەمە سەرسام بووم، خۆزگە قەت باسی لەبەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستان، نەدەکرد یان خۆی نەگەیاندبایە ئەو ئاستەی نکۆڵی لێبکات". بەڵام حەسەن جەماڵ، کە ئەویش هاوڕێی گیول بوو لەسەردانەکەی شتێکی جیاواز دەڵێ "دەستەواژەی هەرێمی کوردستانی عێراق و کوردستان لە دەمی گیول نەهاتووەتە دەر".

ڕۆژنامەنووسانی کورد بە ئەرێنییەوە سەیری ئەو هەنگاوەی گیول دەکەن، هاشم سۆیلەماز، کە ڕۆژنامەنووسێکی کوردەو بۆ گۆڤاری ئاکسیۆنی تورکی دەنووسێ، بۆ (ڕووداو) گوتی "زۆر گرنگە کە کەسێکی وەکو سەرۆک کۆمار بڵێ کوردستان، ئەو قسە مانای وایە تورکیا بەفەرمی دان بەهەرێمی کوردستان دادەنێت".

دوای سەردانەکەی گیول بۆ عێراق، دەستەواژەی "هەرێمی کوردستان" لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی تورکیای داگیرکرد. ڕۆژنامەنووس ئەمرە ئاکۆز، لە گۆشەیەکی دیکەوە سەیری مەسەلەکە دەکات "لەمەو پێش بڕیارم دا خۆم لەسەر دەستەواژەی کوردستان ڕابێنم. کاتێک لەسەر کۆنفرانسی ئابانت لەهەولێر نووسیم گوتم: لەمەولا پێویستە خۆمان لەگەڵ ئەو دەستەواژەیە ڕابێنین"، هەروەها دەڵێت "ئیتر هێڵی سووری تورکیا نەما. تورکیا بە بێ گومانکردن لە پارچەبوون، هاوکاری کوردی عێراق دەکات. لەو ناوەدا کێشەکانی لەگەڵ کوردانی ناو سنوورەکەی چارەسەر دەکات".

ڕۆژنامەوان ئیسماعیل کوچوک کایا، بە سەرسوڕمانەوە باس لەو بادانەوەی گیول دەکات و دەڵێت "جێی سەرنجە گفتوگۆ لەسەر بەکارنەهێنانی دەستەواژەی کوردستان دەکرێ"، هەروەها گوتیشی "ئەگەر سەرۆک کۆمار ئەو دەستەواژەیەشی نەگوتبێ، سەردان و قسەکانی، مانای وایە ئەنقەرە بەشێوەیەکی بەرفراوان سیاسەتی خۆی بەرامبەر عێراق گۆڕیوە".

کچەنووسەر و ڕۆشەنبیری کورد بەژان ماتوڕ. لەو بارەیەوە گوتی "تورکیا لەنێوان دەستەواژەی باکووری عێراق و کوردستان عاسیبووە، بەکارهێنانی کوردستان لەلایەن سەرۆک کۆمار بۆ نەهێشتنی ئەو ڕەوشە دەروونییەی لەتورکیا بەردەوامە، گرنگە".

ماتوڕ، بۆ (ڕووداو) گوتیشی "ئێمە نازانین گیول چی گوتووەو چی نەگوتووە، ئەنجامەکان ناگۆڕێن. هەر چۆنێک بێ تیر لەکەوان هاتە دەرەوەو لەتورکیا، بۆ یەکەم جار سەرۆک کۆمارێک دەستەواژەی کوردستانی بەکارهێنا".



## گیول نەیگوت کوردستان

حەسەن جەمال

ئۆکای گۆنەنسین گۆشە نوس لە ڕۆژنامەی (وەتەن)ی تورکی لە گوتارەکەی بەناونیشانی (بەڵێ ئێرە کوردستانە) دەڵێ "بەکارهێنانی هەرێمی فیدرالی کوردستان لەلایەن سەرۆک کۆمار گیول، بووە هۆی کاردانەوەی جیاواز".

کچە ڕۆژنامەنووسی کورد ئیسڕا چیفتچی



## با گوتی کوردستان

محەممەد عەلی بیراند

کە بە گوتارە ڕەخنەیەکانی بەناوبانگە بۆ (ڕووداو) دەڵێ، نکۆڵی کردنی گیول لەبەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە، ڕەوشێکی پێکەنیناوی و تراژیدیە "ئێستا ئەگەر هەر سەرۆک کۆمارێک سەردان تورکیا بکات و بڵێ ئێرە ئەفریقیایە نابێت".

# هەڵەبجە ئەو شارەی بەرپرسەکان ساڵانە بەڵێنی گەورەی پێدەدەن

## هەڵەبجەییەکان زۆر ڕقیان بەرامبەر ڕژێمی سەدام حوسێن هەیە بەڵام خۆشەویستییەکی زۆریشیان بۆ دەسەڵاتی کوردی نییە

**میت درۆزن- هەڵەبجە**

بیست و یەک ساڵ لە دوای مێژووی پڕ لە ئازارو چەوسانەوەی هەڵەبجە، هێشتا کاریگەرییەکانی یەکێک لە ڕۆژە ناخۆشەکان لە چاوە بێئومێدەکان و کێڵگە هەڵواسراوەکان و لاشە بریندارەکان بەڕوونی بەدیدەکرێت.

ڕۆژی 2009/3/16 خەڵکی هەڵەبجە سەردانی گۆڕی خزم و کەسە قوربانییەکانیان کرد، زۆربەیان خاوەنی گۆڕێک یان دووانن، بە ئاستەم خێزانێک دەدۆزییەوە قوربانییەکی نەبێت. ئەوان بە هێواشی دەگریان و بەشێوەیەک سەیری ئاسمانیان دەکرد وەکو ئەوەی بڵێی هێشتا بڕوایان بە چارەنووسی خۆیان نەکردبێت.

خەدیجە محەممەد، کە بۆ سەردانیکردنی گۆڕی حەوت منداڵەکەی هاتبوو کە لەو گۆڕستانە نێژراون، باوەشی بە گۆڕەکاندا دەکردو دەگریاو چاوەکانی خۆی دەسڕیەوە، گوتی "ماوەی 21 ساڵە ئێمە هەموو ڕۆژێک ئازار دەچێژین".

هەروەکو لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکەو ڕۆژنامەنوسان تۆمارکراوە، قوربانییەکانی بۆمبارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی سەددام حوسێنەوە بە 1988/3/16 لەسەر شەقامەکان و لە مزگەوتەکان و لەباوەشی باوانەکانیان مردن. هەندێک لەوانەی بەخت یاوەریان بوو بەسەر لاشەی ئەو دراوسێیانەیان دا ڕۆیشتن کە لەسەر شەقامە پیسەکانی شارەکە کەوتبوون.

### سڕبوونی کات

هەڵەبجە شاری مۆنۆمێنتە رووگرژەکانە. ئەگەر ماوەی پێنج خولەک بۆ هەر لایەک بڕۆیت ئەو شتانە دەبینی کە 16 ی ئادارت بیردەهێننەوە. بەجۆرێک لە جۆرەکان خەڵکی هەڵەبجە دیلی دەستی ڕابردووی خۆیانن. ساڵێ جارێک بەرپرسان وسیاسەتکاران قسەیان بۆ دەکەن و دەڵێن "جارێکیتر ئەوە ڕوونادادەتەوە"و، بەڵێنی گەورەی بنیادنانەوەو ئاوەدانکردنەوەیان پێدەدەن. لەنێوان ساڵیادەکانی ئەو کارەساتەدا، خەڵکی هەڵەبجە بەهۆی کاریگەری چەکە کیمیاییەکان و هەندێکیشیان بەهۆی خەم و خەفەتەوە تووشی نەخۆشی و وشکبوون دەبن.

هەژاری لە هەڵەبجە زۆر بەربڵاوو بێسنوورە، زۆر لە دانیشتوانی بە نائومێدییەوە لە خانووی زۆر سادەو سەرەتاییدا دەژین. شوێنەواری خراپی بارودۆخی دەروونی زۆریان پێوەدیارە و، زۆر بە کەمی چارەسەریشیان بۆ دەکرێت.

هەرچەندە لێکۆڵینەوەی دەستەی ئەندازیاران لە سوپای ئەمریکا پیشانیداوە کە ئێستا خاکی ناوچەکە سەلامەتە، کەچی تائێستاش هەندێک لە جووتیارەکان ترسیان هەیە لەگەڕانەوە بۆ سەر زەویەکانیان، چونکە پێیانوایە هێشتا زەویەکانیان ژەهراوین بەهۆی گازی کیمیاییەوە. ئەوەش مەترسی لەناوچوون و وێرانبوونی ئابووری شارێکی لێدەکرێت کە کەوتووەتە سەر یەکێک لە بەپیتترین ناوچەکانی عێراق.

دانیشتووانی هەڵەبجە دەڵێن شارەکەیان بەپێی پێویست قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و خانووی گوونجاو و ڕێکوپێکی تێدا نییە. مەنسور حەمە شەریف، کە پاسەوانێکی سنوورەو خوشکێک و دوو خوشکەزاو برایەکی خێزانەکەی بوونەتە قوربانی لەکاتی هێرشی کیمیایی بۆ سەر شاری هەڵەبجە دەڵێت گەنجانی هەڵەبجە شارەکە بەجێدێڵن، چونکە هیچ داهاتووێک لە هەڵەبجە نابینین. ژمارەی دانیشتوانی شارەکە روو لەکەمبوونە.

نەزیرە محەممەد وەستا شەریف بە تەنها بەدیار وێنەی هەرسێ کوڕەکەی کە تەمەنیان لەنێوان 3 تا 18 ساڵان بوو کە لەسەر کێڵە قەبرێکی سادە درابوو دانیشتبوو. ئەو سێ کوڕەی نەزیرە لە هێرشە کیمیاییەکە لەناوچووبوون و لەهەمانکاتدا مێردەکەشی تووشی ئیفلیجی و مێشکی تووشی تێکچوونێکی سەخت ببوو. مێردەکەی نەزیرە توانای ئەوەی نەمابوو تەنانەت خێزانەکەشی بناسێتەوە.

شوێنی چەندین برین بە لاشەی نەزیرە محەممەدەوە دیارە کە دەرەنجامی هێرشەکەیە، هەروەها بەردەوامیش چاودێری مێردە پەککەوتەکەی دەکات. کەچی نەزیرەی تەمەن پەنجا ساڵ مانگانە بڕی 250 دۆلار وەکو قەرەبوو وەردەگرێت.



نەزیرە محەممەد کە سێ کوڕی لەدەستداوە و هاوسەرەکەشی لە ئەنجامی کیمیاباران لە ماڵ کەوتووە، مانگانە تەنها 250 دۆلار وەردەگرێت

### گرژی وتووڕەیی بەردەوامە

بێگومان هێشتا لەو شارە ڕقێکی زۆر بەرامبەر بە ڕژێمی سەدام حوسێن هەیە. لە دەروازەی شارەکە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی نووسراوە "بەعسییەکان بۆیان نییە بێنە ژوورەوە". بەڵام لە هەمانکاتیشداهەڵەبجەییەکان خۆشەویستییەکی زۆریشیان بۆ دەسەڵاتی کوردی نییە.

لەنێو لێدوانە سواوەکانی بەرپرسەکان لەکاتی بەڕێوەچونی ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، چەپڵەیەکی زۆر بۆ یەکێک لە قوربانیەکانی هێرشی کیمیایی لێدرا کاتێک هوتافی دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێداو گوتی پێویستە خەڵکی هەڵەبجە خۆیان گرنگی بەخۆیان بدەن. ئەو قوربانییە بە هەڵبڕینی پەنجەوە گوتی "ئێمە چاوەڕوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکەین پێمان بڵێت حکومەتی عێراق یارمەتیتان دەدات".

دوو ساڵ لەمەوبەر تووڕەیی باڵی بەسەر ئەو شارەدا کێشاو خەڵکی شارەکە مۆنۆمێنتی هەڵەبجەیان سووتاند کە هێمایەکی هێرشی کیمیابارانکردنی شارەکە بوو. ڕۆژی2009/3/16 مۆنۆمێنتێکی نوێ، دوو دەست کە ڕووەو ئاسمان یەکیان گرتووە، لەگەڵ مۆزەخانەیەک کرایەوە. کیشوەر مەولود، ڕێنیشاندەری مۆزەخانەکە گوتی "ئەوە هێمای ئەو خەڵکانەیە کە لێرە کوژران، دەمانەوێت لەبەر دیدەنی خەڵک بن".

جیم لاوسن، جەنەراڵێکی سوپای ئەمریکایە، کە ڕۆژی2009/3/16 لەگەڵ چەندین سەربازی دیکەی ئەمریکی ئامادەی ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بوو دەڵێت نیگەرانی وترس لە دووبارەبوونەوەی ڕابردوو لەنێو کوردەکانی عێراق دا زۆر بڵاوە، بەڵام لەوانەیە هیچ شوێنێک بەقەد هەڵەبجە نیگەرانی و خەمناکی پێوە دیار نەبێت. لاوسن دەڵێت "نازانین چی بڵێین کاتێک ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانە دەبینەوە : ئێوە بەجێمان ناهێڵن وانییە؟ ئێوە لەگەڵ ئێمە دەمێننەوە وانییە؟ تۆ تەنها دەتوانی سەرت بهەژێنی و بڵێی نازانم لە داهاتوودا چی ڕوودەدات".

**لە ماڵپەڕی Stars and Stripes ی ئەمریکییەوە**
**18ی ئادار 2009**



## چاوی ئەورووپا لەسەر هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیایە

رووداو - دیاربەکر

**فەلەکناز ئوجا، ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا رایگەیاند، کە ئەورووپا چاوەڕێی ئەنجامی هەڵبژاردنە هەرێمییەکانی تورکیا دەکات. ناوبراو کە بەر لە هەڵبژاردن سەردانی نووسینگەی هەڵبژاردنەکانی DTPی لەشاری سێرت کرد گوتی "من لە ئەورووپا هاتووم، چاوی هەموو ئەورووپا لەسەر هەڵبژاردنەکانی 29 ئادارە. وڵاتانی ئەورووپا هەوڵدەدەن هێزی کورد و DTP بناسن. ئەگەر DTP لەهەڵبژاردنەکان سەرکەوتن بەدەستبێنێ، ئەو کات بۆ چارەسەری پرسی کورد وەکو موخاتەب دەستنیشان دەکرێت".**



# بردنەوەی DTP حسابەتەکانی باکووری کوردستان دەگۆڕێت

**هێمن خۆشناو**
**رووداو–هەولێر**

زۆربەی راپرسییەکان دەریدەخەن، کە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، لە ناوچەکانی کوردستان سەردەکەوێت. چاودێرانیش پێیانوایە ئەو سەرکەوتنە دەوڵەتی تورکیا ناچار دەکات کە گفتوگۆ لەگەڵ DTPبکات وەک نوێنەری کورد بۆ چارەسەری کێشەی کورد، هەروەها ئەمریکاش چیتر DTP پشتگوێ ناخات.

بەگوێرەی راپرسییەکان DTP لە هەڵبژاردنەکانی 2009/3/29داشارەوانییەکانی 10 شار و زیاتر لە 70 قەزاو ناحیە سەرکەوتن بەدەستدێنێ، لەوانەش شارەوانی دیاربەکر کە ناوەندی باکووری کوردستانە. بەڵام ئەگەر DTP لەبەرامبەر پارتی دەسەڵاتدار (پارتی داد و گەشەپێدان AKP) بدۆڕێت لە باکووری کوردستان، کە تاکە رکابەریەتی لەو ناوچانەدا، ئەوا زیاتر پەراوێزدەخرێ لە رووی سیاسییەوە.

مەزهەر باغلی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەبواری کۆمەڵناسی لە زانکۆی دیجلەی ئەنقەرە، پێیوانییە DTP لەهەرێمە کوردنشینەکان ببێتە پارتی یەکەم، لە هەمانکاتیشدا پێیوایە چارەسەری پرسی کورد پەیوەست نییە بە سەرکەوتنی DTP لەو هەڵبژاردنەدا و لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "DTP هەرچەند دەنگ بێنێت، ئەگەر پەیوەست نەبێت بە رێساو یاسای پارتە سیاسییەکانەوە، ئەوا وەکو نوێنەری کورد دانی پێدانانرێت".

بەڵام حەسیب قاپلان، ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی DTP بۆچوونەکەی باغلی رەتدەکاتەوەو بۆ (رووداو) گوتی " ئەگەر دەنگەکانمان لە AKP زیاتر بوون، ئەوکات ئەمەریکا و ئەورووپا ناچارن حیسابمان بۆ بکەن وەکو نوێنەری کورد رەفتارمان لەگەڵ بکەن، چونکە دەنگی هەڵبژاردن ئیرادەی میللەتە".

بەڵام مامۆستایەکی دیکەی زانکۆی دیجلە، رایەکی هەستیارتر لە باغلی و قاپلان دێنێتە زمان. د. عەبدولقادر ئۆزمەن دەڵێت" ئەگەر AKP لە هەرێمە کوردنشینەکان دەنگی زۆر بەدەستبێنێ ناتوانین بڵێین ئەو پرۆسەیەی ئێستا رادەوەستێ، بەڵام ئەو چاکسازیانەی بە هەمان خێرایی ئێستا ناکرێن و پرۆسەکە هێور دەبێتەوە"، سەبارەت بە دۆڕان و سەرکەوتنی DTP یش دەڵێ " ئەگەر DTP بدۆڕێ کێشەکە بەتەواوی بێ چارەسەر نامێنێتەوە، بەڵام کەمبوون و زیاتربوونی دەنگەکانی DTP تێڕوانینی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد و دیالۆگ لەگەڵ کورد لە هەموو شوێنەکان، نەک تەنیا بۆ کوردانی نێو تورکیا، دەگۆڕێت".

لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا، بە دەگمەن ئەنجامی راپرسیە پێشوەختەکان راست دەردەچن، چونکە زۆربەی ئەو کەس و لایەنانەی راپرسی ئەنجام دەدەن پەیوەستن بە لایەنێکی سیاسی یان لەسەر راسپاردەی لایەنێکی سیاسی ئەنجامیدەدەن، بۆیە هەندێک لە چاودێران پێیانوایە AKP زۆربەی شارەوانییەکانی باکووری کوردستان دەباتەوە،بەوشێوەیەش چارەسەری کێشەی کورد دوورتر دەکەوێتەوە.

مەزهەر باغلی،جەخت لەوە دەکاتەوە کە AKP بۆ چارەسەری پرسی کورد پەیوەست نابێت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، حکوومەتی AKP لەهەموو هەلومەرجێک هەنگاوی بۆ چارەسەری پرسی کورد ناوەو دەنێت "لەبەر ئەوەی پرسی کورد، پرسێکی تورکیایە AKP بۆ چارەسەری هەنگاو دەنێت"، هەروەها گوتی "زیاتربوونی رێژەی دەنگ بۆ AKP، دەبێتە کارئاسانی بۆ چارەسەری ئەو پرسە".

بەڵام حەسیب قەپلان، پێیوایە ئەگەر AKP زۆرینەی دەنگی کوردان بباتەوە، زیاتر رووەدەکاتە بەرتەسککردنەوەی چالاکییەکانی کورد "AKP حەوت ساڵە لە سەر دەسەڵاتە، ئەگەر لەو ماوەیە هەنگاوی جیدی نەنابن، باوەڕ ناکەم لەمەولاش بینێت".

ئەحمەد تورک، هاوسەرۆکی DTP لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دا، گوتی ئەگەر لەو هەڵبژاردنە دەنگ بە DTP نەدەن ئەوا چارەسەری پرسی کورد ئاڵۆزتر و زۆر زەحمەت دەبێت. ئەو گوتەیەی تورک خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، هەندێکیان وەکو قسەی پێش دۆڕان و هەندێکیشیان بۆ گرنگی کاریگەری ئەو هەڵبژاردنە لەسەر پرسی کورد دەیگەڕێننەوە.

حەسیب قەپلان پێیوایە، کاریگەری ئەو هەڵبژاردنە لەسەر پرسی کورد زۆر گەورەیە "ئەگەر DTP لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان رێژەی دەنگەکانی زیاتر بکات، دەتوانێت کورسییەکانی پەرلەمانیش لەهەڵبژاردنی داهاتوو زیاتر بکات و لە سیاسەت و کاری دیپلۆماسیدا زیاتر چالاکانەتر بجوڵێتەوە، بۆ چارەسەری ئاشتیانە رۆڵی زیاتر دەبێت".

مەزهەر باغلی ئەوقسانەی تورکی وەک ترس لەداهاتوو ناوبردو گوتی "ئەگەر DTP لە هەڵبژاردنی 29 ئادار دەنگەکانی لەدەستبدات، لەئاستی نێودەوڵەتی و بەرامبەر یەکێتی ئەورووپا و کوردستانی عێراق سەنگی لەدەستدەدات، لەبەر ئەوە زۆر کار بۆ بردنەوە دەکەن ".

## DTP لە 59 شارەوانی باکووری کوردستان سەرکەوت

**تایبەت بە رووداو**

بەنگی یەڵدز، ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی DTP، شەوی رابردوو2009/3/29 لە پەیوەندییەکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی شارەوانییەکاندا نزیکەی 80 شارەوانیمان لە باکووری کوردستان بردەوە". بەڵام بەپێی ئاماری دەزگەی گشتی هەڵبژاردنی تورکیا، تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە کە 75% ی دەنگەکان لێک جیاکرابوونەوە، پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTP، لە 8 پارێزگەو 51 شارو شارۆچکە، سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

بەنگی یەڵدز لە درێژەی لێدوانەکەیدا رایگەیاند "تا ئێستا پرۆسەی ژماردنی دەنگەکان بەردەوامە، بەڵام چاوەڕێ دەکەین لە80 شارەوانی گەورەو بچووک سەرکەوتن بەدەست بێنین".

سەبارەت بەو شوێنانەی بەدەستیان هێناوە یەڵدز گوتی "لەتەواوی شارەوانییەکانی ئامەد سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە، هەروەها لەشارەکانی شەرناخ، جۆلەمێرگ، وان، سێرت، باتمان و دێرسیم سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە".

پارتی دادو گەشەپێدان، لە چوار پارێزگەی باکووری کوردستان ماردین، مووش، ئاگری و بەتلیس، سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو لە ئورفەش کاندیدی سەربەخۆ دەرچوو. لەبارەی لەدەستدانی ئەو پارێزگەیانە، یەڵدز گوتی "دەنگەکانمان بەبەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوو لەماردین زیادیکردووە، بەڵام نەمانتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنین".

دەربارەی رێژەی دەنگەکانی DTP لەتەواوی تورکیا بەنگی یڵدز پێیوایە، ئەگەر لەهەموو شارەکانی رۆژئاوا کاندیدمان هەبووایە ئەوە لەوانەیە رێژەی تەواوی دەنگەکانمان بگەیشتبایە زیاتر لە 8%، بەمەش بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی رابردوو 3%ی دەنگەکانمان زیاد کردوە

لەو هەڵبژاردنەدەدا DTP توانی هەر سێ پارێزگە وان، سێرت و ئیغدر لە دەست AKP دەربهێنێت. ئەگەر چی یەڵدز دڵنیا نییە، بەڵام دەڵێت بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی لەهاورێکانی پێیگەیشتووە لە ئەزمیر و رۆژئاوای تورکیا 3 شارەوانی بچووکیان بەدەستهێناوە.



## ئەگەر DTP بدۆڕێت بەرامبەر جیهان و کوردستانی عێراق بێ سەنگ دەبێت

مەزهەر باغلی، پرۆفیسۆر لە زانکۆی دیجلەی ئەنقەرە



## ئەگەر DTP بباتەوە ئەمریکا و ئەورووپا حسابمان بۆ دەکەن

حەسیب قاپلان، ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی DTP

# پرسی کورد لە ئەجێندای سەردانی ئۆباما دا دەبێت

**رووداو–هەولێر**

بڕیارە سەرۆکی نوێی ئەمریکا لە هەفتەی یەکەمی مانگی داهاتوو بەسەردانێکی فەرمی بگاتە تورکیا، پەیامەکەی بۆ جیهانی ئیسلامی لەو وڵاتەوە بدات نەک لە سعودیەوە. بەڵام چاودێرانی سیاسی



## لە پەرلەمانی تورکیا پرۆژەی خۆمان بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەدەینە ئۆباما

بەنگی یەلدز، پەرلەمانتارێکی DTP

پێیانوایە ئەجێندای ئەو سەردانەی ئۆباما خاڵی نابێت لە باسکردنی کێشەی کورد لە تورکیا.

لەدوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا بەڕێبەرایەتی کەمال ئاتاتورک، تورکیا بووە هاوپەیمانێکی سەرەکی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەت و، دوای رووخانی رژێمی شا لە ئێران و هاتنە سەرکاری رژێمێکی ئیسلامی لە ئێران، پێگەی تورکیا بۆ ئەمەریکا لەهاوپەیمانێکی سەرەکی بووە تاکە هاوپەیمانی ستراتیژی لە هەرێمی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوای ئیسرائیل.

لە دوای هاتنە سەرکاری پارتی داد و گەشەپێدان AKP ی ریشال ئیسلامی لەساڵی 2002دا، پێوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا سستیان تێکەوت، دوای ئەوەی پەرلەمانی تورکیا بڕیاریدا نابێ خاکی تورکیا بۆ شەڕی رووخاندنی رژێمی سەددام بەکاربهێندرێ، بەڵام تورکیا کە بڕیاریداوە کێشە دەرەکییەکانی سفر بکاتەوەو ئیدارەی ئۆباماش بڕیاریداوە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا باشبکاتەوە، دەرفەتێکی تازە بۆ پێوەندی نێوان ئەو دوو هاوپەیمانە دروستبووەتەوە.

ئەو مەسەلانەی ئۆباما لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا لەکاتی سەردانەکەی تاوتۆیان دەکات فرەلایەن و جۆراوجۆرن. بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوایە پرسی کورد لە تورکیاو دوارۆژی عێراق و رۆڵی تورکیا لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لە نێو خاڵە سەرەکییەکانی دیدارەکانی ئۆباما دەبن لە تورکیا.

ئیبراهیم قەرەگیول، رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی yenisafak و پسپۆڕ لەسیاسەتی ئەمریکا، بە (رووداو)ی راگەیاند کە "بەشێوەیەکی گشتی مەسەلەی PKK دەبێتە رۆژەڤی دیدارەکانی ئۆباما و سەرکردەکانی تورکیا، چونکە ئەو مەسەلەیە کۆسپە لەبەردەم ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا، لەکاتێکدا ئەمریکا دوای کشانەوەی، خوازیارە تورکیا رۆڵێکی باش لەبنیاتنانەوە و دوارۆژی عێراقدا بگێڕێت".

تا ئێستا ئەمریکا، پرۆژە و هەڵوێستێکی روونی نەبووە بەرامبەر کێشەی کورد بە گشتی و کوردانی باکووری کوردستان بە تایبەتی، بەڵام هەندێک لە چاودێرانی سیاسی لەو باوەڕەدان ئەو سەردانەی ئۆباما پڕۆژەیەک یاخود هەڵوێستێکی ئەمریکا بەرامبەر باکووری کوردستان دەخەملێنێ، بەتایبەتیش کە پێش سەردانی ئۆباما، لەنێوەڕاستی ئەو مانگەدا شاندێکی ئەمریکا



## مەسەلەی PKK دەبێتە رۆژەڤی دیدارەکانی ئۆباما و سەرکردەکانی تورکیا

ئیبراهیم قەرەگیول، رۆژنامەنووسی یەنی شەفەق

هاتە تورکیا و لەگەڵ چەند سیاسەتڤانێکی کورد و تورک دانیشت لەبارەی کێشەی کوردەوە، بێ ئەوەی لەگەڵ گەورەترین پارتی یاسایی کوردی تورکیا کە پارتی کۆمەڵەی دیموکراتی DTP یە دابنیشێت.

ئەو رۆژنامەنووسە تورکە، روونیکردەوە کە ئۆباما بۆچوونەکانی بۆ لایەنی تورکی سەبارەت بەکێشەی کورد دەخاتەڕوو.

هەروەها گوێ لە بۆچوونی تورکیاش دەگرێت. لەو ماوەیەی دوایی ئەمریکا و تورکیا سەبارەت بە باکووری عێراق زۆر لەیەکترنزیکبوونەتەوە "بۆیە لەوانەیە لەگەڵ ئەو سەردانە قۆناخی مامەڵە و سەوداکردن دەست پێبکات".

بەنگی یڵدز، ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی DTP، پێیوایە لە ئەجندای سەردانی ئۆباما پڕۆژەیەکی تایبەت بە پرسی کورد هەیە"بەڵام نەبوونی ستراتیژییەتێکی هاوبەشی کورد، رێگرە لەبەردەم ئەو پڕۆژەیەی ئەمریکا، بۆ ئەوەی بتوانین ئەمریکا ناچار بکەین دەستی خۆی بۆ چارەسەری پرسی کورد درێژ بکات، دەبێت گوتاری سیاسی کورد یەکبخەین".

بەپێی تێڕوانینی هەندێ لە چاودێران کێشەی کورد لەباکووری کوردستان گەیشتووەتە قۆناخێکی یەکلاکەرەوە، سەردانی ئۆباماش لەوبارەیەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لایەنی تورکی هەوڵدەدات بە پەراوێزخستنی DTP و پاکتاوکردنی PKK یان بەلانیکەم بێ کاریگەرکردنی، ئەو پرسە چارەسەر بکات، بەڵام ئەنجامدانی ئەوەش هەروا کارێکی ئاسان نییە و لایەنی کوردیش دەیەوێ بەهێزی خۆی نیشانبدات.

لە سەرەتای ئەو مانگەدا شاندێکی سەر بەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەردانی تورکیا کرد و لەگەڵ سەرکردە سیاسیەکانی کورد دیداری کرد، سەرەڕای ئەوەی ئەو سەرکردانە تا رادەیەک دژبەری PKK و DTP نە، بەڵام لە دیدارەکانیان رایانگەیاند بە پەراوێزخستنی ئەو دوو پارتە مەحاڵە چارەسەری بێتەدی.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە: ئایا هەڵوێستی ئۆباما چییە؟ هەوڵدەدات تورک رازی بکات بۆ ئەوەی دیالۆگ لەگەڵ PKK و DTP بکات، یان کار بۆ پەراوێزخستنی DTP و پاکتاوکردنی PKK دەکات؟ ئیبراهیم قەرەگیول، پێیوایە ئەو پرسە تەکنیکییە لەسەردانی ئۆباما بۆ تورکیا قسەی لەسەر ناکرێت " ئەو بابەتە زیاتر لەکۆبوونەوەکانی عێراق و تورکیا و باکووری عێراق قسەی لێدەکرێت، هەر لەبەر ئەوەش سەردانی عەبدوڵڵا گیول بۆ عێراق و سەردانی ئۆباما بۆ تورکیا پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە".

بەڵام بەنگی یڵدز بەپێچەوانەی ئەو رۆژنامەنووسە تورکە، دەڵێت نەک تەنیا بەبێ DTP، بەڵکو بەبێ PKK ش، مومکین نییە باس لە چارەسەری بکرێت " ئەمڕۆ بزووتنەوەی کورد گەیشتووەتە ئاستێک کە هیچ هێزێک ناتوانێت پاکتاوی بکات، ئەگەر ئەو هێزە ئەمریکاش بێت".

هەندێک لایەن دەڵێن با DTP لە قۆناخی ئاشتی و پەیمان بەستن نوێنەرایەتی PKK بکات، بەڵام بەنگی یەڵدز دەڵێت "ئێمە ناتوانین لە جیاتی PKK پەیمان ئیمزا بکەین و قسەبکەین".

بڕیاروایە لە رۆژی دووەمی سەردانەکەیدا، ئۆباما وتارێک لە پەرلەمانی تورکیا ئاراستەی جیهانی ئیسلام بکات. ئەو پەرلەمانتارەی DTP دەڵێت "بۆ ئەوەی بۆچوونەکانمان سەبارەت بەو مەسەلانە بە ئەمریکا رابگەیێنن هەموومان ئەو رۆژە لەپەرلەمان ئامادە دەبین و پرۆژەی چارەسەری خۆمان دەدەینە ئۆباما".



## UN داوا دەکات کەرکووک 3-10 ساڵ بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ

ڕووداو-AP

نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکات دەسەڵاتەکان لە کەرکووک دابەش بکرێت وشارەکەش بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ. دوو بەرپرسی ڕۆژئاوایی کە ڕەشنووسی پرۆژە پێشنیازکراوەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان دیتووە بە ئاژانسی (ئەسیۆشێتد پرس)یان ڕاگەیاند پرۆژەکە بریتییە لەوەی ( کەرکووک بۆ ماوەی 3-10 ساڵ بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ وهەردوو حکومەتی عێراق وهەرێمی کوردستان دەسەڵاتییان بەسەر کەرکووکدا هەبێت بەڵام دەسەڵاتی کۆتایی لە دەست ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکدا بێت، یان کەرکووک ئۆتۆنۆمییەکی سیاسی هەبێت بەڵام لە ڕووی داراییەوە پشت بە بەغدا ببەستێت، ئەم پێشنیازە لەلایەن ئەو تورکمانانەی لە لایەن تورکیاوە پشتیوانی سیاسییان لێدەکرێ، پشتگیری لێدەکرێ).

راوێژکاری سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ (ڕووداو):

# کورد هاووڵاتی پلە یەکن لە تورکیا



**دوای 33ساڵ یەکەمین سەرۆک کۆماری تورکیا سەردانی بەغدای کرد، پێش 33 ساڵ مژاریکی سەرەکی گفتوگۆی نێوان هەردوو سەرۆک کۆمار کێشەی کورد بوو، ئەمجارەش هەروابوو، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە، کە جگە لە مەسەلە ئابوورییەکان، بێ چەککردنی پارتی کرێکارانی کوردستان یاخود دەرکردنیان لە هەرێمی کوردستان وەک ڕاگەیێندرا باسێکی سەرەکی کۆبوونەوەکان بوو، بەڵام هەر لەو پێوەندییەدا هێندێک هاتووچۆی نائاشکرا هەن لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان. هورموزلو، دەڵێ "سەردانی سەرۆک عەبدوڵڵا گیول بۆ عێراق، سەردانی چەمکی عێراقی نوێ بوو . ئەو سەردانەش بە بانگهێشتی عێراقییەکی کورد بوو".**

**هورموزلو، کە دەڵێ ئەوان لە کۆشکی کۆماری کۆبوونەوەی ڕۆژانەیان هەن، لە هەڤپەیڤینێکی پێشتریدا لەگەڵ ماڵپەڕی ئیلاف لەبارەی کەرکووکەوە دەڵێ"کەرکووک شارێکی عێراقییە و خاوەن پێکهاتەییەکی فرە ڕەنگە، پێویستە هەموو لایەک بەشداربن لە بڕیار لەسەردانی و نامانەوێ لایەک دەستی بەسەردابگرێت".**

**ئەرشاد هورموزلو، ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە تورکمانێکی خەڵکی کەرکووکە و نزیکەی 25 ساڵە لە تورکیا دەژی، لە کۆشکی کۆماری تورکیا (چانکایا)وە وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو)ی دایەوە سەبارەت بەو سەردانە:**

**ڕووداو: ڕۆڵی تورکیا لەناوچەکەدا لە گەورەبووندایە لە چارەسەری کێشەکان و پرۆسەکانی ئاشتی دا، بەڵام بەپێی هەندێ شرۆڤەی بڵاوکراوە لە ڕاگەیاندنی عەرەبیدا، میسر دڵخۆش نییە بە گەورەبوونی ئەو ڕۆڵەی تورکیا، ئایا هیچ دڵنیاکردنەوەیەک لەلایەن تورکیاوە بۆ ئەو وڵاتانە هەیە کە ئەو ڕۆڵەی تورکیا بۆ چەسپاندنی ئاشتییە نەک بۆ هەژموون و دەستبەسەرداگرتن؟**

**هورموزلو:** تورکیا زۆر ئەولەویاتی لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی جیهانیدا خستوونەتەڕوو، چ لەسەر ئاستی ناوچەکە و چ لەسەر ئاستی جیهانی، کە بریتین لە دروستکردنی پاڵپشتی بۆ ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا . تورکیا ناکۆکی و ناخۆشی لەگەڵ زۆر وڵات دا هەبوون، بەڵام گرتنە بەری سیاسەتی دیالۆگ و سفرکردنەوەی کێشەکان وایکردووە ببێتە دەوڵەتێکی هەرێمی گەورە و، وایکردووە لە تەوەری کێشەکانەوە بچێتە تەوەری چارەسەری کێشەکانەوە.

> **پێویستە جیاوازی لەنێوان تیرۆریستان و گەلێکی شارستانی برادا بکەین**

بێگومان بوونی تورکیا بە خاوەنی ئەو ڕۆڵە دەگەڕێتەوە بۆ متمانەی دەوڵەتە جیاجیاکان بە ئەجێنداکەی و بەوەی کە ئەوە تەنیا بۆ پروپاگەندە و خۆ دەرخستن نییە، یاخود بۆ سوود وەرگرتن نییە لەو هەڵوێستانە بۆ پرسە نێوخۆییەکان، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکەیە، چونکە هێنانەکایەی ئاشتی لە ناوچەکەدا خزمەتی بەرژەوەندی باڵای تورکیاش دەکات. لەو ڕوانگەوە جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە تورکیا پاڵپشتی هەڵوێستەکانی کۆماری عەرەبیی میسر دەکات لە پێناو چارەسەری کێشەکان لە ناوچەکەدا و، ڕۆلی تورکیا بۆ ڕکابەری میسر نییە بەڵکو تەواوکەری ڕۆلی میسرە. هەروەک من تێبینی دەکەم، سەرکردایەتی میسر بەو ڕۆڵەی تورکیا دڵخۆشە و هیچ دڵتەنگییەکمان لەو بوارەدا لێ نەبینیوە.

**ڕووداو:لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕۆڵەی تورکیا لە لوبنان و ئەفغانستان و وڵاتانی دیکە، ئەجێندای نوێی تورکیا چییە بۆ بەشداریکردن لە سەقامگیری باروبۆخی عێراق دا؟**

**هورموزلو:** سەقامگیری عێراق و ئاسایش و یەکپارچەیی خاکەکەی و سەروەری عێراق بەلای تورکیاوە گرنگن. عێراق وڵاتێکی دراوسێ و برای گرنگە بۆ تورکیا و ڕۆڵێکی گرنگی لە ناوچەکەدا هەیە. عێراق دوو لە گرنگترین سامانەکانی سەر ڕووی زەوی هەن، کە ئەوانیش هێزی مرۆیی و سامانی ئابوورییە. هەروەک بینیمان سوود وەرگرتن لەو دوو سامانە دەبێتە مایەی سەقامگیری و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بۆ عێراق، هەروەک چۆن بینیمان خراپ بەکارهێنانیشی دەبێتە مایەی ماڵوێرانی و ناخۆشی نەک تەنیا بۆ عێراق، بەڵکو بۆ هەموو ناوچەکە. بۆیەش هەموو ئاماژەیەکی پۆزەتیڤ لەعێراقەوە، لەنێو ئەوانەشدا ئاراستەی دیموکراسی شتێکی دڵخۆشکەرە بۆ تورکیا و سەرکردایەتی تورکی.

**ڕووداو: گۆڕانێکی پۆزەتیڤ بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دا هاتووە، هێڵەکانی ئەو پەیوەندییە چین، ئایا ئەمنین، یان سیاسی و دیپلۆماسین لەگەڵ هەرێمێکدا کە قەوارەیەکی دەستوورییە بەپێی دەستووری عێراق؟**

**هورموزلو:** تورکیا ڕێز لە بڕیاری عێراقییەکان دەگرێ لە هەڵبژاردنی سیستەمی دەسەڵات و ئیداری لە عێراق، تورکیا هیچ شتێکی بەسەر عێراقییەکاندا نەسەپاندووە و ناشیسەپێنێ لەو بوارەدا، چونکە ئەوە بەدەستتێوەردانی کاروباری نێوخۆی دادەنێ . لەبەر ئەوەش هەر شتێک عێراقییەکان لەسەری ڕێکبکەون و نەبێتە هۆی خراپی و کێشمەکێشم بۆ دراوسێیەکانی کارێکی پێشوازی لێکراوە. عێراق بە باکوور و باشوورییەوە بۆ تورکیا گرنگە، گەلی تورکیا خزمیان لە عێراق هەن، ئینجا لە هەولێر بێ یان لە کەرکووک یاخود لە نەجەف یان بەسرە. ئێمە هەموویان بە برای خۆمان دادەنێنین لە دراوسێتی و ئایین و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دا.

**ڕووداو: د.تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق و د.ئەیاد عەلاوی لە دوو هەڤپەیڤینی جیاوازدا لەگەڵ (ڕووداو)،دوای سەردانیان بۆ لای سەرۆک کۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گیول گوتیان گیول خوازیارە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان پتەو ببن. تێڕوانینی عەبدوڵڵا گیول بۆ هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

**هورموزلو:** بەڕێز سەرۆک کۆمار عەبدوڵڵا گیول هەمیشە لە لێدوانەکانیدا دەڵێ کە هەموو عێراقییەکان بەلای ئێمەوە جێی بایەخ پێدانن و ئێمە دەست لە ئیختیارەکانیان وەرنادەین و چاومان لە پەیوەندییەکی بەهێزە لەگەڵ هەموویان. زۆر شاندی بازرگانی لە بەسرە و زیقار و ئەنبار سەردانی تورکیایان کردووە بۆ ئەنجامدانی کۆنگرە و دیدار، هەروەها لە هەولێر و سلێمانیشەوە هاتوون، هەروەک چۆن زۆر بازرگانیش سەردانی یەکتر دەکەن و گفتوگۆ لەسەر مژارە ئابوورییەکان دەکەن. هەموو ئەو دیدارانە هەستی خۆشەویستی و برایەتی لەنێوان لایەنەکان بەهێز دەکەن و پێویستە بەردەوامبن. بەدحاڵیبوونێک لە ڕۆڵی تورکیا هەیە، کاتێک باسی تیرۆر دەکەین . تیرۆر خەمێکی هاوبەشی نێوان تورک و عێراقییەکانە وپێویستە هەموومان ئەوئاراستە ناشارستانییە بە نەفرەت بکەین، هەروەها پێویستە جیاوازی لەنێوان تیرۆریستان و گەلێکی شارستانی برا دا بکەین.

**ڕووداو:باراک ئۆباما و جۆو بایدن لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیاندا، پەیامێکیان ئاراستەی تورکیا و هەرێمی کوردستان کرد بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانیان، هەروەک د.دوغو ئەرگیل لە زانکۆی ئەنقەرە دەڵێ ئەمریکا تورکیای ڕاسپاردووە بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئایا تورکیا ئەو ڕۆڵە دەبینێ؟**

**هورموزلو:** باشە بۆچی چاوەڕێی ئەوەبین خەڵکانی دیکە ئەجێندە و کارنامە بۆ ئێمە دابنێن، ئێمە دراوسێی یەکترین و براین. عێراق بەلای تورکیاوە گرنگە هەروەک چۆن تورکیاش هێزێکە بۆ عێراق و عێراقییەکان گرنگە. پێویستە پەیوەندییەکانمان لەسەر بنچینەی هاوکاری و سوود وەرگرتن لەشارەزاییەکانی یەکتر و یەکتر تەواوکردن بێت .هەرجیاوازییەک لە تێڕوانین لەنێوان وڵاتانی دراوسێدا دەکرێ بە ڕێگەی دیالۆگ و ئیرادەی زاڵکردنی خاڵە هاوبەشەکاندا چارەسەر بکرێ، نەک بە لێک دووری و پەرتەوازەیی.

**ڕووداو: تورکیا کۆنسولخانەی لە موسڵ کردووەتەوەو بڕیاری کردنەوەشیداوە لە بەسرە، بۆچی کونسولخانە لە هەولێر ناکاتەوە لەکاتێکدا بەرژەوەندی و پێویستی کردنەوەی لە هەولێر لە موسڵ و بەسرا زیاترە، بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆمپانیا و کرێکارانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و ئەو گەشتیارە زۆرانەی لە هەرێمی کوردستانەوە دەچنە تورکیا؟**

**هورموزلو:** جارێکیتر جەخت لەسەر ئەو چەمکە دەکەمەوە کە تورکیا وەک وڵاتێکی دراوسێی یەکپارچە تەماشای عێراق دەکات و پێویستە دەستپێشخەری بنوێنین بۆ خزمەتکردنی دانیشتوانی لە هەموو ناوچەکان، بەڵام هەندێ بنەمای مامەڵە لەگەڵ یەککردنی وەک یەک لە کاری نوێنەرایتیکردنی دیپلۆماسیدا هەیە، خۆزگە لە توانای تورکیادابووایە نێوەندی ڕۆشنبیری و نووسینگەی نوێنەرایەتی لە هەموو پارێزگاکانی عێراق دا بکاتەوە، بەڵام هەروەک دەزانن ئەو کارانە لەلایەن وەزارەتەکانی دەرەوە قسە و گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێ.

**ڕووداو:گەورەبوونی ڕۆڵی هەرێمایەتی تورکیا لەبەشداریکردن لە پرۆسەکانی ئاشتی و چەسپاندنی سەقامگیری لە زۆر وڵات دا، سەرۆکایەتی کۆمار و حکومەت و نێوەندە بڕیاردەرەکانی تورکیای هانداوە بۆ دروستکردنی بیرۆکە و پرۆژەیەکی سیاسی بۆ سەقامگیری نێوخۆیی لە تورکیا، بەتایبەتی لە ناوچە کوردییەکان؟**

**هورموزلو:** تورکیای نوێ وەک تورکیای دوێنێ نییە . تورکیا هەنگاوی گەورەی بڕیون لە پێڕەوکردنی بنەما ئەوروپییەکان و چاکسازییە سیاسی و بنچینەییەکان . هەموو کوردێک لە تورکیا وەک تورک و عەرەب و کریستیان هاووڵاتییەکی پلە یەکە و خاوەن مافە دەستوورییە گرەنتیکراوەکانە مادام کار لەپێناو وڵاتێکی یەکگرتوو کار دەکات، هەروەک لای خۆتان. لەو ماوەیەی دواییشدا دەزگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی تورکیا TRT دەستی بە پەخشی کوردی کرد، هەندێ کەناڵی تایبەتیشی بەدوادا دێن، هەروەها چەند بەشێکی تایبەت بە زمان و وێژەی کوردی و نێوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە زانکۆکان کراونەتەوە، ژمارەشیان زیاتر دەبێ دوای گرتنەبەری هەنگاوی تایبەت لەو بارەوە. بەکورتی و پوختی پێویستە تێکەڵی و پێکەڵی لەنێوان ئارەزووی کورد لە بەکارهێنانی زمانەکەی لەچوارچێوەی یاسا و سیستەم و، هەوڵی تیرۆرخوازی و کوشتنی بێ تاوانان و هاووڵاتیان بە هەموو نەتەوەکانەوە نەکەین.

**ڕووداو:عەبدوڵڵا گیول لە سەرەتای ئەو مانگەدا گوتی هەندێ هەنگاوی تازە دەهاوێژین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، ئەو هەنگاوانە چین، ئایا دەرکردنی لێبووردنێکی گشتیی بۆ گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و دەستکردن بە دیالۆگ لەگەڵ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP دەگرێتەوە؟**

**هورموزلو:** هەر کەسێک دەستی بە خوێنی کەسانی بێ تاوان پیس نەبووبێ و هێرشی نەکردبێتە سەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، بگەڕێتەوە وڵاتەکەی، لەهەمان ئەو ڕۆژەی خۆ تەسلیمی حکومەت دەکاتەوە دەدرێتەوە کەسوکاری . بەڵام هیچ ئاگربەست و وەستانێک نییە بەرامبەر تیرۆر. پێویستە لەو چەمکە تێبگەین. تیرۆر خەم و کێشەیەکی نێودەوڵەتییە و قەڵاچۆکردنی بە هاوبەشییەکی نێودەوڵەتی دێتەکایەوە، بەڵام کەسەکان دەبێ بەبێ یەک و دوو بگەنە ئەو باوەڕە کە میکانیزمە تیرۆریستییەکان تێڕوانینی دڕندانە و نا شارستانین و پێویستە لە دەوری نەفرەتکردن لە تیرۆر کۆببنەوە.

### ئەرشاد هورموزلو کێ یە؟

ساڵی 1943 لە کەرکووک لەدایکبووە. یەکێکە لە ڕۆشنبیرانی تورکمان . خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو ئامادەیی لە کەرکووک تەواوکردووە، ساڵی 1959 چووەتە کۆلیژی مافی زانکۆی بەغدا. دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ لە دڵنیایی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێ. لەساڵی 1980 لە عێراق دەرکەتووەو لە سعودیە و تورکیا ژیاوە. ئێستا ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری تورکیایە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هورموزلو سێ کتێبی بڵاوکردوونەتەوە یەکێکیان بە عەرەبی و دووەکەی دیکەیان بە تورکی: (الترکمان فی العراق، 1971هورموزلو: بەغدا) و ( Irak Türkmenleriهورموزلو: Stenbol، 1991 تورکمانەکانی عێراق) و ( تورکمان و عێراق Türkmen ve Irak (Turkmen û İraq) Stenbol، 2003 / Erebî).

ئەحمەد چەلەبی:

# کوڕانی شێخ محەممەدی کەسنەزان وادەی جەنگی ئازادیی عێراقیان پێشخست



**ڕووداو- بەغدا**

ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق، لە هەڤپەیڤینێکی درێژدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الحیاە)، بۆ یەکەمین جار گەلێک لەو نهێنییانە ئاشکرا دەکات کە تایبەتن بەرۆژگاری ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق و تەنانەت پێش ئەو ڕۆژگارەش لەسەردەمی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا. چەلەبی بە وردی هەندێ لایەنی گرنگی ئەو ململانێ و ناکۆکییە ئاشکرا دەکات کە لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و ئیدارەی ئەمریکیدا هەبوو، دەربارەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژێمی سەددام و ڕۆژگاری پاش سەددام حوسێن، ئەوەش دەردەخات کە چۆن لایەنی ئەمریکی لەنێوەڕاستی نەوەتەکانەوەو تا دوایین ساتی بەپێوەمانی ڕژێمی بەعسیش لەجیاتی پشتبەستن بە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، هەموو خەیاڵیان لای کودەتای سەربازی و ئەو ئەفسەرە پلەدارانە بووکە بازنەی هەرە نزیکی دەوری سەددامیان پێکدەهێنا، چەلەبی لەو چوارچێوەیەدا وردەکارییەکانی شکستی هەوڵی کودەتاکەی ساڵی 1996 دەگێڕێتەوە کە بە لەسێدارەدانی 39 گەورە ئەفسەری سوپا کۆتایی هات، ئەوە ئاشکرا دەکات کە چۆن موخابەراتی عێراقی هەر لەسەرەتاوە لەنێو گەمەکەدا بووەو چۆن دەزگای هەواڵگریی ئەمریکایی لەخشتەبردووە. وەک ئەو دەگێڕێتەوە، ئیدارەی ئەمریکا تا شەوی 18-2003/3/19 لەسەر بنەمای زانیارییەکی نادروستی تۆڕێکی سیخوڕی، کە کوڕانی شێخ محەممەدی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزان لەکوردستانەوە سەرپەرشتییان دەکرد، یەکەمین مووشەکیان ئاراستەی مەزرایەکی نزیک دۆرەی باکووری بەغدا کرد، بەو هیوایە بوون سەددام لەنێو مەزراکەدا بێت و بەوشێوەیە دوور لەهیچ ڕۆڵێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کۆتایی بەو جەنگە بێنن.

### لەخشتەبردنی CIA

ئەحمەد چەلەبی، ئەو پیاوەی کە هەرکاتێک باسی جەنگی ئازادیی عێراق دێتەپێشەوە، ناوی وەک کەسێک دێت گوایە ئیدارەی ئەمریکای لەخشتەبردووەو بە زانیاریی هەڵە بۆ ئەو جەنگەی کێشکردوون، ئەوە ڕەتناکاتەوە کە ئەو کەسایەتییەکی هەرە نزیکی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا CIA بووە، هەربۆیەش لەنزیکەوە ئاگاداری چۆنێتی سەرهەڵدانی بیرۆکەی ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق بووە لای ئیدارەی ئەمریکا، ئەگەرچی لەسەروبەندی بەرپابوونی جەنگدا لەگەڵ هەندێ لایەنی نێو ئەو ئیدارەیە تووشی ناکۆکی هات و تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بەگواستنەوەی زانیاری بۆ لایەنی ئێرانی تۆمەتبار بکرێت و تا ڕاددەیەکی زۆریش خۆی و حیزبەکەی پەراوێز بخرێن . چەلەبی لە بیرهێنانەوەی ڕۆژگاری پێش بەرپابوونی جەنگدا، ئاماژە بەکۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەکات کە یەکەم جار لەمانگی کانوونی یەکەمی 2002 لە لەندەن بەسترا و دواتر لەمانگی شوباتی 2003 لەسەڵاحەددین، لەو ڕووەوە ئاماژە بەپێداگیریی ئیدارەی ئەمریکا دەکات لەسەر پێکهێنانی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لەدوای ڕووخاندنی بەعس نەک پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی وەک ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەیویست، چەلەبی ئەمە بە سەرەتای پەیدابوونی ناکۆکی لەنێوان هەردوولا دادەنێ. هۆکاری ئەو پێداگیرییەی لایەنی ئەمریکیش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئەوان، بەتایبەتیش CIA لەو باوەڕەدابووە کە دەتوانن پشتگیریی سەرکردە سەربازییەکانی نێو سوپای عێراق و بەرپرسە بەعسییەکان بۆ گۆڕینی ڕژێمی عێراق و بەرپاکردنی کودەتایەک لەناوەوە بەدەستبێنن و بەوەش ڕێگەنەدەن هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆشایی پاش نەمانی بەعس پڕبکەنەوە. لەوبارەوە دەڵێت "ئەمریکییەکان تادوایین ساتەکان هەر بەوهیوایە بوون کە ئەوانە لەگۆڕینی ڕژێمی عێراقدا ڕۆڵێک بگێڕن، بەڵام ئەو هیوایە هەر بەدی نەهات".



نەهرۆ شێخ محەممەد



شێخ محەممەد کەسنەزانی

### کوڕانی شێخ و CIA

وەک چەلەبی ئاشکرای دەکات، خەونی CIA لەبارەی پەیوەندیکردن بە ئەفسەرانی سوپای عێراقەوە چیرۆکێکی درێژەو دەڵێت "ئەوە یەکێک لەهۆکارەکانی ناکۆکیی ئێمە بوو لەگەڵ ئەوان". چەلەبی باسی ڕۆڵی CIA دەکات لە هەوڵی کودەتا سەربازییەکەی ساڵی 1996دا کە چۆن لەعەممانی پایتەختی ئوردنەوەو لەڕێی لیوای خانەنشین محەممەد عەبدوڵڵا شەهوانی سەرۆکی دەزگای موخابەراتی ئێستای عێراق سەرپەرشتییان کردووە.

شەهوانی کە یەکێکبووە لە کەسە نزیکەکانی عەدنان خەیروڵڵای کوڕە خاڵی سەددام و پاش کوژرانی عەدنان لەلایەن سەددامەوە بەرەو ئوردن هەڵاتووە، لەوێوە سەرپەرشتی تۆڕێک لەئەفسەرانی عێراقی کردووە بۆ بەرپاکردنی کودەتا، حەڵقەی پەیوەندی نێوان شەهوانی و ئەو ئەفسەرانەش، کەسێک بووە بەناوی عیزەت عەبدولڕازق عەفیفی کە کەسێکی میسری بووەو لەباڵیۆزخانەی میسر کاری کردووە لەبەغدا، لەهەمان کاتیشدا سیخوڕی دەزگای موخابەراتی عێراق بووەو هەرچی ئامێرو کەلوپەل و پارەو زانیارییەک کە CIA لەڕێی ئەوەوە بۆ ئەو ئەفسەرانەی ڕەوانە کردووە، لەپێشدا بەنێو موخابەراتی عێراقیدا تێپەڕیوەو بەشێوەیەکی ورد چاودێریی جموجوڵەکانیان کردوون.

چەلەبی دەڵێت "کاتێک لەمانگی 11ی 1995 لەڕێی ئەفسەرێکی عێراقییەوە بۆمان دەرکەوت کە دەزگای موخابەرات ئاگاداری تەواوی ئەو کەینوبەینەیە، لەکوردستانەوە بەرەو ئەمریکا بەڕێکەوتم بۆ ئەوەی جۆن دویچ بەڕێوەبەری CIA لەسەردەمی ئیدارەی کلینتندا لەو مەترسییە ئاگادار بکەمەوە، هەر کە گەیشتمە واشنتن، لەگەڵ جۆن دویچ و جۆرج تێنیت کە ئەوکات جێگری بوو کۆبووینەوە، لەوێ ئاگادارم کردنەوە کە چۆن هەموو پیلانەکەیان بۆ موخابەراتی عێراق ئاشکرایە، کە لەقسەکانم بوومەوە بێدەنگییەکی ترسناک باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا، ماوەی خولەکێک بەبێدەنگی تەماشای یەکدییان کرد، ئیدی من گوتم سوپاس و هۆڵەکەم بەجێهێشت".

چەلەبی دەڵێ "پێش ئەوەی CIA بەخۆبکەوێ، موخابەراتی عێراقی لە 1996/6/17 زۆربەی ئەو ئەفسەرانەی دەستگیرکردو گوللەبارانی کردن، کە ژمارەیان 39 ئەفسەر بوو، هەروەها منداڵەکانی شەهوانی کە موخابەرات ناچاری کردبوون بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکەن و داوای لێبکەن بگەڕێتەوە، بەڵام نەگەڕایەوەو منداڵەکانیان کوشت". ئەحمەد چەلەبی ڕەخنەی ئەوە لەئەمریکا دەگرێ کە سەرباری ئەو شکستەش، هێشتا هەر دەستبەرداری بیرۆکەی کودەتای سەربازی نەبوون، دەڵێت "مانگی تەمموزی 2002 تیمێکی CIA لە ئەمریکاوە گەیشتنە کوردستان و بڕێکی زۆر پارەیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، ئەمجارە پەیوەندییان بە شێخ محەممەدی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزانەوە کرد کە شێخی تەریقەتێکی سۆفییەو پەیوەندی باشی لەگەڵ عیززەت دووری هەبوو، موریدەکانی ئەو شێخە کوردن و لە ناوچەکانی دیکەی باکوورو ناوەڕاستیش لەنێو عەرەبەکاندا خەڵکیان هەیە بەتایبەتیش لە تکریت و دوور، شێخ محەممەد دوو کوڕی هەیە بەناوەکانی غاندی و نەهرۆ، CIA پەیوەندی پێوەکردن و ئەوانیش گوتیان ئەفسەرێک لەپاسەوانە نزیکەکانی سەددام دەناسن بەناوی ڕۆکان ڕەزووقی، لەگەڵ ئەو کەسە ڕێککەوتن کە زانیارییان بداتێ، بەڵام سەددام هەموو شتێکی دەزانی، ئێمەش دەمانزانی، موسیبەتی ئەمریکییەکان ئەوەبوو وایاندەزانی لەئەفسەرە نزیکەکانی سەددام خەڵکی باشیان دەستکەوتووە".

### کۆسرەت ڕەسوڵ و گرتنی سەددام

چەلەبی باس لەوەدەکات کە جەنگی ئازادیی عێراق 48 کاژێر پێش وادەی خۆی دەستپێکرد، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەو زانیارییە دەگێڕێتەوە کە کوڕانی شێخ محەممەد دایانە CIA گوایە حەشارگەی سەددامیان دۆزیوەتەوە لەنێو مەزرایەکدا لەنزیک دۆرە، جۆرج تێنیت ئەو هەواڵە دەداتە جۆرج بوش و ئەویش فەرماندەدات هەمان شەو مەزراکە بۆردومان بکەن، ئەمریکییەکان سەرەتا وایانزانی سەددامیان کوشتووە، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو زانیارییە هیچ بنەمایەکی نەبوو". دەڵێت "کەس تەوقیتی بەرپاکردنی جەنگی نەدەزانی، بوش کتوپڕ شەوی 18-2003/3/19 ئەو بڕیارەی دا". چەلەبی لەبارەی ڕۆژانی پاش کەوتنی دیکتاتۆرەوە هەندێ زانیاریی سەرنجڕاکێش ئاشکرا دەکات، بۆنموونە ئەوەی کە چۆن سەددام تا 4 ڕۆژ دوای کەوتنی ڕژێمەکەی هێشتا لەنێو بەغدا بووەو بە دیشداشەو عەگالەوە بەپیکابێک سووڕاوەتەوە، تەنانەت جارێک لەسەر پردی نێوان ئەعزەمیەو کازمیە هێندەی نەماوە بکەوێتە بۆسەی ئەمریکییەکانەوە، هەروەها ئەوەی کە چۆن ئەوکاتەی عەبد حەموودی سکرتێری لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دەستگیرکراوە ئەو لە ماڵێکی بەرامبەریانەوە چاودێریی هەڵمەتەکەی کردووە. بەڵام لەوانەش سەرنجڕاکێشتر چیرۆکی دەستگیرکردنی خودی سەددامە کە ئەو ڕەتیدەکاتەوە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی دەستی لەئاشکراکردنی حەشارگەکەیدا هەبووبێت وەک ئەوەی پاش دەستگیرکردنی بڵاوکرایەوە.

ئەحمەد چەلەبی دان بەوە دادەنێت کە کۆسرەت ڕەسوڵ تیمێکی بۆ دۆزینەوەی سەددام پێکهێنابوو، دەشڵێت "ئەو تیمە لەدەستگیرکردنی هەندێ سەرکردەی سەربازیدا لەموسڵ ڕۆڵیان هەبوو، ئێمەش وەک کۆنگرەی نیشتمانی ڕۆڵمان هەبوو لەدەستگیرکردنی نزیکەی 16 کەس لەوانەی ناویان لەلیستی 55 کەسە داواکراوەکەدا بوو"، بەڵام لەبارەی دەستگیرکردنی سەددام دەڵێت "کۆسرەت بە تەلەفۆن بە ئاراس حەبیب کەریمی بەرپرسی هەواڵگریی ئێمەی گوتبوو کە ئەمریکییەکان سەددامیان گرتووە، ئەویش چاودێریی ڕەوشەکەی دەکرد، جەماعەتەکەی ئەو وەک جەماعەتی ئێمە لەسەددام نزیک ببوونەوە، بەڵام ئەوەی زانیاریی دایە ئەمریکییەکان کەسێک بوو بەناوی محەممەد ئیبراهیم یان ئیبراهیم محەممەد موسەڵەت کە لەتیمی حیمایەی سەددام بوو، ئەوە هەفتەیەک لەوەوبەر کە دەستگیرکرابوو زانیاری دەربارەی حەشارگەی سەددام دابووە ئەمریکییەکان، کاتێکیش چوونە شوێنی حەشارگەکەی، یەکێک لەسەربازەکان بەهۆی وایەرێکی کارەباوە کە بۆ ژێرزەمینەکە چووبوو، سەددامی دۆزییەوە".



# زانکۆ ئاشەکان گەیشتنە کوردستان

## د.ئیبراهیم ئیسماعیل حەمەڕەش: وەزیر هەیە، بڕوانامەکەی ئاشە، لەبری ئەوەی لە زیندان بێت، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان دادەنیشێت



سالح قادر
Salihqader@yahoo.com

**رووداو – هەولێر**

د.ئیبراهیم حەمەڕەش، رایگەیاند کە چەند زانکۆیەکی وەهمی هەن لە کوردستان کاردەکەن و ساڵانە پارەیەکی زۆری قوتابیانی کورد دەبەنە دەرەوەو گوتیشی زانکۆی سانت کلیمێنتس گوایە داخراوە، بەڵام تا ئێستاش لە کوردستان کار دەکات.

د.ئیبراهیم، کە پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین، لە ماوەی رابردوودا رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە قەناعەت دروستکردن بۆ دەرکردنی بڕیاری داخستنی زانکۆی سانت کلیمێنتس، دوای ئەوەی بە بەڵگە سەلماندی ئەو زانکۆیە وەهمییە، بەوشێوەیە وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاری داخستنی نووسینگەکانی ئەو زانکۆیەی لە هەرێمی کوردستان دا، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ئەو زانکۆیە تا ئێستا بەردەوامە لە کاری خۆی و تەنانەت لەلایەن دەزگا حکومییەکانیشەوە کار ئاسانی بۆ دەکرێ، بۆ نموونە لە مانگی 2008/11 قوتابیانی زانکۆکە تاقیکردنەوەی کۆرسی دووەمیان لە بینایەی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ لە سلێمانی کرد.

ئێستا لە جیهاندا دەستەواژەی زانکۆی ئاش (mill university) و ئاشی بڕوانامە (degree mill) بۆ زانکۆ ساختەو وەهمی و بێ متمانەکان بالآیە کە بەبێ سەرپەرشتی حکومەت یان دەزگایەکی بەرپرسی پرۆفیشناڵ کاردەکات و بڕوانامە دەبەخشێت، بەڵام بڕوانامەکان بێ بەهان چونکە بەپێی ستاندارەکان نین".

هەروەها ناوبراو دەڵێت زانکۆی ئاش یەکێکە لەو بازرگانیانەی کە دەبێتە هۆی قازانجکردنی پارەیەکی زۆر لە ماوەیەکی خێرادا، نووسەرانی ئەمریکی ئالان ئیزێل و جۆن بییر کتێبێکیان سەبارەت بەو بازرگانییە نووسیوەو ناویان ناوە (ئاشەکانی بڕوانامە: پیشەسازی بلیۆن دۆلاری). د.ئیبراهیم نموونە بە زانکۆی سانت کلیمێنتس دەهێنێتەوە و دەڵێت "سانت کلیمێنتس لە ماوەی دوو ساڵی کارکردنی لە کوردستان بەگوێرەی ژمارەی قوتابیانیان کە بۆخۆیان بڵاویان دەکردەوە، نزیکەی 11 ملیۆن دۆلاری دەستکەوتبوو. وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان بەڵگەی لەبەردەستە کە چوار ملیۆن دۆلار لەو پارەیە رەوانەی دەرەوە کراوە".

ئێستا لە جیهاندا ژمارەیەکی زۆر لە زانکۆی وەهمی هەن، بەپێی زانیارییەکانی د.ئیبراهیم تەنیا لە ئەمریکا 700 زانکۆی ئاش هەن، بۆیە کاربەدەستانی ئەمریکا مەسەلەی ئەو زانکۆیانەیان بە هێند وەرگرتووە، تا ئێستا چەندین زانکۆی لەو جۆرەیان داوەتە دادگا، لەوانەش زانکۆی ئاشی هاوای لە ویلایەتی هاوای ئەمریکا، کە خاوەنەکەی بە نیو ملیۆن دۆلار سزادراو لەسەریشی فەرز کرا کە پارەی قوتابیانی بگەڕێنێتەوە.

دەستوردانەرانی ویلایەتی ماینی ئەمریکی لە ساڵی 2005دا (یاسای بڕوانامەی چەوت)یان دەرکرد، بەگوێرەی یاساکە هەرکەسێک بەشداری لە دروستکردن و بەخشینی ئەم

زۆربەی وڵاتانی جیهان ساڵانە ناوی زانکۆ وەهمی و راستەقینەکان بڵاودەکەنەوە و قوتابیان لە زانکۆ وەهمییەکان ئاگاداردەکەنەوە، رێکخراوی یونسکۆش لە رێگەی رێکخراوی نێودەوڵەتی زانکۆکان IAU لیستی زانکۆ متمانەدارەکانی جیهان بڵاودەکاتەوە (www.unesco.org/iau). بەڵام وەک د.ئیبراهیم حەمەڕەش ئاماژەی پێدا، یونسکۆش نەیتوانیوە دیاردەی زانکۆی ئاش بنبڕ بکات. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەزگای CHEA ی دروستکردووە کە یەکێک لەکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی زانکۆی ئاش و ساختەیە (www.chea.org).

د.ئیبراهیم دوو رووداوی نێو ئەمریکا بە نموونە دەهێنێتەوە کە بەهۆی بڕوانامەی زانکۆی ئاش روویانداوەو دەڵێت "نەخۆشێکی هەشت ساڵان بەهۆی کەمتەرخەمی دکتۆر لۆرێنس پێری گیانی لەدەستدا، دوای ئەوەی دایکی نەخۆشەکە شکات لە دکتۆرەکە دەکات، لە دادگا دەردەکەوێت کە دکتۆرەکە بڕوانامەکەی لە زانکۆیەکی ئاش وەرگرتووە. هەروەها یەکێک لە تیرۆریستەکانی کارەساتی 11 ی سێپتێمبەر بەهۆی خۆتۆمارکردنی لە زانکۆیەکی ئاش، ڤیزای ئەمریکای وەرگرتبوو".

کوردستانیش بێبەش نییە و پریشکی ئەو زانکۆ ئاشانەی بەر کەوتووە، د.ئیبراهیم بۆ ئەوەش نموونەی کردنەوەی سانت کلیمێنتس و زانکۆی ئیسلامی جیهانی و حوڕەی هۆڵەندی لە کوردستان دەهێنێتەوە، کە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی کوردستان لەو زانکۆیانە دەخوێنن، تەنیا زانکۆی سانت کلیمێنتس لەکاتی داخستنی زیاتر لە 2500 قوتابی لە کوردستان هەبوو.

رێگەی بەریدی زانکۆکانی کوردستان رێکلامی بۆخۆی دەکرد، ئێستاش زانکۆی حوڕەی هۆڵەندی لەکەرکووک کار دەکات".

سەبارەت بە چۆنیەتی کردنەوەی ئەو زانکۆیانە لەکوردستان، د.ئیبراهیم دەڵێت "خەڵکانێک هەن، هەندێ مامۆستای عارەب

که لە دەرەوەی وڵات دەژین هاندەدەن بۆ بەکرێکرتنی ئۆفیسێک لەو وڵاتەو لێرەش دەیانبەنە لای لێپرسراوان بۆ پشت قایمی و پڕوپاگەندەو، دەستدەکەن بە بڕوانامە فرۆشتن. هەموو زانکۆ ئاش و ساختەکان کە خاوەنیان عەرەبن ماڵپەڕی کوردییان هەیە، چونکە وا هەستدەکەن کورد لەهەموو کەس زیاتر حەزیان لە بڕوانامەیە کە بە ئەرکێکی کەم وەدەست بهێنرێت"، ناوبراو گوتیشی "ئەوانە سەردانی لێپرسراوانی کورد دەکەن و وێنەکان بڵاودەکەنەوەو لە ماڵپەڕەکانیان دەنووسن کە پەیوەندی ئەکادیمیان لەگەڵ کوردستان هەیە. ناوی مامۆستایانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی لە دەسەڵاتەوە نزیکن بەکاردێنن بۆ خەڵەتاندنی خەڵک و بە گرنگ نیشاندانی کارەکەیان".

ناوبراو ئاماژە بەوە دەدات کە سانت کلیمێنتس سەرەرای بڕیاری داخستنی تا ئێستاش لە کوردستان کار دەکات "ئەم زانکۆیە وەزارەتی زۆر ماندوو کرد تا داخرا، بەڵام تا ئێستاش خاوەنەکەی نەگیراوە، ملیۆنان دۆلار پارەی خەڵکیشی خوارد. هەروەها ئێستاش بەردەوامە لە کەرکووک. لە سلێمانی هێشتا رێکلامەکانیان لە تاقەکان نەهێنراونەتە خوارەوە".

سانت کلیمێنتسە "لە حکومەتی کوردستان وەزیر هەیە بڕوانامەکەی ئاشە، لەجیاتی ئەوەی لە زیندان بێت لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران دادەنیشێت".

د.ئیبراهیم حەمەڕەش، پەسنی دەستەی

ناوبراو رەخنە لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەگرێ، کە تا ئێستا نەیانتوانیوە بەر بەو دیاردەیە بگرن و ئاماژە بەوەش دەکات کاربەدەستی حکومەت بە پلەی وەزیر دەرچووی ئەو زانکۆیانەیە و لە ماڵپەڕی فەرمی حکومەتیش نووسراوە کە دەرچووی زانکۆی

نەزاهەی عێراقی دەدات کە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، بڕوانامەی 250 پاڵێوراوی ئاشکرا کرد، کە "بڕوانامەکانیان ئاش بوو". ناوبراو داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵای کوردستان دەکات، ساڵانە لیستی ناوی زانکۆ متمانەدار و ئاشەکان بڵاو بکاتەوە، بۆ ئەوەی رێنمایی خەڵک بکەن.

یەکێک لەو زانکۆیانەی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی کورد روویان تێکردووە، زانکۆی حوڕەی هۆڵەندییە لە کەرکووک. دەربارەی ئەم زانکۆیە، د.ئیبراهیم دەڵێت "حکومەتی هۆڵەندا بەشدارە لە راگەیاندنی بۆلۆگنا (Bologna Declaration) کە 29 وڵاتی ئەوروپایی ئیمزایان لەسەر کردووەو پێویستە سیستەمەکەیان بەگوێرەی ستاندارەکانی ئەم راگەیاندنە بێت"، هەروەها گوتیشی "حکوومەتی هۆڵەندا لەساڵی 2002 دەزگایNAO ی بۆ ناسینەوەو متمانەدان بە زانکۆکان دروستکرد. ئەگەر ئەم زانکۆ حوڕەیە ناوی لە لیستی ئەم دەزگایەدا نەبێت ئەوا ئاشە. ناوی ئەو زانکۆیەش لە دەزگای NAO نییە، خەڵکیش بۆ زیاتر دڵنیا بوون دەتوانن سەیری وێبسایتی دەزگاکە بکەن (www.nao-ho.nl)"، بۆیە ناوبراو داوا لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکات هەرچی زووە کار لەسەر ئەم بابەتە بکات. "کەرکووک ئێستا بووەتە مەڵبەندی ئەو کارانە. ئەمە نێوبانگی کەرکووک و کورد دەزڕێنێت. بۆیە پێویستە کەرکووکییەکان لەبەر ناوزڕانی شارەکەیان خەمێکی جدی لەوە بخۆن".

## زانکۆی سانت کلیمێنتس ئێستاش لە کوردستان کارەکانی خۆی دەکات




ماڵپەڕی حکومەتی کوردستان کە ژیاننامەی وەزیری بازرگانی دەخاتەڕوو

دەقی هەڤپەیڤینەکە
لە (رووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net

### د.ئیبراهیم ئیسماعیل حەمەڕەش

– بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاری گەیاندن و ئەلیکترۆنیک، زانکۆی سەلاحەددین، 1988.
– ماستەر لە ئەندازیاری کۆنترۆل لە زانکۆی موسڵ، 1993.
– دکتۆرا لە ئەندازیاری کارەبا لە زانکۆی تەکنۆلۆجی بەغدا، 1999.
– بڕوانامەی پاش دکتۆرا لە زانکۆی مۆناش لە ئوسترالیا، 2007.
– لەساڵی 2008 میدالیای ئینذۆڤەری زانستی ئوسترالیای وەرگرتووە.
– ساڵی 2007 لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تەکلیف کراوە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوکەسانە بکا کە پاڵێوراون بۆ کۆرسی راهێنان لە پەیمانگای بایستەری زانکۆی کالیفۆرنیا.
– پێنج کتێبی چاپکراوی هەیە کە یەکێکیان فەرهەنگی کۆمپیوتەرە و لە ساڵی 1999 چاپکراوە.

## زانکۆی حوڕەی هۆڵەندی ناوی لە دەزگای NAOی هۆڵەندی دا نییە




بەکار دەهێنرێت. د.ئیبراهیم حەمەڕەش کە بۆ یەکەمجار سەرنجی خەڵک و حکومەتی کوردستانی بۆ بوونی زانکۆی ساختەو وەهمی لە کوردستان راکێشا، پێناسەی وەزارەتی پەروەردەی ئەمریکا بۆ زانکۆی وەهمی دەهێنێتەوە و دەڵێت "دەزگایەکی خوێندنی جۆرە بڕوانامانە بکات بە تاوانی جۆری C تاوانبار دەکرێت، هەر کەسێکیش بەکاری بهێنێت بۆ کارکردن، یان خوێندنی پتر یان بەرزکردنەوەی پلە، بە تاوانی جۆری D تاوانبار دەکرێت کە سزاکەی 100 هەزار دۆلار و پێنج ساڵ بەندکردنە.

د.ئیبراهیم حەمەڕەش زانیاری زیاتر لە بارەی زانکۆ ئاشەکانی کوردستان ئاشکرا دەکات و دەڵێت "بۆ یەکەمجار سانت کلیمێنتس لە رێگای کابرایەکی کورد بەهاوبەشی عارەبێکی ئوردنی ئەو کارەی هێنایە کوردستان، پاش ئەوە زانکۆیەک بەناوی زانکۆی ئیسلامی جیهانی لە

# بێ رازەمەندیا وەزارەتێ سالابهێت دهۆک دێ ب بەهدینی خوینیت

## سەروکێ جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ: ناڤەرۆک بۆ وەزارەتێ گرنگە، نەک زاراڤ

عەبدوللا نهێلی
رووداو- دهۆک

پشتی چەندێن سالێن کێشەوبێشێ ل سەر زاراڤێ خاندنێ، ب بریارەکا ئێک لایی جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ بریاردا ل سالێن بهێت خاندن ل قوتابخانا ب زاراڤێ بەهدینی بهێتە خاندن.

موئەیەد تەیب، ئەندامێ ئەکادیمیا کوردی و شارەزا د بوارێ زمانیدا دیارکر کو ئەگەرێ نزمبونا رێژا دەرچۆنێ ل پارێزگەها دهۆکێ نە خاندنە ب زاراڤێ بەهدینی و گۆت "نە قوتابی و نە ماموستاییێن پارێزگەها دهۆکێ ل زاراڤێ سۆرانی تێناگەهن، لەورا رێژا دەرچۆنێ ل 66% هاتییە خار بۆ 31%" ێ.

موئەیەد تەیب کو ریڤەبەرێ دەزگەهێ چاپ و بەلاڤکرنا سپیرێزە، کو تانها چەندین پەرتووک ب زاراڤێ سۆرانیژی بەلاڤکرینە، ئەو چەند بۆ (رووداو) دیارکر کو تانۆکە خەدرەکا مەزن ل زارۆکێن پارێزگەها دهۆکێ بوویە، "چونکە ماموستاییێن ڤێ دەڤەرێ سورانی تێ ناگەهن و نەشێن وانێ ب دروستی بگەهیننە قوتابیان، هەردیسان دایک و بابێن قوتابیان ل مال نەشێن نیشا زارۆکێن خۆ بدەن، چونکە ئەوژی تێ ناگەهن، لەورا زارۆکێن مە یێن دبنە قوربانی".

هەژمارا مامۆستایا ل پارێزگەها دهۆکێ 21500 یە و ب هزرا موئەیەد تەیب نەکو قوتابی بتنێ، بەلکو هزار ژ وان ماموستایا نەشێن دارشتنەکێ ب زاراڤێ سۆرانی بنڤیسن.

هەروەها موئەیەد تەیب بەحسێ ئاریشا دەڤەرێن شێخان و زمار و شنگال ژی کرو گۆت "پشتی سالا 2003، خاندنا وان دەڤەران ژی بوویە کوردی و خەلکێ وان دەڤەران چ ژ زاراڤێ سۆرانی نزانن و غەدرەکا مەزنتر یا ل وان دبیت، چونکە 1100 ماموستا ل وێ دەڤەرێ وانا ب سۆرانی دبێژن و باوەرناکەم ئێک ژوان سۆرانی تێ بگەهیت، ئەڤجا دێ چاوا وانێ گەهینیتە قوتابیێن خۆ".

هەروەها موئەید رەخنە ل وەزارەتا پەروەردێ گرت و دبێژی "تشتەکێ سەیرە کو وەزارەتا پەروەدێ خۆ ل داخازێن خەلکێ دهۆکێ ناگەهینیت". هەروەسا گۆت "ئەم وەکو خەلکێ دهۆکێ نەدژی زاراڤێ سۆرانی نە و ئەو هزر دچەوتن ئەوێن دبێژن خەلکێ دهوکێ دژی زاراڤێ سوانینە، بلا وانەک ب سۆرانی هەبیت و داکو زاروکێن مە سۆرانی ژی بزانن، بەلێ مە دڤێت زاروکێن مە ب زاراڤەکی بخوینن کو لێ تێبگەهن".

رێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردا دهۆکێش دیارکر، کو پشتی وان دوو نووسراو دسالێن 2007و 2008 دانە وەزارەتا پەروەردێ بۆ خاندنا زاراڤێ بەهدینی ل دهۆکێ، وانا چ بەرسڤ نەدان " هەردیسان پتر ژ 40 هزار ئیمزاێن خەلکێ دهۆکێ ل سەر خاندن ب زاراڤێ بەهدینی گەهشتنە مە، مە ئەو ژی گەهاندنە وەزارەتێ هە بێ بەرسڤ مایِن، لەورا مە داخازێن خەلکێ دهۆکێ گەهاندنە جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ".

جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ کو ل 41 ئەندامێن پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو و کریستیان پێکدهێت، ئەو پرسە ئێکلایی کر. هەر ل دۆر ڤێ چەندێ د.فازل عومەر سەرۆکێ جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ دیارکر "پشتی رێژا دەرچۆنێ گەلەک نزمبوو و گەهشتە 14% ل بەشێ زانستی و 16% ل بەشێ وێژەیی، بۆمە دیاربوو کو ئەگەرێ سەرەکێ نە خاندنە ب زاراڤێ بەهدینی، لەورا ل دووڤ مادێ چارێ ل دەستورێ عێراقا فیدرال کو تێدا هاتییە هەر پارێزگەهەکێ ماف هەیە ب زمانێ خوە بخوینیت، دکومبوونا 2009/3/3 دا یا جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ دا و ب تەڤایا دەنگان مە بریار دایە کو دسالا بهێت دا تا نەهێ بنەرەتی خاندن ب بەهدینی بهێتە خاندن".

هەردیسان دیارکر کو وان لبەرە ل نێزیک بریارەکا دی دەربکەن کو ل پارێزگەها دهۆکێ هەتا شەشێ ئامادەیی ب زاراڤێ بەهدینی بهێتە خاندن.

بۆ سالا خاندنێ 2008- 2009 تا شەشێ بنەرەتی خاندن ب زاراڤێ بەهدینییە، بەلێ خەلکێ دهۆکێ دبینی ئاریشە بڤێ چەندێ چارەسەر نەبوویە، بۆ چارەسەرکرنێ لژنەیەک ژ پێنج کەسان پێکهاتییە و ژلایێ جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ ڤە دەسهەلات وەرگرتییە کو ڤێ ئاریشێ چارەسربکەت. د.فازل عومەر کو سەرپەرشتیا وێ لژنێ دکەت بۆ (رووداو) دبێژی "ئەو بریارا مەدای دوو خال تێدا هەنە یا ئێکێ وانەیەک ب زاراڤێ سۆرانی دگەل بەهدینی بهێتە خاندن، یا دوویێ ئەو پروگرامێن بۆ بەهدینی دهێنە وەرگێران هند پەیڤێن سۆرانی ژی تێدابن".

هەروەها ئەوی ئاشکراکر، کو وان بریارا خۆ بۆ وەزارەتا پەروەردە و ئەنجوومەنی وەزیران بلند کرییە و گۆت "داخازێ ژ وەزارەتا پەوەردێ دکەین کو رێزێ ل بریارا مە بگریت".

ل دۆر وێ چەندێ ئەگەر وەزارەتێ رازەمەندی لسەر بریارا وان نەکر دکتۆر فازلی گۆت"مە بریارا خوە دایە و دێ هێتە جێبەجێکرن هەتا کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ بریارا زمانێ ئێکگرتی ددەت، دێ زاراڤێ بەهدینێ ل دهۆکێ هێتە خاندن، چونکە ناڤەرەک بو وەزارەتێ گرنگە نە زالکرنا فێربونا زاراڤەکی ".

بەری جەژنا نەورۆزێ لژنا زمانی ل دهۆکێ ب بەشداریا 150 ماموستا و زمانزانێن دهۆکێ کومبوونەکا ڤەکری ل تایێ دهۆکێ ئێکەتیا نڤیسکارێن کورد، سازکر و تێدا ئەڤ بریارە هاتە گەنگەشەکرن، ژلایێ خۆڤە ماموستا محەممەد عەبدوللا جێگری سەرۆکێ ئێکەتیا نڤیسکارێن کورد تایێ دهۆکێ و بەشدارێ وێ کومبوونێ بۆ (وودا) گۆت " ئەم دێ بەیانەکێ دەرکەین ئەگەر وەزارەت بەرسڤێ نەدەت، هەروەسا ئەگەر وان هەر بەرسڤ نەدا، دێ دەست ب خونیشاندنا کەین وپاشان دێ بریارا گرتنا دەرگەهێن خاندنگەهان دەین".



## کۆمپانیای هیمداد بۆرسەیەکی کڕینی پشکی جیهانی لە هەولێر دەکاتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

**لە هەولێر بۆرسەیەکی جیهانی بۆ کڕینی پشکی کۆمپانیاکانی جیهان کرایەوە، لەوبارەیەوە سەرچاوەیەک لە کۆمپانیای هیمداد بۆ ئاڵوگۆڕی دراو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، سەرمایەدار و پارەدارانی هەولێر دەتوانن لەمەودوا لەڕێگەی ئەو بۆرسەیەوە بەشداری لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی پشکە جیهانییەکان بکەن.هێرش شاکر، بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوە و فاکس لە کۆمپانیای هیمداد گوتی"بازرگانان دەتوانن لە ڕێگەی ئەو شاشە گەورانەی لە کۆمپانیای هیمداد دانراون ڕۆژانە پشکەکانی خۆیان بخەنە بازاڕ، و پشکی کۆمپانیاکان بکڕن"، هەروەها دەڵێ" هەرزانترین پشک بە 100 دۆلارە و کۆمپانیای هیمداد لە قازانجی پشکەکان هاوبەشە، هەرکەسێکیش بەشداری ئەو بازاڕە دەکات دەبێت حسابێکی لە یەکێک لە بانکەکانی جیهانی هەبێت.**

# دکتۆر تیسۆ بەسەرهاتی بەکارەباوەبوونی لە هایتی دەگێڕێتەوە

## کۆنسوڵی گشتی فەرەنسا لە هەولێر: بە مافی خەڵکی نازانم لەبەر باری تەندروستی داوا لە کۆسرەت ڕەسول بکەن دەست لە کار هەڵبگرێت



**تایبەت بە ڕووداو**

دکتۆر فرێدرێک تیسۆ، کۆنسولی گشتی فەرەنسا لە هەولێر داوای چاوپێداخشاندنەوە بە ڕەوشی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان لە کوردستان دەکات و ئەو مافە بە خەڵک نادات، کە داوا لە یەکێکی وەک کاک کۆسرەت ڕەسول بکەن بەهۆی باری تەندروستییەوە واز لە کاری سیاسی بێنێت، ڕوونکردنەوەیەکیشی لە بارەی ئەو ڕاپۆرتەهەواڵەی ڕۆژنامەی (الزمان) خستەڕوو، کە گوتبووی"بەهۆی نەبوونی ئەسانسۆر (مصعد)ەوە ناچمە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان". لەمبارەیەوە بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە "ناحاڵیبوونێک لە وەرگێڕان یان لەلێکدانەوەی قسەکانی من هەبووە، بەڵکو لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە لەوەتەی من هاتووم ڕێی تایبەت بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان کراوەتەوە، من گوتوومە ئەگەر لە فەرمانگەکان کەناڵ و ڕێڕەوی تایبەت بۆ ئەو خەڵکە نەبێت چۆن داواکارییەکانیان بگەیێنن و بەشداری لە بنیاتنانی وڵات بکەن".

کۆنسولی گشتی فەرەنسا کە زیاتر لە سێ ساڵە بەهۆی لێدانی تەزووی کارەباوە بە کورسی جوڵاو هاتووچۆ دەکات لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) حەزی خۆی بۆ گەڕان بە نێو بازاڕەکانی هەولێردا خستەڕوو، بەڵام بەهۆی بەرزی شۆستەکانی بازاڕ ئەو حەزەی نایێتە دی و گوتی" لە دامودەزگاکانی حکومەت و فەرمانگە و شوێنە گشتییەکان ڕەچاوی بارودۆخی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانی وەک کەمئەندام و پەککەوتە و کەم عەقڵ و کەڕوواڵ و نابیناکان نەکراوە، حەزدەکەم بچمە بازاڕ، بەڵام شۆستەکان 30سم بەرزن وناتوانم بە ئارەزووی خۆم هاتووچۆ بکەم".

لەم ڕوانگەیەوە، دکتۆر تیسۆ ڕەخنەی لە حکومەت و تێکڕای کۆمەڵگە گرت و، داوای کرد لە دوو لایەنەوە چاو بە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکاندا بخشێننەوەو، گوتی" خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەن، دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی پێداویستییەکانیان دابین بکەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە بنیاتنانی وڵاتدا بەشدار ببن".
کونسوڵی گشتی فەرەنسا ئاماژەی بە دوو لایەنی گرنگ دا، کە پێویستە لە کوردستان ڕەچاو بکرێن" یەکەمیان گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگەیە بەرامبەر ئەو خەڵکە کە دەبێ وەک مرۆڤی تەواو سەیر بکرێن و هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ هاووڵاتیانی ئاسایی نەکرێ، دووەمیش دابینکردنی پێداویستییەکان و دروستکردنی ڕێڕەوی تایبەت بۆیان، بۆ ئەوەی بەشداری لە چالاکی و جموجۆڵەکانی کۆمەڵگە بکەن".
دکتۆر تیسۆ خۆی وەک نموونە هێنایەوە و گوتی "هیچ جیاوازییەک لە نێوان من و یەکێکی دیکەدا نییە، هەردووکمان هاتووچۆ دەکەین، من بە کورسی و ئەو بە پێ، لە ڕێگەیەکی سەرەو لێژدا من خێراترم، بەڵام بۆ هەورازەکە ئەو خێراترە، هەردووکمان وەک یەکین". دواتر هاتە سەر ئاماژەدان بەنێوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە هەواڵەی ڕۆژنامەی (الزمان)کە ڕووداویش هەواڵێکی لێ ئامادە کردبوو، بە گوێرەی قسەی ئەو" ناحالیبوونێک لە وەرگێڕان یان لێکدانەوەی قسەکانی من هەبووە لەلایەن ڕۆژنامەی (الزمان)، لەبەرئەوەی لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە تایبەتمەندیخاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان ڕەچاوکراوە، بەڵام دەبێ لەهەموو فەرمانگە و دامودەزگا حکومی و شوێنە گشتییەکان ئەوە ڕەچاو بکرێت، ئەگەر ڕێڕەوی تایبەت نەبێ ئەو خەڵکە چۆن داوا و بەشداری خۆیان بگەیێنن، من باسی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانم نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ هاتنی من ئەوان ئەو لایەنەشیان چارەسەر کرد، دەبێ لەهەموو شوێنەکان ئەو هەنگاوە بنرێ".

دکتۆر تیسۆ بۆ یەکەمجار بەسەرهاتی خۆی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد، کە چۆن کارەبا لێیداوە و کەوتووەتە سەر کورسی جوڵاو و گوتی"من ڕاوێژکاری حکومەتی هایتی بووم لە بواری تەندروستی، سیستەمی کارەبای ئەوێش وەک کوردستانە و بە شێوەیەکی باش بەڕێوە ناچێت، لە ساڵی 2006 لە تەنیشت ئۆفیسەکەم کیبڵێکی گەورەی کارەبایی هەبوو، چەند جارێک بەتەنیشت ئەو کێبڵە دادەچووم و دەهاتم هیچ گرفتێکم نەبوو، بەڵام ڕۆژێکیان ڤۆڵتییەی کارەباکە بەرزبووەوە، لەوانەیە گەیشتبێتە 30هەزار ڤۆڵت، کە نۆرمالەکەی 5هەزارە، لە چاوتروکانێکدا تەوژمی کارەباکە لە نێوان من و کیبڵەکە بڵند بوو، منی بەرز کردەوە و پشتاوپشت بە گۆشەیەکی کۆنکریتی دادام، کە لە بەرد وچیمەنتۆ پێکهاتبوو، بڕبڕەی یەکەمی کەوانەیی پشتمی تەقاند و ئەو شلەیەی کە لەنێو دەمارەکەدا بوو ڕژا، پشتم زۆر بە ئازار بوو، منیان لە هایتییەوە گواستەوە بۆ فەرەنسا، دووجار نەشتەرگەرییان بۆ کردم، مردبووم، بەڵام زیندوویان کردمەوە و ئێستاش لە کوردستانم. من هەمیشە بەو ئومێدە دەژیم بەیەکجاری چاک ببمەوە، هەرچەندە زۆریش بەلامەوە گرنگ نییە، دەکەومەوە سەر پێ یان نا؟".

ئایا ئەو دۆخە کاری نەکردووەتە سەر ئیشوکارەکانی دکتۆر تیسۆ؟ لە وەڵامدا گوتی" ئێستاش بە ئەندازەی سەردەمی پێش ئەو ڕووداوە کاردەکەم، کە ئێستا لەسەر کورسی جوڵاوم ئایا مافی ئەوەم نییە ببمە کۆنسوڵ؟ خەڵک بۆی نییە ئەو مافە بداتە خۆی یان داوا لە یەکێکی وەک بەڕێز کۆسرەت ڕەسول بکات لەبەر باری تەندروستی دەست لەکار هەڵبگرێت، ئەو کە توانای هەبێت، بارە تەندروستییەکەی هیچ دەرهاوێشتەیەکی خراپی بەسەر ڕاپەڕاندنی کارەکانەوە نەبێت، خەڵک بۆی نییە داوا بکەن دەست لەکاربکێشێتەوە".

کۆنسوڵی گشتی فەرەنسا دەیگوت با لە پرسە مرۆییەکان،کوردستان دەستپێشخەربێت بۆ هەموو عێراق و ئاماژەی بە هەڵگرتنی سزای لەسێدارەدان دا و گوتی"ئێمە لە وڵاتانی ئەوروپا حەز دەکەین حوکمی لەسێدارەدان لە عێراق هەڵبگیرێت، چونکە هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ ئاسایشی دەروونی هاووڵاتیان، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان ئەم کارە بکات دەبێتە

### حەز دەکەم بچمە بازاڕی هەولێر بەڵام شۆستەکانی بەرزن

دەسپێشخەر بۆ هەموو عێراق، وەک بێرنارد کۆشنەر گوتەنی ببێتە نمونەیەک بۆ هەموو عێراق، لە ئایندەدا هەر دەبێت ئەو سزایایە نەمێنێت، لە فەرەنسا فرانسۆمیتران سزای لەسێدارەدانی لابرد و مێژوویکی بۆ خۆی دروستکرد، پیاوی سیاسی دوارۆژ دەبینن ئەوانە پێویستە ڕێگای دوارۆژ نیشانی میللەت بدەن".

دکتۆر تیسۆ چەند ساڵێک لەگەڵ ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور کاری کردووە، کۆمەڵگە و وڵاتی جۆراوجۆری بینیوە، کە دیاردەی کۆمەڵایەتی سەیریان لەبارەی ئافرەتان لێ بەدی دەکرێت، یەک لەو دیاردانەش خەتەنەکردنی ئافرەتانە، کە لە هەندێ ناوچەی کوردستان باوە، ئەو وەک پزیشکێکیش لەمبارەیەوە دوا و گوتی"نەک وەک پزیشک بەڵکو وەک مرۆڤیش هیچ پاساوێک بۆ بڕینی پارچەیەکی لەشی مرۆڤ نابینمەوە، دەبێ پیرۆزی لەشی مرۆڤ ڕابگیرێت، دەبێ کۆنترۆڵی ئەو لایەنە بکرێت و، دیموکراسی بە بوونی دیاردەی وەک خەتەنە پرۆسەیەکی ناتەواوە و دەبێ هەمووومان کار بکەین ئەو دیاردانە لە پەرلەمان گفتوگۆیان لەسەر بکرێت کە دەستدرێژی نەکرێتە سەر جەستەی مرۆڤ و یەکسانی بۆ هەمووان بێت و بە یاسا چارەسەر بکرێن".

## عامر خەییات، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆ (ڕووداو):

# زانیاریمان لەسەر گەندەڵی لەکوردستان نییە

**ڕووداو – بەیروت**

بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کە بارەگاکەی لە بەیروتی پایتەختی لوبنانە، گومانی خۆی لەوە دەربڕی کە دەزگایەکی حکومیی وەک دەستەی نەزاهە لەعێراق بتوانێ بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە کە ئەو بە "مەترسییەکی گەورەی سەر کۆمەڵگاکانی جیهانی عەرەبی" دایدەنێت. هاوکات بە (ڕووداو) ڕاگەیاند کە شەپۆلێکی جیهانی لەدژی گەندەڵی دەستیپێکردووەو بەدووری زانی دەوڵەتە عەرەبییەکان، کە لەڕیزبەندیی وڵاتە خاوێنەکاندا لەڕووی گەندەڵییەوە ڕیزی دواوەیان گرتووە، بتوانن تاماوەیەکی درێژ دژ بەو شەپۆلە ڕابوەستن.

عامر خەییات بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ناوبراو، کە لە ساڵی 2005 دامەزراوە و نووسینگەکەی لە نێوەڕاستی شاری بەیروتە، خۆی بەڕەگەز عێراقییەو لەدایکبووی شاری موسڵە، لەساڵی 2005ەوە بەرپرسیارێتی ئەو ڕێکخراوەی گرتووەتە ئەستۆ کە ئەو بەتاکە ڕێکخراوی لەوجۆرەی دایدەنێت لە وڵاتانی عەرەبیدا.

کۆتایی ساڵی 2006 ڕاپۆرتێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەعێراق کە لە 82 لاپەڕە پێکهاتبوو، هەمان ڕەخنەی ئاراستەی دەستەی نەزاهە کرد کە توانای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی نییەو بەپێی ڕاپۆرتەکە "ناکرێ بەدەزگایەکی ڕاستەقینەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دابنرێ".

ئەو ڕاپۆرتە کە وێنەیەکی دزەی کردبوو بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئاماژەی بەوەکردبوو کە گەندەڵی لەعێراقدا بەشێوەیەکی مەترسیدار تەشەنەی کردووەو هەموو بوارەکانی گرتووەتەوە، هەروەها ئاشکرای دەکات کە ژمارەیەک لەوەزارەتەکانی حکومەتی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی میلیشیاو سەرکردەکانی تاوانی ڕێکخراودان.

ڕاپۆرتەکە دەڵێ حکومەتی عێراق توانای جێبەجێکردنی لانیکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی نییەو تەنانەت نووسینگەی خودی سەرۆک وەزیران دژی هەر لێکۆڵینەوەیەک دەوەستێتەوە کە دەست بۆ دۆسیەکانی گەندەڵی ببات. لەبارەی دەستەی نەزاهەشەوە دەڵێت "وێڕای ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام دەستەی نەزاهە بەهۆی بارودۆخی ئەمنی و سروشتی توندوتیژی تاوانباران کە دەستیان بەسەر وەزارەتەکاندا گرتووە، ناتوانێ بەبێ پشتگیریی تەواوی حکومەت هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ڕاستەقینە بکات"، هەروەها دەڵێت "لەبەر هەموو ئەو هۆیانە ناتوانین متمانەی تەواو بەتوانای لێکۆڵەرانی سەر بەدەستەی نەزاهە بکەین بۆ دەستگیرکردنی ئەوانەی خاوەن دەسەڵاتن یان لەلایەن کەسانی خاوەن دەسەڵاتەوە دەپارێزرێن".



### ئەو ڕەوتە جیهانیەی دژی گەندەڵی دەستپێکردووە خەریکە دەگاتە ناوچەی ئێمەش

بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆ (ڕووداو)

عامر خەییات پێیوایە دەستەی نەزاهەی عێراق ناتوانێ بەرەنگاری "دامەزراوەی سەر بەحکومەت واتە دامەزراوەی سەر بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت کە ئەو دەسەڵاتە خۆی پێویستی بەوەیە چاودێریی لەسەربێت، بۆیە دەزگای سەر بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن ناتوانێ چاودێریی خودی ئەو دەسەڵاتە بکات"، هەر لەبەرئەوەش جەختیکردەوە کە ڕێکخراوەکەی ئەوان کۆمەکی دارایی لەلایەن حکومەتەکانەوە ڕەتدەکاتەوەو بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو یارمەتییانەش دەکات کە لەدەرەوە پێیدەگەن.

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەو ڕاپۆرتانەدا کە دەربارەی ڕادەی تەشەنەکردنی گەندەڵی لەسەرانسەری جیهاندا بڵاوی دەکەنەوە، وێنەیەکی تەڵخ و تاریک لەبارەی جیهانی عەرەبی پێشکەش دەکەن، لە دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی کە کۆنترین ڕێکخراوە لەبواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا، هیچ کام لەو 22 دەوڵەتەی جیهانی عەرەبی پێکدێنن، لەڕیزی پێشەوەی ئەو دەوڵەتانەدا نەبوون کە دامودەزگاو سیستەمی تۆکمەیان بۆ شەفافیەت و بنبڕکردنی گەندەڵی دامەزراندووە، بەپێی ڕاپۆرتێکی بانکی نێودەوڵەتیش کە ساڵی 2005 بڵاوکرایەوە، لەکۆی یەک تریلیۆن دۆلار کە ساڵانە بەگەرووی گەندەڵیدا دەچێ، 300 ملیار دۆلاری بەر وڵاتانی عەرەبی کەوتووە.

ڕاپۆرتەکە لەوبارەوە دەڵێت "وڵاتانی عەرەبی بەرپرسن لە 30%ی ئەو پارەیەی ساڵانە بەهۆی گەندەڵییەوە بەفیڕۆ دەچێت، ئەو پارەیەش 300 ملیار دۆلارە لەکۆی یەک تریلیۆن دۆلار".

بەگوێرەی ئەو ڕیزبەندییەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیش کردوویەتی، وڵاتانی عەرەبی لەمەسەلەی گەندەڵیدا لەخراپترین دۆخدان، ئەو ڕیزبەندییە وا پێشاندەدات کە هەموو وڵاتە عەرەبییەکان جگە لەپێنجیان، کەمتر لەپێنج خاڵیان بەدەستهێناوە لەکۆی ئەو 10 خاڵەی ڕێکخراوەکە وەک پێوەرێک بۆ خاوێنی و کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی دایناوە، لەنێو ئەو 17 وڵاتە عەرەبییەشدا کە لەدۆخێکی زۆر خراپدان، پێنج وڵاتیان کە بریتین لە عێراق، سۆدان، سۆماڵ، لیبیاو فەلەستین لەڕیزی هەرە خراپتریندان لەڕووی تەشەنەکردنی گەندەڵییەوە.

عامر خەییات لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاماژە بەلایەنێکی مەترسیداری ئەو گەندەڵییە دەکات کە گەندەڵیی سیاسییەو پێیوایە هەرئەوەش سەرچاوەی هەموو گەندەڵییەکانی دیکەیە "گەندەڵی لەوڵاتانی ئێمە هەر بەتەنیا گەندەڵیی دارایی نییە وەک ئەوەی لەڕۆژئاوا هەیە، لەڕۆژئاوا گەندەڵیی سیاسی کۆتایی هاتووە، لەوێ دیموکراسی هەیەو پەرلەمان هەیە و حیزب و دامودەزگای ئەوتۆ هەن کە لەو مەسەلانە دەپێچنەوە، بۆیە ئەوەی زیاتر لەوێ ڕوودەدات گەندەڵی داراییە، لەوڵاتانی ئێمەدا گەندەڵی بەپلەی یەکەم گەندەڵیی سیاسییە، تەنانەت ئەو گەندەڵییەش کە لەبوارەکانی دیکەی بازرگانی و ئاڵوگۆڕدا ڕوودەدات هەمووی بەهۆی گەندەڵی سیاسی ڕوودەدات".

بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ ئەوەشدا گەشبینە بەوەی کە شەپۆلێکی جیهانی لەدژی گەندەڵی دەستیپێکردووەو وا خەریکە دەگاتە جیهانی عەرەبیش، ئەو پێیوایە ڕژێمە عەرەبییەکان ناتوانن تاسەر بەرامبەر بەو شەپۆلە خۆیان ڕاگرن و سەرئەنجام ناچارن مل بە گۆڕانکاری بدەن کە بەبڕوای زۆر لەشارەزایان ڕژێمە عەرەبییەکان بۆئەوەی بەرەنگاری گەندەڵی ببنەوە دەبێت لەگەندەڵیی سیاسییەوە دەستپێبکەن کە ئەوەش بەمانای لەبەریەکهەڵوەشانی ئەو بنچینەیە دێت کە سیستەمی سیاسی لەسەر بنیاتنراوە.

عامر خەییات پێیوایە لەژێر کاریگەریی ئەو شەپۆلەدا گۆڕانێک لەهەندێ لەوڵاتە عەرەبییەکاندا ڕوویداوە، ئەو لوبنان بەنموونە دێنێتەوە کە دەیەوێ بەدەم بانگەوازی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بچێ و بەشێوەیەکی جددی خەریکی دروستکردنی دامودەزگاو داڕشتنی یاساو دانانی ڕێوشوێنە لەدژی گەندەڵی، هەروەها دەڵێت "وڵاتانی دیکەی وەک ئوردن و کوێتیش بەهەمان ئاراستەدا دەچن، کەواتە هەندێ وڵاتی عەرەبی هەیە کە هەستدەکەن ئەم ڕەوتە جیهانییەی دژی گەندەڵی دەستپێکردووە خەریکە دەگاتە ناوچەی ئێمەش و ئیدی لەتوانادا نەماوە دژی بوەستنەوە".

خەییات لەڕووی هەنگاونانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەشێوەیەکی تایبەتی بەعێراق گەشبینەو دەڵێت "عێراق بەدۆخێکی نائاساییدا تێدەپەڕێ، بەڵام پێموایە عێراق هەر کەمێک بێتەوە سەرخۆی، عێراقییەکان بەسروشتی خۆیان گەندەڵی قبووڵ ناکەن، من تا ساڵی 1977 لەعێراق ژیاوم و کارم کردووە، تا ئەوکات دەتوانم بڵێم شتێک بەناوی گەندەڵی لەعێراق نەبوو. لەبەرئەوەش نییە کەخۆم عێراقیم، بەڵام عێراقی ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ خەڵکی وڵاتانی دیکەی عەرەبی، دەتوانی بڵێی بەسروشتی خۆی دژی گەندەڵییە".

ئەو پسپۆرە عێراقییە، کە سەرۆکی ڕێکخراوی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە، دەڵێ ئاگادارە کە لە ڕۆژنامەکانی جیهاندا هەندێجار باسی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دەکرێ " بەڵام ئەوە ڕای ئێمە نییەو ناتوانین پشتی پێببەستین، ئەوە ڕای ڕۆژنامەکانە. هەندێ بابەتم لەڕۆژنامەی گاردیان بینیوە، لەوە زیاتر زانیاریم لەسەر قەبارەی گەندەڵی لەکوردستان نییە".

# بودجەی کوردستان هێشتا دوادەکەوێت

**ڕووداو-هەولێر**

سامی ئەترۆشی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند بەپێی دەستوور سەرۆکایەتی کۆمار بۆی نییە بودجە ڕابگرێت و، ڕاگرتنی بودجەش لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە دەبێتە هۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە لە هەرێمی کوردستان.

بەپێی یاسای ئیدارەی دارایی، دەبوایە مانگی 11ی 2008، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بودجەی 2009ی بنێرێتە پەرلەمان، بەڵام سێ مانگ دواکەوت و، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە و سێ جار پێداچوونەوە بە بودجەدا کراو کەمکرایەوە، پاش دوایین داڕشتنی لە ئەنجوومەنی وەزیران، ماوەی مانگێک لە پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە کرا،دوای پەسەندکردنی ڕەوانەی سەرۆکایەتی کۆمار کرا . ئێستا سەرۆکایەتی کۆمار بودجەکە پەسەند ناکات و داوای هەندێک زانیاری دەکات، کە پەیوەندی بەو پێنج ترلیۆن دینارەوەهەیە کە لە بوودجە کەمکراوەتەوە.

سامی ئەترۆشی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " پێویست نییە بودجە لە سەرۆکایەتی کۆمار دوابکەوێت، چونکە بەپێی مادەی 138، خاڵی (ا) بڕگەی 5 لە دەستوور، دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کۆماری دیاریکراوە کە سەرۆکایەتی کۆمار بۆی هەیە کە یاسا گەیشتە دەستی لە ماوەی 10 ڕۆژدا یان پەسەندی بکات، یان ڕەتی بکاتەوە، ئێستا سەرۆکایەتی کۆمار هیچ کام لەم دوو خاڵەی نەکردووە، بۆیە ئەم ڕاگرتنە دەستوری نییە". ناوبراو هۆکاری ڕاگرتنی بوودجەی ڕوونکردەوەو گوتی "سەرۆکایەتی کۆمار هەندێک خشتەی دەوێت و ئەو خشتانەش ئاسان نییە، چونکە لای پەرلەمان نییەو داوا لە پەرلەمانیش بکات، پەرلەمان ناتوانێت بۆی بنێرێت، خشتەکەش پەیوەندی بەیەک بڕگەوە هەیە، ئەویش کەمکردنەوی پێنج ترلیۆن دیناری بودجەیە".

ئەو پەرلەمانتارە، هۆکاری ئاگادارنەبوونی پەرلەمان لەو خشتەیە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە پەرلەمان بۆی هەیە کۆی گشتی کەمبکاتەوەو ناچێتە ناو وردەکاریی بودجەکەوە "بەپێی یاسا دیاریمان کردووە کە حکومەت بۆی هەیە ئەو پێنج ترلیۆنە کەم بکاتەوە بەمەرجێک لە مووچە و خۆراکدا نەبێت".

سەرۆکایەتی کۆمار لەنووسراوێکدا کە بۆ پەرلەمانی عێراقی ناردووە، تەنیا داوای خشتە دەکەن، بە بۆچوونی ئەترۆشیش ئەم داوایە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە سەرۆکایەتی کۆمار دەترسێت ئەو پێنج ترلیۆنە، حکومەت لەهەندێک شوێن کەمی بکاتەوە لەوانە بودجەی سەرۆکایەتی کۆمار و بودجەی هەندێک پرۆژەی خزمەتگوزاری و بودجەی ئەمنی "سەرۆکایەتی کۆمار دەیەوێت دڵنیابێت لەوەی کە لەکوێدا کەمی دەکەنەوە".

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق تاوەکو ئێستا پەیوەست نەبووە بەوەی، خشتەی کەمکردنەوەکە بداتە پەرلەمان و سامی ئەترۆشیش دەڵێت " 10 ڕۆژە داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە خشتەی ئەو کەمکردنەوەمان بۆ بنێرێت، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران زۆر پەیوەست نییە بەو

> **سەرۆکایەتی کۆمار بەشێوەیەکی نا یاسایی بودجەی ڕاگرتووە و ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەکەیفی خۆی خەرجیدەکات**
> سامی ئەترۆشی
> ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق

بابەتەوە، چونکە ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران بەویستی خۆی بودجە خەرجدەکات".

بەپێی گوتەی ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە کاریگەری دەبێت لەسەر دواکەوتنی پەسەند کردنی بودجەی کوردستان " لەپاش ئەودواکارییەی ئێمە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دوو دانیشتنی کردووەو قسەی لەو بارەوە نەکردووە، لەکاتێکدا وەزارەتی دارایی عێراق چەند پێشنیازێکی ناردووە، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران پەیوەست نییە بەو بابەتەوە".

بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێیوایە دواکەوتنی بودجەی عێراق کاریگەری خراپی دەبێت، هەر بۆیەش ناتوانن بودجەی هەرێمی کوردستان ڕەوانەی پەرلەمان بکەن "ئامادەکارییەکی باشمان کردووە بۆ داڕشتنەوەی بودجە، بەڵام ئەگەر ژمارەیەکمان لەبەغداوە بۆ دیاری نەکرێت ناتوانین بودجە بنێرینە پەرلەمان".

بەپێچەوانەی گوتەکانی وەزیری داراییەوە، د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوێس، سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان، دەڵێت بودجە لە بنەڕەتدا خەمڵاندنە لەسەر بنەمایەکی زانستی و دەتوانرێ هەر لەسەرەتای ساڵدا ئەم خەمڵاندنە بکرێ و گوتیشی "پێویستە پێش ئەوەی ساڵی نوێ بێت بودجە بهێندرێتە پەرلەمان و گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت و لەڕووی یاسایی و واقیعییەوە وایە، ئەگەر پاش پەسەندکردنی بودجەش لەناوەندەوە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات دەکرێت دواتر پێداچوونەوەی بۆ بکرێت".



## کۆنفرانسی هەولێر بەبێ بەشداری DTPو PKK فاشیل دەبێ

محەممەدئەمین پێنجوێنی سیاسەتڤانێکی ناسراوەو دۆستێکی نزیکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و زۆربەی سەرکردەکانی PKKیە، لەکاتێکدا کەفشارێکی زۆر لەسەر PKK دروست بووە بۆ چەکدانان و کۆتایی هێنان بەخەباتی چەکداری، پێنجوێنی پێیوایە کە پێویستە PKK چەک دانەنێت و دەشڵێت ئێستا PKK لەوپەڕی بەهێزیدایە. لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) وەڵامی پرسە هەنووکەییە پەیوەستەکان بە PKK دەداتەوە، بەتایبەتی کە ئەو وەک بەشدار و ئاگادار لە هەوڵەکانی نێوان PKK و هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستان و تورکیاش لەو پێوەندییەداو کۆنفرانسی ئاشتی هەولێر دەدوێت کە وا چاوەڕوان دەکرێت مانگی داهاتوو ببەسترێ:

ڕووداو – سلێمانی



## پێویستە PKK تادەگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا هێزی چەکداری بمێنێت

### محەممەد ئەمین پێنجوێنی، دۆستی نزیکی ئۆجەلان و سەرکردایەتی PKK :

# پەیامی مام جەلالم گەیاندووەتە PKK و وەڵامیشم هێناوەتەوە

**ڕووداو: لەنێو ئەو هەوڵانەی ئێستادا، PKK لە لەنێوچوون نزیکە، یان لە قبوڵکردنی وەک لایەن لەچارەسەری کێشەی کورد لەلایەن تورکیاوە؟**

**پێنجوێنی:** ئێستا PKK لە لووتکەی بەهێزی سیاسی و مەعنەوی و جەماوەریدایە، نموونەش نیمچە ڕاپەڕینەکانی باکووری کوردستانە. ڕاستە پیلانێک دژی PKK هەیە، جاران بەشەڕ و ئێستا بەفێڵ و تەڵەکە، بەڵام وادەزانم کە PKK ئەو فێڵ و تەڵەکانەش لەنێو دەبات و سەربەرزانە دەردەچێت و بەرەو ئەوە دەڕوات کەچارەسەرێک بۆمەسەلەی کورد لە باکووری کوردستان بدۆزێتەوە.

### چەکدانان

**ڕووداو: پرۆژەی چەکدانانی PKK لە کەیەوە لە گفتوگۆ نهێنییەکاندا هەیە؟**

**پێنجوێنی:** ئەو پرۆژەیە نزیکەی دووساڵە لەئارادایە، کەناڵە نهێنییەکان کە پەیوەندییان لەگەڵ PKK کردووە، چ دەوڵەتەکانی ئەورووپا چ ئەمریکا، هەرچەندە ئەمریکییەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ PKK دانانیشن، لەرێگەی سەرکردە کوردەکانی باشورەوە ئەو پەیامەیان گەیاندووەتە PKK کە واز لەشەڕی چەکداری بێنن و بکەونە گفتوگۆ لەگەڵ تورکیا. PKK هیچ کاتێک لاری لەوە نەبووە کە دیالۆگ بکات و بگاتە بنەمایەک بۆچارەسەری. PKK دەیەوێت دڵنیابێت لەهێنانەدی مافی کورد لەباکووری کوردستان خۆ هەر لەخۆیەوە چەک دانانێت. من هەموو جارێک وتومە پێنج شەش هەزار چەکدار بەو شاخ و داخانەوە کە شوێنی وای هەیە گورگیشی تێدا ناژی، ئەوان لەوێ چەک دابنێن هەر گورگ دەیانخوات، چۆن شتی وادەبێت. PKK ئامادەیە بۆ دانیشتن و گفتوگۆ، ئەگەر دەوڵەتی تورک ئامادەبێت. لە زمانی ئۆجەلان و قەرەیلانەوە ئامادەیی خۆیان بۆ دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتی تورک دەربڕیوە.

**ڕووداو: بەرامبەر چەکدانانی PKK تورکیا جگە لە دەرکردنی لێبووردنی گشتیی بەڵێنی چیدیکەی داوە؟**

**پێنجوێنی:** تورکیا تائێستا هیچ بەڵێنێکی نەداوە. PKK لەوەختێکدا چەک دادەنێت کە خۆی تەرەفی گفتوگۆکان بێت و ڕاستەوخۆ دەوڵەتی تورک لەگەڵیان دابنیشێت، PKK لەسەر ئەم ئەساسە چەک دادەنێت.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر یەکێتی و پارتی داوا لەPKK بکەن کە ئەوان ببنە گفتوگۆکار، ئەگەر تورکیا نەیەوێت لەگەڵ PKK دابنیشێت؟**

**پێنجوێنی:** ئەوە تەرەفی سێیەمی پێدەڵێن، ئەوە دانوستانی ڕاستەوخۆی پێناوترێت و خۆ پارتی و یەکێتی خاوەنی PKK نین، ئەوەی من دەیزانم سەرکردایەتی باشووری کوردستان زۆر هەوڵیانداوە بۆ چارەسەری کێشەی باکووری کوردستان و وتویانە ئێمە ئامادەین بۆ هەر هەوڵێک لەو بوارەدا، بەڵام خۆ دەبێت گفتوگۆکە هەر لەگەڵ PKK بێت، چونکە خۆیان خاوەنی مەسەلەکەن و چارەسەر بەدەست ئەوانەو لاریشیان لەوەنییە خێرخواز بکەوێتە نێوانەوە، ئەگەر سەرکردایەتی باشوور یان یەکێتی ئەورووپا یان ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی یان نەتەوەیەکگرتووەکان بێت.

**ڕووداو: وەک زانیومانە بەڕاسپاردەی یەکێک لە سەرکردەکانی باشووری کوردستان لەو ماوەیەدا سەردانی موراد قەرەیلان و سەرکردەکانی دیکەی PKKت کردووە، چ پەیامێکت گەیاندە سەرکردایەتی PKK؟**

**پێنجوێنی:** چەند جارێک سەردانی ئەوانم کردووە، چونکە لەو ڕۆژەوەی کە ناسیومن پەیوەندیم لەگەڵیان هەیەو هەر وەک خۆیەتی، ئیتر جارێکیش ئەگەر پەیامی کەسایەتییەکی وەک جەنابی مام جەلال یان سەرکردەیەکی دیکەی کورد هەبووبێ، گەیاندوومەو وەڵامەکەشم هێناوەتەوە. ئەگەر جەنابی مام جەلال شتێکی ویستبێ، وەک خێرخوازێک و کەسێکی بەپەرۆش بۆ مەسەلەی کورد و نەتەوەی کورد، چی هەبووبێت بردوومەو وەڵامیشم هێناوەتەوە، وەڵامی ئەوان ئەوەیە کە ئێمە ئامادەی چارەسەری کێشەی کوردین بەشێوەی ئاشتیانە، بەمەرجێک مافی کورد مسۆگەر بێت.

**ڕووداو: لەوماوەیە لەگفتوگۆکانتدا لەگەڵ سەرکردەکانی PKK ئەوەت بۆ ڕوونبووەوە کە ئەوان ئامادەن چەکدابنێن؟**

**پێنجوێنی:** زۆر ڕوون و ئاشکرایە بەلامەوە کە PKK ئامادەیە بۆ دیالۆگ و چارەسەری مەسەلەکە، هەر کاتێک ئەوان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کەدەوڵەتی تورک جدییە لەوەی چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە، ئەوان چەک دادەنێن و دەیانەوێ بێن لەپرۆسەی سیاسیشدا بەشداری بکەن و پەرلەمانی تورکیا بکەنە مینبەرێک بۆکاری سیاسی. ئێستا هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لەتورکیا لەپێشەو پێموایە ئەمجارە نزیکەی 75 شارەوانی بەدەستدێنن، کەئێستا نزیکەی 50یان بەدەستەوەیە. لەوێ شارەوانی نیمچە حکومەتێکە، وەک ئەوەی لای ئێمە نییە.

**ڕووداو: مام جەلال لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (سەباح)ی تورکی دەڵێ هەندێک لەسەرکردەکانی PKK دژی چەکدانانن، ئەوانە کێن؟**

**پێنجوێنی:** دژی چەکدانان نین، لە حیزبێکی گەورەی وەک PKK دا بێگومان ڕای جیاوازیشی تێدادەبێت، هەیانە 20–25 ساڵە چەکی بەشانەوەیە، حەتمەن تێیاندایە ڕای جیاوازی هەیە، بەڵام وەک من بزانم سەرکردایەتی PKK هەموولەسەرئەوە کۆکن کە چارەسەری ئاشتیانە بێتە ئاراوەو مافی کورد مسۆگەر ببێت.

**ڕووداو: پێتوایە کاتی ئەوە هاتووە PKK چەک دابنێ؟**

**پێنجوێنی:** بەبڕوای من بەپێی ئەو پلانەی کەDTP گرتوویەتییە بەر بۆ وەرگرتنی شارەوانییەکان، دوای هەڵبژاردن، تورکیا ناچار دەبێت لەگەڵ PKK گفتوگۆبکات، ئەگەر هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بەڕێوەبچێت DTP لەهەموو شارو شارۆچکە کوردییەکان سەردەکەوێت، ئێستا ناتوانم بڵێم هەموو کورد، بەڵام زۆرینەی هەرەزۆری کورد لەگەڵ PKKو DTPیەو دەزانن بەو هەڵبژاردنە مەسەلەی PKKش بەلایەکدا دەکەوێت.

**ڕووداو: PKK ئەگەر چەک دابنێ وەک حیزب کۆتایی نایێت، کە گەریلا و سەرکردەکانی لێک جیاببنەوە؟**

**پێنجوێنی:** گەریلا هێزە، چەندە گەریلا لە باشووری کوردستان هەیە، زۆر زیاتریش لەقوڵایی باکووری کوردستاندان، PKK هێزو حیزبە، هێزی گەورەی ماددی و مەعنەوی PKK لەکوردانی ئەورووپاوەیە، ئەوانی ئەورووپا مەسەلەی کوردیان هێنایە سەرمێزو جادەی ئەورووپا، ئێستا چاک و خراپی ئەورووپا دەزانن کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مەسەلەیەک هەیە بەناوی مەسەلەی کورد، جگە لەوە ڕێکخستنەکانی ناو شارەکانی باکووری کوردستان، هێزی PKKن و لە هەر جێگەیەک 500 کوردی لێبێت، ئەوە ڕێکخستنی PKKیە، ئەوە پێیدەوترێت گۆڕان لەسیستەمی خەبات، لە نەهجێکی چەکدارییەوە بۆ نەهجێکی سیاسی و دیبلۆماسی. هەرچەندە ئێستا PKK خەباتی دیبلۆماسی زۆر بەهێزەو لە ئەورووپا لەگەڵ زۆربەی دەزگا گرنگەکانی ئەورووپا و پەرلەمانەکانی ئەورووپا پەیوەندی دیبلۆماسییان هەیەو ئەم هێزە چەکدارییە وەک پاڵپشتێکی هێزە دیبلۆماسیەکە بەکاردەهێنن.

**ڕووداو: پێویستە سەرکردایەتی باشووری کوردستان کە پێداگیری لەسەر چەکدانانی PKK دەکات، لە بەرامبەردا چ داوایەک بۆ PKK و کێشەی باکووری کوردستان لە تورکیا بکات؟**

**پێنجوێنی:** داوای ئەوە بکەن کە بێن لەگەڵ PKK دابنیشن، چونکە مەحاڵ نییەو خۆمان دەزانین لە باشووری کوردستان چەندەها جار موفاوەزات دەبوو، نەدەگەیشتنە ئەنجام و شەڕ دەبووەوە تاگەیشتووەتە ئێستا، باشترین شت ئەوەیە کە ئەوان هەوڵبدەن دەوڵەتی تورکیا و PKK لەسەر مێزێک دابنێن بۆ چارەسەری کێشەی کورد. خۆ شەرت نییە ئەوەی PKK دەیەوێ سەد لەسەد جێبەجێ ببێت، بەڵکو دەتوانن چارەسەری ناوەندی بدۆزنەوە.

**ڕووداو: بەڕای تۆ ئەو دووڕێگایەی مام جەلال دایناوە یان چەکدانان یان بەجێهێشتنی عێراق، ڕاستە؟**

**پێنجوێنی:** هیچ تەعلیقێکم لەسەر ئەوە نییە.

**ڕووداو: ئایا ئەو دووڕییانە یەکلایی دەبێتەوە؟**

**پێنجوێنی:** ئەرزی واقیع شتێکی دیکەیە، حکومەتی تورکیا چەند ساڵ هێرشیکرد نەگەیشتە ئەو شوێنانەی کە دەیویست، حکومەتی عێراقیش هەروا، حکومەتی عێراق چ هێزێکی هەیە بچێت قەندیل داگیربکات؟

**ڕووداو: مەترسی دروستبوونەوەی شەڕی پارتی و یەکێتی لەگەڵ PKK لەو دووڕییان دیاریکردنەدا بەدیدەکەی؟**



محەممەد ئەمین پێنجوێنی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان دا لە دیمەشق

**پێنجوێنی:** هەتا ئێستا بڕوام وایە جارێکیتر کوردی باشوور شەڕی چەکداری لەگەڵ PKK ناکات.

**ڕووداو: مام جەلال دەڵێ کە PKK ڕازیبوو چەک دابنێ، چەکەکانی تەسلیمی ئەمریکا دەکات، هەندێکیش دەڵێن پرۆسەکە بەسەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێ، زانیارییەکانی تۆ لەوبارەوە چین؟**

**پێنجوێنی:** PKK بەبێ بوونی بنەمایەک چەک دانانێت، کە چەکیشی دانا بۆچی دەیداتە ئەمریکا؟ ئەمریکا ئێستا دەیەوێت چەکەکانی خۆی بفرۆشێتە عێراق و وڵاتانی کەنداو و لەگەڵ خۆی نەیباتەوە، ئیتر چەکی PKKی بۆ چییە.

**ڕووداو: مەبەستت لەوەیە بەسەرپەرشتی ئەمریکا پرۆسەکە بەڕێوە بچێت؟**

**پێنجوێنی:** وەک وتم جارێ هێشتا بیریان لەچەکدانان نەکردووەتەوە.

**ڕووداو: ئەو لێبووردنەی کە دەردەچێت سەرکردەکانی PKK دەگرێتەوە؟**

**پێنجوێنی:** PKK لێبووردنێک قبوڵ ناکات کە هەموویانی تێدا نەبێت و لەچوارچێوی ئەوانیشدا دەبێت ئۆجەلانیش بگرێتەوە.

**ڕووداو: دەگوترێ تورکیا ئامادەنییە لە 200 سەرکردەی PKK خۆشبێت و بیانخاتە بەر لێبووردنی گشتی، ئایا ئەو مەسەلەیە هێشتا جێی گفتوگۆیە یاخود بڕاوەتەوەو دەنێردرێنە ئەمریکاو ئوستراڵیاو وڵاتانی ڕۆژئاوا؟**

**پێنجوێنی:** نە دەچنە ئەمریکاو نە دەچنە ڕۆژئاوا، هەتا چیای کوردستان مابن ئەوان ئەو شوێنانە بەجێناهێڵن، PKK یەک چوارچێوەی بۆ ئەو مەسەلەیە هەیە، دەبێت هەر لە عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە بگرێتەوە تادەگاتە گەریلایەکی ئاسایی، کە دادگا داوای لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکات.

**ڕووداو: چارەنووسی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق و PKK لەعێراق چەندە پێکەوە بەستراوە؟**

**پێنجوێنی:** ئێران فشارێکی زۆری لەسەر حکومەتی بەغداو هەرێمی کوردستان هەیە بۆ دەرکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، هەتا لەم هاتنەی موتەکی و ڕەفسەنجانی باسیان لێوەکراوەو داوایان کردووە دەربکرێن، باسی ئەوە کراوە کە نابێت PKKو پژاک لەناو عێراق بن، بەڵام تاچەند میکانیزمی دەرکردنی ئەوانە هەیە، ئەوە قسەی خۆی هەیە.

**ڕووداو: هەڵوێستی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ماوەی دوو هەفتەدا جیاوازی تێکەوت، جاری یەکەم گوتی PKK ئامادەیە چەک دابنێ، بەڵام دوای سەردانی مام جەلال بۆ تورکیا گوتی ئەگەر پارتی و یەکێتی ئامادەبن چەکی خۆیان تەسلیمی ئەمریکا بکەن ئێمەش ئەوکات ئامادەین، ئایا بەڕاستی هەڵوێستی ئۆجەلان چییە؟**

**پێنجوێنی:** من موتابەعەی هەڵوێستەکانی دەکەم، ئەو دەڵێت ئەگەر بێتو دەوڵەتی تورکیا لەگەڵیان دابنیشێت و مافی کورد مسۆگەر بکات، چەک دادەنێن.

### ئۆباما و ئۆجەلان

**ڕووداو: وەک چەند سەرچاوەیەکی کوردی و تورکی باسیان کردووە، لەوماوەیەدا گفتوگۆ لەنێوان ئیدارەی ئۆباماو تورکیادا هەبووە لەسەر ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، فەلەکەدین کاکەیی دەڵێ گفتوگۆکان لەنێوان هەردوولادا لە چەند مانگی داهاتوودا گەرمتریش دەبن، تۆ چ زانیارییەکت لەوبارەوە هەیە؟**

**پێنجوێنی:** من پێشبینی گۆڕانی زۆر شت دەکەم لە دوای ئەو هەڵبژاردنەی تورکیا. مەسەلەی ئازادکردنی ئۆجەلان و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ PKK دێتە ئاراوە، تورکەکان ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەگەر دانوستان لەگەڵ کورد بکەن، دواتر چۆن تەعامول لەگەڵ مەسەلەی کورد بکەن و چی بدەن بە کورد. ئێستا سەرنووسەری ڕۆژنامەی (میللیەت)ی تورکی کە یەکێکە لە سیاسەتکارو ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی تورکیا، پرۆژەیەکی پێشکێشی تورکیا کردووەو دەڵێت پێویستە لەگەڵ PKK دابنیشن، چونکە ئابووری تورکیا ئیفلاسی کردووە بەهۆی ئەم شەڕەوە، ئەو دەڵێت دەبێت لەچوارچێوەی یەکێتی تورکیا چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکرێت. PKK بەردەوام چالاکی کوردی باکووریان پەیوەست کردووە بە ئازادکردنی ئۆجەلانەوەو ئۆجەلان وەک سیمبولێکی ڕۆحییە بۆ کوردانی باکوور. دادگای مافی مرۆڤی یەکێتی ئەورووپاش ئۆجەلانی بەرائەتکردو وتی سەرکردەیەکی سیاسییەو بەرپرس نییە لەکوشتنی خەڵک و دەبێ ئازاد بکرێت.

**ڕووداو: لەیلا زانا لە ئاهەنگی دیاربەکر گوتی: "ساڵی داهاتوو عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە دیاربەکر ئاهەنگی دیاربەکر دەگێڕێ"، تۆ لەو باوەڕەدای ڕۆژێک بێت تورکیا ئۆجەلان ئازاد بکات؟**

**پێنجوێنی:** لەسیاسەتدا هیچ شتێک مەحاڵ نییە، ماندێلا و عەرەفات گەورەترین تیرۆریستی ئەم جیهانە بوون، لەدواییدا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتییان وەرگرت. مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی زۆر گەورەیەو خۆمان باش نایبینین چونکە لەناوەوەین، بەڵام لە دەرەوە سەیری بکەیت هەست بەگەورەییەکەی دەکەیت، مەسەلەی میللەتێکی 40 ملیۆنییەو چوار دەوڵەتی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە.

**ڕووداو: پێتوایە هەڵوێستی ئۆباما بۆ چارەسەری کێشەی باکووری کوردستان لە هەڵوێستی ئیدارەی بوش باشتر بێ؟**

**پێنجوێنی:** سیاسەتی گشتی ئۆباما ئەوەیە کە ناوچەکە ئارام بکاتەوە، ئەو دەزانێت کە شەڕەکانی کەنداو و لوبنان و ناوچەکە وایکردووە کە ئەمریکا بەملیارەها دۆلار خەرجبکات و ئابووری جیهان بەوهۆیەوە تێکچووە، بۆیە دەیەوێت پێداچوونەوەیەک بەسیاسەتیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بکات و مەسەلەی کوردیش هەر لەو چوارچێوەیەدا حساب دەکەن کە پێویستە ئەو ناوچەیە بەتەواوی ئارام بکەنەوە، تا دەستیان بۆ لێدانی بزووتنەوەی تیرۆریستی تالیبان و ئەوانە بکرێتەوە.

**ڕووداو: نێوەڕاستی مانگی ڕابردوو شاندێکی ئەمریکی سەردانی باکووری کوردستانی کرد، بەڵام لەگەڵ DTP دانەنیشت، ئەگەر DTP لەو هەڵبژاردنە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستبێنێ بۆ ئەمریکاش دەبێتە موخاتەب؟**

**پێنجوێنی:** ئەگەر DTP هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی باش مسۆگەر بکات و سەرکەوتنی باش بەدەست بێنێت، ئەوکات وەفدی ئەمریکی لە دیاربەکر لەگەڵ عوسمان بایدەمیر دادەنیشێت.

### کۆنفرانسی هەولێر

**ڕووداو: بەپێی زانیارییەکانی تۆ مەبەست لە کۆنفرانسی هەولێر چییە؟**

**پێنجوێنی:** ئەو کۆنفرانسە شتێکی باشە، بەڵام گرنگ ئەوەیە گوتاری دیبلۆماسی و سیاسی کورد بکاتە یەک. بەڵام ئەگەر کۆنفرانسێک بگیرێت وDTPو PKKی تێدانەبێت، کۆنفرانسێکی فاشیلەو هیچ ئەنجامێکی نابێت، چونکە تۆ گەورەترین هێز فەرامۆش دەکەیت، ئیتر بۆچی دەیبەستی.

**ڕووداو: ئایا PKK بە دوای ئەو کۆنفرانسە ڕازیدەبێت بۆ چەکدانان؟**

**پێنجوێنی:** PKK ئامادەیە بێتە ئەو کۆنفرانسە.

**ڕووداو : ئەی چۆن دەڕوانییە هەڵوێستی حیزبی دیموکرات کە دەڵێ ڕازی نییە چەک دابنێ؟**

**پێنجوێنی :** ئەوان کەی چالاکی چەکدارییان ماوەو چەکی چی دابنێن، ئەم کۆنفرانسە کە دەگیرێت لەزروفی تایبەتیدایەو عەلی بابەجانیش پشتیوانی بۆ ئەو کۆنفرانسە دەربڕی، ئەی کە ئێمە کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردمان دەگرت، بۆ بەشێوەیەکی دیکە سەیر دەکرا؟. لەو بڕوایەدام ئەو پشتیوانی نیشاندانەی تورکیابۆ موجامەلەو پروپاگەندەی هەڵبژاردنە و دواتر هەڵوێستی دەگۆڕێت.

**ڕووداو: سەرکردایەتی دیموکرات دەڵێن، ناکرێت لەباشوورەوە شێوازی خەبات بۆئێمە دیاری بکەن؟**

**پێنجوێنی:** زۆر ڕاستە، مەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان DTP و PKK هاتوون شێوازی خەبات بۆ پارتی و یەکێتی دیاری بکەن.

**ڕووداو: زۆرجار داوای گۆڕان لە PKK دەکرێ، بەڕای تۆ PKK دەبێ چ گۆڕانکارییەک لەشێواز و سیاسەتی خۆیدا بکات؟**

**پێنجوێنی:** ئەم سیاسەتەی PKK هەیەتی، پڕبەپڕی خەباتی کوردستانی باکوورەو من داوای ئەوە لە PKK دەکەم هەتا دەتوانن خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی لەناو باکووری کوردستان و ئەورووپا زیاتر بکەن و ئەو هێزە چەکدارییەشیان بمێنێت هەتا ئەوکاتەی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەگەنە ئەنجام.

تەواوی هەڤپەیڤینەکە
لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net

## لەدوای هەڵبژاردنەکانی تورکیا گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ PKK دەکرێت

# دیداری نوێنەرانی تورکمان و عەبدوڵڵا گیول موجامەلە بوو



## عیزەدین دەولە: سەرۆک کۆماری تورکیا پێیگوتین، تورکیا هیچ لایەنێکی عێراقی لەویتر لە خۆی نزیکتر دانانێت

**ڕووداو– هەولێر**

نوێنەرانی تورکمان لە پەرلەمانی عێراق ڕایانگەیاند کە ئەو دیدارەی هەفتەی ڕابردوو لەنێوان عەبدوڵڵا گیول سەرۆک کۆماری تورکیاو ژمارەیەک پەرلەمانتاری تورکمان سازدرا، تەنیا دیدارێکی پرۆتۆکۆلی و موجامەلە بوو.

عیزەدین دەولە پەرلەمانتاری سەر بە لیستی (العراقیه) کە ئەیاد عەللاوی سەرۆکایەتی دەکات، لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دیدارەکە هەر شتێکی پرۆتۆکۆلی و بۆ بەخێرهێنان بوو، دەتوانین بڵێین دیداری موجامەلە بوو"، هەروەها گوتیشی "ئەوەی باسکرا لەبارەی سیاسەتی نوێی تورکیا، سەرۆک کۆمار باسی ئەوەیکرد کە وڵاتەکەی سەبارەت بەهەموو لایەنەکانی نێو عێراق لە دووریی یەک مەسافە ڕادەوەستێ و هیچ لایەنێک لەلایەنێکی دیکە لەخۆی بەنزیکتر نازانێ".

هەرچەندە عەباس بەیاتی لە لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو، دیدارەکەی بە "مێژوویی" ناوبرد، بەڵام عیزەدین دەولە گوتی "ئەوەی کە سەردانەکە بەمێژوویی وەسفکراوە لەبەرئەوەیە کە لەماوەی زیاتر لە 30 ساڵدا ئەمە یەکەمین سەردانی لەوجۆرەیە".

لەبارەی ئەوەش کە سەرۆک کۆماری تورکیا پەرۆشیی وڵاتەکەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک بەشێوەیەکی تەوافوقی دووپاتکردبووەوە، عیزەدین دەولە گوتی "دوای جەختکردنەوە لەوەی کە حکومەتی تورکیا سەبارەت بەهەموو لایەنەکانی نێو عێراق یەک مەسافەی هەیە، گوتی هیوادارین هەموو کێشەکانی ناو عێراق بەکەرکووکیشەوە، بەشێوەیەک چارەسەربکرێت کە هەموو لایەنەکانی پێی ڕازی بن". پەرلەمانتارەکەی لیستی عێراقیە ئەوەشی ڕەتکردەوە کە لەو دیدارەدا باسی ماددەی 140ی دەستوور کرابێت. سەبارەت بەوەش کە گیول دڵنیایی دابێتە تورکمانەکان بۆ پاراستنی مافەکانیان، گوتی "تورکیا لایەنێکی نێودەوڵەتییەو یەکێکە لەو دەوڵەتە ئیقلیمییانەی لەعێراقدا ئامادەیی هەبووە، پێشموایە لەسەرخۆترین و هاوسەنگترین ئامادەیی دەرەکی لەعێراقدا ئامادەیی تورکیا بووە بە بەراورد بەوڵاتانی دیکە".

هەر لەوبارەوە حوسێن شەریف کە پەرلەمانتارێکی تورکمانی سەر بەلیستی سەدرە، ڕایگەیاند کە لەو دیدارەدا باسی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیاو چۆنێتی پێشخستنی و دۆزینەوەی ئاسۆی نوێ بۆ هاوکاری کراوە، لەبارەی کەرکووکیشەوە گوتی "باس لەوەکرا کە ئەو کێشەیە دەبێت بەگفتوگۆو لێکگەیشتن دەولەسەربکرێت".

ئەو پەرلەمانتارەی سەر بەرەوتی سەدریش، لە لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە کە لەو دیدارەدا بەدیاریکراوی باسی ماددەی 140 کرابێت و گوتی "لەبارەی کەرکووک تەنیا باسی ئەوەکرا کە ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی ئاشتیانەو برایانە بەگفتوگۆ چارەسەربکرێت".

ڕۆژی سێشەممەی هەفتەی ڕابردوو، سەرۆک کۆماری تورکیا لەدووەمین ڕۆژی سەردانەکەیدا بۆ عێراق، لەکۆشکی ئاشتی لەشاری بەغدا چاوی بەژمارەیەک نوێنەری تورکمان کەوت. عەباس بەیاتی کە تورکمانێکی سەر بەئیئتیلافی یەکگرتووە، پاش دیدارەکە بەڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی ڕاگەیاند کە بەشێوەیەکی چڕوپڕ باسی کێشەی کەرکووک و پەرۆشیی تورکیا بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی تەوافوقی کراوە، هەروەها ڕایگەیاند کە تورکمانەکانی لەپاراستنی مافەکانیان دڵنیاکردووەتەوە. هەر لەوبارەوە، تۆرهان موفتی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەلیستی بەرەی تورکمانی ڕەتیکردەوە کە لەو دیدارەدا هیچ یاداشتنامەو داواکارییەکیان سەبارەت بەمافەکانیان دابێتە گیول و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بارودۆخی تورکمانەکان مەسەلەیەکی نێوخۆیی عێراقییەو ئەگەریاداشتنامەی لەوجۆرەشمان هەبێت تەنیا بۆ سەرۆک کۆماری عێراق بەرزیدەکەینەوە".

# هونەر



## هانی بەم زووانە بڵاودەبێتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

**بەم نزیکانە گۆرانیبێژ هانی ئەلبوومە نوێیەکەی بڵاودەکاتەوە کە هەر دوو گۆرانیبێژ هەڵدێر و میرە بەشداری ئەلبوومەکەیان کردووە. سەرچاوەیەک لەکۆمپانیای شانێل میوزیک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند هانی ئێستا سەرقاڵی تەواوکردنی یەکەمین ئەلبوومیەتی کە لە 11 گۆرانی پێکهاتووە و سەرجەم میلۆدییەکانی لەلایەن ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر دانراوە .**

### ئاراس لە نێوان نیشتەجێبوون لە یۆنان و کوردستاندا ماوەتەوە

# "لە ئاهەنگێکی زانکۆ لە ڕووسیا بە شێر و خەت کچێکم بۆ دەرچوو"



تا ئێستا نازانم هەر دێم و دەچم

**دەشتی سەباح**
**ڕووداو- هەولێر**

زۆر کەس وادەزانێت تەنیا گۆرانیبێژە، بەڵام لەڕاستیدا ئاراس فاتیح، بەشی دەرهێنانی زانکۆی هونەری مۆسکۆی تەواو کردووە و بڕوانامەی ماستەری هەیە لەهونەر Master Of Arts، لەهیچ شوێنێک ئۆقرە ناگرێت و بەردەوام لەسەفەردایە، لەڤیدیۆ کلیپەکانیدا دانسێکی سەرنجڕاکێش دەکات و ستایلێکی تایبەتی هەیە، لەکاتی قسەکردنی جیدیشدا،گاڵتە دەکات و نوکتە دەگێڕێتەوە و پێدەکەنێت . ئەمانە بەسن بۆ ئەوەی تێبگەی ئاراس هونەرمەندێکی گەشبینە و بەهێواشی کار دەکات.

ئاراس فاتیح ڕەسول، کە نایەوێت ڕۆژی لەدایکبوونەکەی ئاشکرا بکات، لەگەڵ هاوسەرەکەی لەماڵەکەی خۆی دانیشتووە و جارجار ڕۆژنامە یان کتێب دەخوێنێتەوە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی کۆیەن، بەڵام بەهۆی کاری سیاسی باوکییەوە هەر ماڵەکەیان دەگوازنەوە بۆ کەرکوک، 2 کاژێر دوای لەدایکبوونی لەکەرکوک، ئاوارەی هەولێر دەبێت، دەڵێت "بەهۆی ڕەوشی سیاسی و داگیرکردنی ماڵەکەمان لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە، پورێکم ئێمەی ڕزگار کرد"، ئەمەش سەرەتای ئاوارەبوونی ئاراسە کە لەشاری کەرکوکەوە دەستپێدەکات و لەیەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا جێگیر دەبێت .

ئاوارەبوون و گەڕان لەوڵاتەکاندا بەشێکە لەچیرۆکی ژیانی ئاراس و پێگەیشتنی کەسێتییە هونەرییەکەی، بۆیە باسکردنی ژیانی خۆی، وەکو کاری دەرهێنان مۆنتاژ دەکات، لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ (ڕووداو)دا گوتی "ئێستاش ڕووسیام لەهەموو وڵاتێک لا خۆشەویستترە، چونکە منداڵیم لەوێ گوزەراندووە".

بەهۆی تێکەڵاوبوونی باوکی ئاراس بە کاروباری سیاسی لەنێو ڕیزەکانی حیزبی شیوعی عێراق دا، لەهاوینی ساڵی 1981ەوە ڕوو دەکەنە شاخ و پێشمەرگایەتی، دوای نزیکەی دوو مانگ مانەوەیان لەشاخ بەرەو ئێران و لەوێشەوە بۆ سوریا بە شێوازێکی سەخت و دژوار لە 1982/4/1، ئاراس و خوشک و براکانی دەگەنە یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا . ئاراس زۆر پەسنی ڕۆڵی باوکی دەدات لەپێگەیاندنی منداڵەکانی کە یەکێکبوو لە سەرکردەکانی حیزبی شیوعی و دەڵێت "باوکم ئێمەی بە دیموکراتی پەروەردەکرد و ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر دروستبوونی کەسایەتیمان".

لەشاری (ئیڤانۆڤە)ی نزیک مۆسکۆ، ئاراس دەچێتە قوتابخانەیەک کە تایبەت بوو بەو منداڵانەی کە باوکیان تێکۆشەرن لەوڵاتی دیکە یان کوژراون یاخود لەزیندانن، چوونی بۆ ئەو قوتابخانەیە دەسپێکی چاوکرانەوەی ئاراس بوو بە دونیا و کوولتورێکی دیکە، ئاراس دەڵێت " قوتابخانەکە وەکو کۆمەڵگایەکی تایبەت بوو هەموو پێداویستییەکی وەک : مەلەوانگە، موزیک، خوێندن و خەوتنی هەبوو. لەقوتابخانەکە زۆر منداڵی نەتەوەی جیاواز لە وڵاتی جیاوازەوە هاتبوون کە ئەمەش تێکەڵاو بوون و ئاشنا بوونێکی بەسوود بوو بە کوولتوری وڵاتانی دیکە".

لەو ماوەیەی کە ئاراس لەو قوتابخانەیە خوێندوویەتی بۆ جاری یەکەم دوای 4 ساڵ توانیویەتی دایک و باوکی ببینێت لەسووریا، ئاراس دەڵێت " کە دایکم منی بینی نەیناسیمەوە، ماوەی دوو مانگ لایان مامەوە، دواتر چوومەوە ڕووسیا بۆ تەواوکردنی خوێندن"، دواتر لە ساڵی 1997 لە ڕووسیا زانکۆ تەواو دەکات و ماستەر لەهونەر وەردەگرێت .

ژیانی زانکۆ یادەوەرییەکی خۆشە کە قەت لە بیر ئاراس ناچێتەوە، لەگێڕانەوەی بەشێک لەو یادەوەرییانە ئاراس پێدەکەنێت و دەڵێت "چیت بۆ باس بکەم، جا چیم نەکردووە، ئەوە چیرۆکێکی تایبەتە". ئاراس ئاماژە بەوە دەکات کە لە ئاهەنگێکی زانکۆ لە ڕووسیا بە ڕێککەوت و "بە شێر و خەت" لەنێوان خۆی و هاوڕێیەکیدا کچێکی خۆشویستووەو، دەڵێت "ئەو بردنەوەیە ژیانی منی گۆڕی، عەشقە ڕاستەقینەکەم بوو، بەڵام چۆن بە ڕێککەوت ناسیم، ئاواش بە ڕێککەوت ڕۆیشت".

سەرەتاکانی ئیشکردنی ئاراس لەبواری هونەری کوردی دا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1997 کە ئەوکات لەسوێد نیشتەجێبووەو هەمیش ئیشی کردووە، لە کەناڵی MEDtv دەست بەکاری دەرهێنان دەکات، چەندین ڤیدیۆ کلیپی بۆ هونەرمەندان و فیلمی دۆکیومێنتی دەرهێناوە، دەڵێت " هەرچەندە باری ئابووری MEDtv خراپ بوو، بەڵام کارەکانیان بەجیدی دەکرد و ئێستاش مەمنونیانم".

ئێستا هەریەک لە نەبەز بەرزنجی، وەک ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری هونەری کارەکانی ئاراس لەسوێد و شێروان جەعفەر وەک هاوکار لە کارە کارگێڕییەکان لەهەولێر کارە هونەرییەکانی ئاراسیان لەئەستۆ گرتووە.

لەڤیدیۆ کلیپی (نەگەزی) ئاراس لەناو خەڵک بە "خەپە گیان"ناسرا و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، دەڵێت "لە ڕۆژهەڵات زۆریان حەز لەفیلمی هیندییە کە کۆتاییەکەی خۆش بێت، بۆیە بەشێک لەئاهەنگی زەواجەکەم تێکرد".

بۆ یەکەمینجار لەکوردستاندا ئاراس وەک هەوڵێکی تاکە کەسی بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە ڕەشنووسی پڕۆژەی دانانی ئامانجەکانی سیاسەتی کوولتور لە باشووری کوردستان پێشکێشی پەرلەمانی کوردستان کرد، وەک ئاماژەی پێکرد مەبەست لەو کارە ئاگادار کردنەوەی پەرلەمانە بۆ ئەوەی کارێکی وەک وڵاتانی دیکە بکات و سیاسەتێکی تایبەت لەو بوارەدا لە کوردستانیش هەبێ کە پێیدەڵێن (سیاسەتی کوولتور)، بۆ ئەوەی ئەو هەرایەی لەنێو کوولتوری کوردی دا هەیە، نەمێنێت. ئاراس دەڵێت "کوولتوری کوردی ئێستا وەک ئەوە وایە بەچاو بەستراویەوە لەناو جەنگەڵێک بێ، یان گوللە بەتاریکییەوە بنێیت، بۆیە دەبێت بەم سیاسەتە ئامانجەکانی دابنرێت، ئەوەش کاری پەرلەمانە نەک حیزب"، هەروەها دەڵێت "یەکێک لە زیانەکانی نەبوونی ئەو ئامانج و سیاسەتە ئەوەیە وا دەکات پارەیەکی زۆر سەرفبکرێت بۆ پڕۆژەی بچووک کە هیچ مانایان نییە و هیچ ئامانجێکیان نییە، بەس بۆ ئەوەیە هەندێک خەڵک خۆیان بەو پڕۆژەیە دەوڵەمەند بکەن"، هەروەها ئاراس گوتیشی"سیاسەتی کوولتور حیزبایەتی نییە، بەڵکو سیاسەتی خزمەتکردنی کۆمەڵگەیە".

ئەو هونەرمەندە ئاماژەی بەوەکرد کە ساڵی ڕابردوو لەساڵیادی ڕۆژی جیهانی منداڵان ویستویەتی کۆنسێرتێک بۆ منداڵان ئامادەبکات، بەڵام نەکرا "ئەمساڵ ئەگەر بتوانم بۆ هەموو منداڵانی کوردستان وەکو دیارییەک ئەو کۆنسێرتە ساز دەکەم تا هەست بە منداڵی خۆیان بکەن".

ئەو تا ئێستا هیچ شوێنێکی نشتەجێبوونی جێگیری نییە، ئەو پرسیارە بەردەوام ئەو هونەرمەندە دەخاتە خانەی بیرکردنەوە، کە خۆیشی تا ئێستا وەڵامەکەی نەدۆزیوەتەوە، دەمێک بیر دەکاتەوە و باس لەوە دەکات دوای ڤیدیۆ کلیپی (بە تاک و بەکۆ) کە لە دوورگەیەکی یۆنان بەناوی (سانتۆرینی) وێنەی گرتووە، بۆ خۆشی شوێنەکە بچێت لەوێ بژیت، بەڵام لە هەمانکاتدا دەڵێت "زۆرجار بیر دەکەمەوە بە یەکجاری بگەڕێمەوە بۆ کوردستان، بەڵام تا ئێستا دیار نییە و هەر دێم و دەچم".

---



# کچە جوولەکەیەک بەکوردی ستران دەڵێت

## گالی شاخام: کوردستان زۆر جوانە

**ڕووداو ــ سوێد**

فلوتی خوێندووە و لە تیپێکی مەزنی ئیسرائیل کاری هونەری دەکات، جگە لەزمانی عیبری، ستران بە ئینگلیزیش دەڵێت، لەبەر هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ ستران و هەڵپەڕکێی کوردی و بەشێوەی دوێت و بە هاوکاری هونەرمەندێکی کوردی دانیشتووی سوێد لەماوەی دوو ساڵدا دوو سیدی گۆرانی کوردی لە هەردوو وڵات، سوێد و ئیسرائیل بەناوەکانی (کوردستان زۆر جوانە) و (شەلۆم-ئاشتی) تۆمار دەکات.

گالی یونی شاخام، 28 ساڵ، باوکی جوولەکەیەکی ڕۆمانییەو، خۆشی لەئیسرائیل لەدایکبووە، بەهۆی ئەو هاموشۆ و پەیوەندییە هونەرییەی کە بەشیر سەبری بۆتانی ماوەی زیاتر لە 20 ساڵە لەگەڵ کوردە جوولەکەکانی کوردستان لەئیسرائیل هەیەتی، ئەو کاتەی بۆتانی لەساڵی 2005 سیدییەک لە ئیسرائیل لە ستۆدیۆکەی باوکی تۆمار دەکات، ئەو سترانانە سەرنجی گالی ڕادەکێشن و سترانەکانی بەدڵ دەبن بۆیە داوا لەباوکی دەکات ڕۆژێک بۆتانی لەستۆدیۆکە ببینێت و بەڵێن دەدات کە ئەویش بەکوردی گۆرانی بڵێت.

بۆ کچێکی جوولەکەی کوردی نەزان زۆر ئەستەمە بتوانێت وشەکان ئەزبەر بکات و سترانەکان بەکوردی بڵێت، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە وە، خۆشەویستی گالی بۆ سترانی کوردی وای لێکرد بە هاوکاری بەشیر خۆی ماندوو بکات و تێکست و مانای وشەکان فێر بێت و لە ستۆدیۆکەی باوکی لەگەڵ بۆتانی تۆماریان بکات، بۆتانی ئەوەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە، جاری یەکەم وشە بە وشە پاشان لەگەڵ موزیک و نۆتە، چونکە گالی لەسەر نۆتە ستران دەڵێت "نەختێک لەمن کوردی فێر بوو، پاشان پەیڤی سترانەکانم بۆی شیکردەوە و پێکەوە سترانەکانمان گوت".

گالی زۆر هەست بە دڵخۆشی دەکات بۆ گوتنی گۆرانی کوردی و دەڵێ "دەمەوێت لەسەر سترانی کوردی بەردەوام بم".

گالی لەو کاتەی لە ستۆدیۆکەی باوکی گۆرانییەکانی تۆمار دەکرد، زۆر دڵی خۆش بوو کە توانیویەتی بە زمانی کوردی ستران بڵێت و، گوتی "زمانی کوردی ئاسانە، هەروەها سترانە فۆلکلۆری و میللییەکانی پڕ تاموچێژن، خۆشەویستی ئەڤینیش لە سترانی کوردی زۆر ئاشکرایە".

سیدی یەکەمی گالی کە وەک تێستێک سەیر دەکرێت بەنێوی (کوردستان زۆر جوانە – Kurdistan is so beautiful) لە ساڵی 2007 لە سوێد تۆمارکراوە، لە 9 تراک پێکهاتووە ئەوانیش یەک موزیک و هەشت سترانن کە بریتین لە : کوردستان زۆر جوانە، شێخانی، نازێ، وەرە وەرە، ژ بیر ناکم، حەیرانۆک و بەستە، ئازادی و سەربەستی، پارە و زێڕ.بەرهەمەکەشی نزیکەی 20 هەزار دۆلاری تێچووە.

سیدی دووەمی گالی و بەشیر بۆتانی بەناوی شەلۆم واتە (ئاشتی) یە، لەساڵی 2008 بەهاوکاری تیپی شەلۆم لەستۆدیۆی 10 لەناوچەی گێڤیم لە ئیسرائیل یۆنی شاخام ئەرکی تۆمارکردن و میکسی گرتووەتە ئەستۆ و کۆمپانیای موزیکی ئێلاد، بڵاویکردووەتەوە، لە 3 تراک پێکهاتووە.

بەشیر دەڵێت "مەبەست لەم سیدییانە ئەوەیە ئەگەر ئێمە نەتوانین لەگەڵ ئیسرائیل کارێکی سیاسی، ئابووری، بازرگانی و گەشتوگوزاری بکەین، دەتوانین کاری هونەری بکەین، هەستمان یەکە".

بۆتانی ڕەخنە لە ڕاگەیاندنی کوردی دەگرێت کە سترانبێژە جوولەکە بە ئەسڵ کوردستانییەکانی فەرامۆشکردووە "هیوادارم بتوانم لە ئیسرائیل موزیکێکی کوردی کە تازە بێ و تایبەت بە نەتەوەی کورد دروست بکەم، هەروەها ئامانجێکی دیکەم هەیە ئەویش بەجیهانیکردنی سترانی کوردییە".



---

### سەرۆکی بەشی دیراساتی ئیسلامی 57 مەقامی کوردی بەدەنگی خۆی تۆماردەکات

# ئەو ئاوازانەی لە کوردستان قورئانیان پێدەخوێنرێتەوە ئاوازی وەستاو و کلاسیکن

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو – سلێمانی**

سەرۆکی بەشی دیراساتی ئیسلامی لە زانکۆی سلێمانی لە نەوەی ئێستای گورانیبێژان نارازییە و پێیوایە ئێستا عەدنان کەریم بۆ گوتنەوەی مەقام لەهەمووان بە تواناترە و حەمەجەزا توانای جارانی نەماوە.

بێستون عەلی سەرۆکی بەشی دیراساتی ئیسلامی کە شارەزاییەکی فراوانی لەبارەی مەقامە کوردییەکانەوە هەیە، مەقامێکی هاوبەشی لەگەڵ کیژان ئیبراهیم خەیات بڵاوبووەتەوە، لەبارەی ئەم بەرهەمەوە ڕوونیکردەوە " من لەگەڵ کیژان تۆمارم نەکردووە، بەڵکو من لە ئەنستیتیۆکەی مامۆستا مەزهەر داوایان لێکردم و 57مەقام بۆ تۆمارکردن"، کە دابەشکردنە مۆزیکییەکەیان لەلایەن عەبدوڵڵا جەمال سەگرمەوە کراون . دواتر هەندێک لەو مەقامانەی لەلایەن کیژان ئیبراهیم خەیاتەوە گوتراونەتەوە " دواتر کیژان گوێی لە مەقامەکانی من گرتووە و هەندێکی لێ گوتوونەتەوەو پرسیشی بەمن نەکردووە، گلەییم لێی نییە و کۆپییەکی بۆناردووم و چاکیشی گوتوونەتەوە". بەبڕوای ئەو ئافرەت وەک پیاو توانای مەقام گوتنی نییە" چونکە قورگی ژن وەک قورگی پیاو مەقامی پێ ناگوترێ".

بێستون عەلی کەریم، کە تەمەنی 64ساڵە، بەخوێندنێکی پچڕپچڕ و ئەو ڕێڕەوەی کە لەدەرەوەی ویستی ژیانی پێیدا تێپەڕی، دوای 40ساڵ لە مامۆستایەتی بووە سەرۆکی بەشی دیراساتی ئیسلامیی زانکۆی سلێمانی، چەند خەسڵەتێک لەژیانی ئەودا کۆبوونەتەوە، کە دیارترینیان مەقامزانی و مەلایەتی و مامۆستایەتی زانکۆ و پسپۆڕییە لەبواری مێژوو لە یەک کاتدا .

زۆربەی ژیانی لە بەغدا بەسەربردووە، سەروەختێک مەلایەتی کردووە، بەڵام پێچەوانەی زۆربەی مەلاکان هەر چاکەت و پانتۆڵ لەبەردەکات وهاوکات لەوەش نیگەرانە کەئێستا خەڵک تەنها لە بۆنەکاندا جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن، ئێستاش کە سەرۆکی بەشی دیراساتی ئیسلامییە، زۆر پەرۆشی زیندوو هێشتنەوەی مەقامی کوردییە و ناشیرین بوونی مۆسیقاش لەبەرچاوی پیاوانی ئاینی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە گۆرانییەکان بوونەتە پێداهەڵگوتن بە بەژن و باڵای ئافرەتاندا و لەمبارەیەوە دەڵێ " هەندێک کەس دەڵێن لەئیسلامدا مۆسیقا حەرامە، ئەمە لەبەر ئەوەبووە تاوەکو خەڵک بە مۆسیقاوە سەرقاڵ نەبێت، من لەگەڵ پێداهەڵگوتن و وەسفەناشیرینەکانی ناو گۆرانی کوردی نیم کە بۆ ئافرەتان دەگوترێن".

بێستون عەلی، سەرەتای شەیدابوونی خۆی بەمەقام بۆ سەردەمی منداڵی دەگێڕێتەوە، ئەوکاتەی باوکی لە گوێ ئاگرداندا بەدەنگێکی خۆش حەیران و مەقامی بۆ گوتوون، لەمبارەیەوە دەڵێ " هەرچەندە باوکم شارەزایەکی باشی مەقام نەبوو، بەڵام وای لێکردم خوو بدەمە گوێ گرتن لێی، لە ڕادیۆی کوردی ئەوکاتی بەغدا گوێم لە عەلی مەردان و تایەرتۆفیق و ڕەسول گەردی و دواتریش مەقامبێژە عەرەبەکان گرتووە". بەبڕوای ئەو مامۆستایە لە ڕووی مەقامەوە عێراق دەوڵەمەندترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتە. لەنێو لێشاوی پەیدابوونی هونەرمەندانی گەنج لە کوردستاندا، هەموو هیوای بەعەدنان کەریمە بۆ گوتنەوەی مەقامە کوردییەکان "عەدنان کەریم زۆر سەرکەوتووە و لەدڵمدایە، هەریەک لەناسری ڕەزازی و حەمە جەزاش خراپ نین، بەڵام ئێستا حەمە جەزا ئەو توانایەی جارانی بۆ مەقام نەماوە".

ماوەیەک لەمەوبەر چەند مەلایەک ڕەخنەیان لە بێستوون عەلی گرت لە سەر هەندێک لە بۆچوونەکانی سەبارەت بەو ئاوازانەی کە ئێستا قورئانیان پێدەخوێنرێتەوە، بەڵام وەک پیاوە ئاینییە هونەرپەروەرە لەو هەڤپەیڤینەیدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاماژەی پێدا بەدحاڵیبوونێک بۆ بۆچونەکانی هەبوو، ئەو ڕایەی خۆی بەوشێوەیە ڕووندەکاتەوە " پێویستە ئەو ئاوازانەی قورئانیان پێدەخوێنرێتەوە سەرنج ڕاکێش بن و گوێگر بۆلای خۆی ڕابکێشێت، زۆرکەس لە قورئان تێناگەن، بەڵام بەهۆی ئەو ئاوازانەوە کە پێیدەخوێنرێتەوە گوێی لێدەگرن، ئێستا لە کوردستان ئەو ئاوازانەی کە قورئانیان پێدەخوێنرێتەوە ئاوازی وەستاون و زۆربەشیان کلاسیکن"، دان بەوە دادەنێ کە هەندێک کەس " بە ئاوازی نوێ دەیخوێننەوە، بەڵام کەمن ". بەبڕوای ئەو مامۆستایەی زانکۆ، قورئان خوێنەکانی کورد زۆربەیان لاسایی مامۆستا میسرییەکان دەکەنەوە و دەڵێ " لەمیسر بە هەشت نۆ ئاواز قورئان دەخوێنرێتەوە".



**بێستون عەلی کەریم**
– ساڵی 1945 لەبەغدا لەدایکبووە .
–ساڵی 1956 لە کەرکووک خوێندنی سەرەتایی و حوجرەی مزگەوتی دەست پێکردووە .
–لەسەرەتای حەفتاکاندا بووەتە مەلا و بەتاقیکردنەوەی دەرەکی چووەتە پەیمانگای ئیسلامی.
–لەساڵی 1977 لە دادگای باری کەسێتی لەبەغدا دامەزراوە .
–ساڵی 1981 چووەتە کۆلێژی زمانی عەرەبی لە زانکۆی بەغدا.
–ساڵی 1993 هاتووەتەوە سلێمانی.
– ساڵی 1994 بووەتە سەرۆکی بەشی دیراساتی ئیسلامی زانکۆی سلێمانی.

هەروەها پەنجە بۆ قورئان خوێنە باشەکانی سلێمانی ڕادەکێشێت و دەڵێ " مەلا سامان و شێخ حەسەن خراپ نین، هەرچەندە ئێستا مەلا سامان وازی هێناوەو لای خۆم مامۆستایە".

هەندێک لەقوتابیانی بەشەکەی، ئەو مەلایانەن کە دەیانەوێ درێژە بەخوێندنی ئیسلامی بدەن، کە ئینتیمای سیاسی جۆراوجۆریان هەیە، بۆ ئەو لایەنەش ڕوونیکردەوە " پێم گوتوون لەنێو ئەو بەشەدا هەمووتان قوتابین و لەدەرەوە چۆن دەبن و چی دەکەن ئارەزووی خۆتانە". گوتیشی " لە کوردستان لە کۆنەوە پێکەوە ژیانی هەموو ئاینەکان زۆر بەئاسایی بەڕێوە چووە". ئاماژە بۆ مێژووی سلێمانی دەکات و دەڵێ، لەهەموو سلێمانیدا مەلایەک نەبووە حیزبی دینی هەبوبێت و ئەوانە لەهەڵەبجەوە سەریان هەڵداوە".

زۆربەی قوتابیانی بەشی دیراساتی ئیسلامی زانکۆی سلێمانی کچن. سەرۆکی بەشەکە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە و هۆکارەکەشی بۆ وەرگرتنی خوێندکاران لەسەر بنچینەی نمرە دەگێڕێتەوەو دەڵێ " هەرچەندە وانەکانمان زۆر قورسن، بەڵام نمرەی نزم وەردەگرێت، پۆلی یەکەکانمان 130قوتابین و 95یان کچن و پۆلی دوو لەسەد قوتابی 75یان کچن، لەپۆشینی جلوبەرگیش ئازادم کردوون و نیوەی حیجابە و نیوەی سفورە".



## کیژان بەبێ پرسی من مەقامەکانی منی گوتوونەتەوە

بێستون عەلی پسپۆڕی بواری ئاین و مێژوو لە زانکۆی سلێمانی

مامۆستا بێستون لەبواری مێژوودا شارەزاییەکی فرەوانی هەیە و ئەگەر بە ویستی خۆی بوایە حەزی دەکرد ئێستا مامۆستای مێژوو بوایە، بە بیرێکی کراوە باسی پەیوەندی بنەماڵە ئاینییەکانی سلێمانی و شیوعییەکانی بۆ کردین وگوتی" هەندێک لە بنەماڵە و کورە مەلاکانیش شیوعی بوون و ئەوەش بۆ زیرەکی کاری شیوعییەکان دەگەڕێتەوە، ئەوان جگە لەوەی ڕۆشنبیرو نوخبەیان زۆر بووە، هاوکات خەڵکی جوتیار و کاسبکاری کوردیش بەدەست زوڵم و زۆرەوە دەیناڵاندو ئەوانیش دەچوون باسی هەژاران و جوتیارانیان دەکرد و دەبوونە خەمخۆریان". ئاماژەی بە کوڕەکانی مامۆستا مەلا کەریم و ماڵی ئەحمەدی بانی خێڵان و شێخ نوری باوکی بەهادین نوری دەکرد، کە هەر هەموو شیوعی بوون و کاری مەلایەتی و فەقێیەتیشیان کردووە. لەمبارەیەوە بیرەوەرییەکی باوکی خۆی گێڕایەوە و گوتی" من منداڵ بووم بیرمە باوکم دەگریا، لێم پرسی بۆدەگریت ؟ گوتی پیاوێکی زۆر گەورە ئەمری خوای کردووە، کەلێم پرسی کێیە، وتی ستالینە، باوکی هەژاران".

# تاراوگە

## 3 کورد بە هۆی بێ ڕێزیکردن بە بەلجیکا زیندانیکران



**ڕووداو- بەلجیکا**

میدیای بەلجیکی ڕایگەیاند کە چەند ڕۆژێک بەر لە جەژنی نەورۆز چوار هاووڵاتی کوردی دانیشتووی شاری ئانتوێرپن لە بەلجیکا سزای نزیکەی شەش مانگ زیندانیان بۆ بڕایەوە بە هۆی بەشداریکردنیان لە شەرە تەقەیەکی نێوان دوو گرووپی دیکەدا. پێشتریش نزیکەی 15 کوردی دیکە بە هەمان هۆوە سزای زیندان و پارەدانیان بەسەردا سەپێندرا. ئەو گرووپە کوردییە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لە قاوەخانەیەکی شاری ئانتوێرپن دەبێتە دەمەقاڵێیان و دواتر دەستدەکەن بە تەقەکردن لە یەکتر. هۆکاری دەمەقاڵێیەکە هێشتاش بۆ پۆلیس ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام دادگای بەلجیکی "بە هۆی بێڕێزیکردن بە یاسا و کۆمەڵگای بەلجیکی" سزای زیندانی بۆ تەقەکەرەکان بڕیەوە.

# هۆڵەندی لە نەورۆزدا فێری شایی دەبن

**ڕووداو- دەنهاخ**

ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک حەوت کۆمەڵەی کوردی لە هۆڵەندا بە هاوکاریی شارەوانیی شاری لاهای و کۆمەڵێک ڕێکخراوی دیکەی هۆڵەندی فێستیڤاڵی نەورۆزیان سازکرد. لە فێستیڤاڵەکەدا هۆڵەندی فێری لێنانی چێشتی کوردی و شایی کران. ئاهەنگی نەورۆزیش لەلایەن وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی دەنهاخەوە کرایەوە.

پاش کردنەوەی ئاگری نەورۆز لە سەرلەئێوارەی ٢٠ی مارتدا لە گۆڕەپانێکی گەورەی شاری لاهای و دوای بەشداریکردنی لە گۆڤەندێکی کوردییانەدا، وەزیری حکومەتی هەرێمی دەنهاخ بێرت فان ئاڵفن لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)ڕایگەیاند کە سەرسامە بەو بایەخە زۆرەی کە کورد بە جەژنی نەورۆزی دەدەن:" ئەوە کە ئەو هەموو کۆمەڵە کوردییە بە یەکەوە توانیویانە ڕێورەسمێکی وا ڕێکبخەن جێی ستایشە". فان ئاڵفن بە جەژنگێڕە کوردەکانیشی گوت: " من ساڵی ئایندەش بەشداری لە نەورۆزدا دەکەم، بەڵام نازانم تا ئەوکات لە حکومەتدا دەمێنم یان نا. ئەوەیان دەکەوێتە سەر دەنگدانی ئێوە بە من".

دواتر هەر لە دەنهاخ ڕۆژی ٢٢ی مارت وۆرکشۆپێکی فێربوونی لێنانی چێشتی کوردی کرایەوە کە تێیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی هۆڵەندی بەشدارییان تێدا کرد. لە وۆرکشۆپەکەدا بەشداربووان دوای وەرگرتنی زانیاری لە بارەی چۆنیەتی سازکردنی خواردنی کوردی دەبوایە چێشتێک سازبکەن و لەلایەن مامۆستایەکەوە هەڵبسەنگێندرێ.

هەر هەمان ڕۆژیش وەزیرێکی دیکەی حکومەتی هەرێمی دەنهاخ بە ناوی ڕۆبن بالدێوسینگ وۆرکشۆپی فێربوونی شاییی کوردیی کردەوە کە تێیدا نموونەی زیاتر لە20 جۆر شایی کوردی لەلایەن گرووپی نیشتیمان کە گەنجانی باکووری کوردستان دایانمەزراندووە پیشاندران.



## ئەگەر دەنگم پێبدەن ساڵێکی دیکەش بەوەزیری دێمەوە نەورۆز

وەزیرێکی هۆڵەندا بۆ (ڕووداو)

بەشێکی دیکەی بەرنامەکانی فێستیڤاڵ تایبەت بوو بە شانۆگەرییەک بە ناوی ( ئاخ لەو هەرزەکارانە) کە ڕۆژی ٢٧ی مارت نمایشکرا. شانۆگەرییەکە باسی ئەو هەرزەکارانەی دەکرد کە دەرەنجامی هاوسەرگیریی سەیروسەمەرەن و لەلایەن گەورەکانەوە بە چاوێکی کەم سەیریان دەکرێت. ئەو شانۆگەرییە کارێکی هاوبەش بوو لە نێوان شانۆکارانی کورد و تورک و لەو ئێوارەیەدا سەرەڕای پیشاندانی هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتیی دڵتەزێن، هاوکات ئامادەبووانیشی بە دیالۆگە کۆمیدییەکانی خستە پێکەنین.

لە دوایین ڕۆژی فێستیڤاڵدا کە ڕۆژی 2009/3/28 بەڕێوەچوو، هونەرمەند شڤان پەروەر و کۆمەڵێک گۆرانیبێژی دیکە کۆ نسێرتێکی گۆرانیان سازکرد.



هێرۆ مستەفا، ڕاوێژکاری تایبەتی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وباشووری ئاسیا

# لە هەولێرەوە بۆ کۆشکی سپی



**ڕووداو–واشنتن**

ڕۆژی 2009/3/23 نووسینگەی جۆزێف بایدن،جێگری سەرۆک کۆماری ئەمەریکا کۆمەڵێک دامەزراندنی لە پۆستە تازەکانی بەڕێوەبەرایەتی نوێی ئەمەریکا ڕاگەیاند، لە نێویاندا هێرۆ مستەفا وەک ڕاوێژکاری تایبەتی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وباشووری ئاسیا دەستنیشانکرا کە یەکەم کوردە پۆستێکی بەرزی لە حکومەتی ئەمەریکادا هەبێت.

هێرۆ عەبدولقادر حەمەدەمین، ناسراو بە هێرۆ مستەفا، لەساڵی 1973 لە شاری هەولێر لەدایکبووە، کچی ڕۆژنامەنووس عەبدولقادر حەمەدەمین دامەزرێنەرو خاوەنی ئیمتیازی هەفتەنامەی (بارزان)ە کە لە هەولێر دەردەچێت. لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1974 بنەماڵەی هێرۆ ئاوارەی ئێران دەبێ و، دوای دوو ساڵ ژیان لە کەمپی ئاوارەکان، لەساڵی 1976 لە ئەمەریکا لە شاری مینۆت کە دەکەوێتە ویلایەتی باکووری داکۆتا دەگیرسێنەوە.

هێرۆ خوێندنی بنەڕەتی ودواناوەندی لە مینۆت تەواو دەکات وبەشی خزمەتی دەرەوە Foreign Service لە زانستگەی جۆرج تاون لە واشنتن وماستەریش لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانستگەی برینستن وەردەگرێت . لە ساڵی 1999ەوە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کار دەکات. وەک دیپلۆماتکارێکی ئەمەریکایی لە چەندین وڵاتی وەک لوبنان، یۆنان وئیمارات کاریکردووە . بەر لەوەی پۆستی ڕاوێژکاری تایبەتی بایدن وەربگرێت، بەرپرسی بەشی ئەفغانستان بووە لە وەزارەتی دەرەوە، پێشتریش یاریدەدەری تایبەتی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا نیکۆلاس بێرنز بووە، هەروەها ماوەیەک بەڕێوەبەری بەشی ئیسرائیل-فەلەستین، ئوردن و ئێران بووە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا . ساڵی 2003-2004 جێگری جەنەڕاڵ ریتچارد ناب بەرپرسی هێزی هاوپەیمانان بووە لە باکووری عێراق . زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، یۆنانی بە ڕەوانی دەزانێ .

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ وەرزنامەی Middle East Report هێرۆ لەبارەی سەرەتای ژیانیان لە ئەمەریکا دەڵێت " دایک وباوکم زۆر کاریان دەکردو ماندوو دەبوون بۆ ئەوەی من و برایەکانم بتوانین بخوێنین "، هێرۆ ئاماژە بەوە دەکات کە هێرشی کیمیاوی ڕژێمی عێراق بۆ شاری هەڵەبجە زۆر کاری لێکردووەو لە ساڵی 1988 لەگەڵ بنەماڵەکەی و ژمارەیەک کورد لە شاری مینۆت خۆپێشاندانێکیان سازکردووە.

لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ کولتووری کوردی هێرۆ دەڵێت " دایک وباوکم زۆر بەلایانەوە گرنگ بوو ئێمە لە ماڵەوە بە کوردی قسە بکەین، زۆر خێزانی کوردیش دەهاتنە ماڵمان، جگە لەوەش من بەر لەوەی لە وەزارەتی دەرەوە کاربکەم بەرپرسی سەنتەری بەدلیسی بووم کە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی کوردی بوو".

لەبارەی کارکردنی لە شاری موسڵ لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن، هێرۆ دەڵێت " من وەکو ئەمەریکاییەک لە عێراق بووم و وەکو پارێزگاری شاری موسڵ وابووم، بەڵام عەرەبەکان وەکو کوردێک تەماشای منیان دەکرد وکوردیش منیان وەکو ئەمەریکاییەک دەدیت هەتا کورد".



هێرۆ لەگەڵ هەردوو برای هاوڕێ و هەڵۆ

### فیلمی هێرۆی ئەمەریکایی

کیرک رووس کە فیلمسازێکی ئەمەریکاییە، هاوڕێی منداڵیی هێرۆیە، چونکە لەسەرەتای گەیشتنی بنەماڵەی هێرۆ بۆ ئەمەریکا لەگەڵ بنەماڵەی رووس لە یەک خانوودا ژیاون لە شاری مینۆت. رووس فیلمێکی دیکۆمێنتەری نیو کاژێری لەبارەی ژیان وپێگەیشتنی هێرۆ بەناوی ( هێرۆی ئەمەریکایی American Herro) دروستکردووە، لەو فیلمەدا ژمارەیەک بەرپرسی ئەمەریکی لەوانە کۆندالیزا رایس وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا لەبارەی هێرۆوە قسە دەکەن.

کیرک کە بۆ وێنەگرتنی فیلمەکە سەردانی شاری هەولێریشی کردووەو لەگەڵ خزمەکانی هێرۆش قسەی کردووە، ئەو لە بارەی فیلمەکەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " ئەوەی هانیدام ئەو فیلمە دروست بکەم ئەوەیە کە هێرۆ و بنەماڵەکەی لە کاتی هاتنیان بۆ ئەمەریکا زۆر ناخۆشییان بینینەوە زۆر ماندوو بوون، خۆشبەختانە ئەمڕۆ هێرۆی هاوڕێی منداڵیم بووەتە کەسێکی لێهاتوو وناسراو لە ئەمەریکا، من زۆر شانازی پێوە دەکەم ".

# ئەکادیمیای LG بۆ هەواسازی لەشاری هەولێر

## خوولی شەشەمی ڕاهێنانی بۆ کادیرانی ئەندازەیی دەستپێکرد

ئەکادیمیای LG بۆ هەواسازی لەشاری هەولێر دەستی بەکردنەوەی خولە زانستییەکانی کرد بۆ کادیرانی تەکنیکی و ئەندازیاری، وەکو سەرەتاش کارەکانی خۆی لەگەڵ ئەندازیارانی فەرمانگەو دامەزراوە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان دەستپێکرد و لەو چوارچێوەیەدا شەش خولی زانستی ئەنجامداوە، خوولی شەشەم بۆ (قوتابییان ومامۆستایانی کرلێجی ئەندازەی میکانیکی زانکۆی تەکنەلۆجی وپسپۆرانی بواری هەواسازییە) بۆ زانیاری پێدان وراهێنانیان لەسەر زانیاری پێشکەوتوو کە خزمەتی بوارەکەیان بکات لە داهاتوودا.خولەکانی داهاتوومان ئەندازیارانی کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی و نووسینگەکانی ئەندازیاری لەهەموو عێراق دەگرێتەوە نەک هەر تەنیا کوردستان.

ئامانجی ئەکادیمیا هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونییەوە فەراهەمکردنی نوێترین زانیاری بووە لەبوارەکانی تەکنیکی هەواسازی و لەسەر هەموو ئاستەکان. هەر خولێکیش پرۆگرامی تایبەتی خۆی هەیە لەگەڵ ئاستی زانیارییەکان کە دەخوێندرێن و پێشکەش دەکرێن، هەروەها لەئایندەدا خولی دیکە بۆ بەشەکانی فرۆشتن و ناردنەبازاڕ دەکرێتەوە کە ئامانجەکەی پەرەپێدانی تواناکانە هەریەکەو بەگوێرەی بواری پسپۆڕیی خۆی، هەمووشی بەشێوازی زانستیانە دەبێت لەڕێی کادیرانی ئەندازیاریی پسپۆڕو بەتوانای سەر بە ئەکادیمیا. کۆمپانیای (دارالریان) کە تاکە بریکاری ئامێرەکانی هەواسازی LGیە لەعێراق ڕۆڵێکی گەورەو دیاری هەبووە لەدامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەم ئەکادیمیایە کە بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای (ئێڵ جی ئەلیکترۆنیکس)ی کۆری کاری کردووە.

ئەم ئەکادیمیایە یەکەمین ئەکادیمیای لەوجۆرەیە لەعێراق کە کارەکانی مایەی سەرسامیی بەڕێزان بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بووە، بەتایبەتی لەورووەوە کە ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبووە لەبەخشینی زانیاری نوێ و پێشکەوتوو بەکادیرانی ئەندازیاری و تەکنیکی و بەخشینی بڕوانامەی دەرچوون بەو کادیرانەی بەشدارییان لەخولەکانی کردووە.

LG
www.lg-iraq.com








# کاروباری ژنان

## ژنێک خۆی دەکوژێ



ڕووداو- شەقڵاوە
ڕۆژی 2009/3/14 لە گوندی ئەرمەندانی سەر بە شارۆچکەی شەقڵاوە، ژنێک بەناوی کەوسەر مەولود ئیبراهیم، 23 ساڵ، لەناو ماڵەکەی خۆی بە گوللەیەک خۆی کوشت. کەوسەر ماوەی ساڵێک بوو شووی کردبوو، مێردەکەی بۆماوەی 3ڕۆژ دەستگیرکرا، یەکێک لەخزمەکانی مێردی کەوسەر بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کەوسەر نەخۆشییەکی ژنانەی هەبوو چەندین جار چووبووە لای پزیشک، بەڵام چارەسەری نەبوو، بۆیە نەخۆشییەکەی تووشی خەمۆکی کردبوو، دواجار گوللەیەکی لەخۆیداو خۆی کوشت".

### لە پشدەر 57 کچی بچووکی مارەکرا و تەڵاق دەدرێن

# خێرخوازێکی سلێمانی دەبێتە ڕزگارکەری کچانی بەمنداڵی مارەکراو

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو- سەنگەسەر**

بۆ بێریڤان حەسەن، تەڵاقدانەکەی نەک نەبووە مایەی نیگەرانی، بەڵکو زۆریش پێی خۆشحاڵە، چونکە ئەو بە منداڵی بەبێ خواستی خۆی لە کوڕێک مارە کرابوو، بەهۆی ئەو مارەبڕینەشیەوە، تاوەکو ئێستا ناچاربووە چەندین داواکاری ڕەتبکاتەوە، بەڵام دوای ئەو تەلاق وەرگرتنەی، لەمەودوا دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی کەسێک وەک هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت.

بێریڤان، تەمەنی 22 ساڵە و دانیشتووی ناحیەی سەنگەسەرە، ماوەیەک بەر لە ئێستا بە هەوڵ و کۆششی لێژنەیەک لە مەلایان و خێرخوازێکی شاری سلێمانی، تەڵاقی لەو کوڕە وەرگرت کە بەبچووکی،بەبێ ئەوەی خۆی هەستی پێ بکات لێی مارە کرابوو. ئەو وێڕای سوپاسکردنی ئەو لێژنەیە گوتی "هەست بەخۆشیەکی زۆر دەکەم، ئەو کاتەی تەڵاقدرام خۆم وەک باڵدارێک دەبینی کە لەنێو قەفەزدا دیلەو ئازاد دەکرێت".

لێژنەیەکی پێکهاتوو لە ژمارەیەک مەلای ناوچەکە، توانیان لە ماوەی 3 ڕۆژدا لە دەڤەری پشدەر 57 کچ تەلاقبدەن، کە لە تەمەنی بچووکدا مارە کراون، کە دەستەواژەی (مارەکراوانی سەر بێشکە)یان بۆ بەکاردەهێنرێ. خێرخوازێکی شاری سلێمانی بە دابینکردنی بودجەیەک بۆ ئەو پرۆژەیە بەشداری لەو پرۆژە و هەڵمەتەدا کرد، ئەو پارەیەش درایە ئەو کەسانەی کە لە بەرامبەر تەڵاقدانی ئەو کچانە داوای پارەیان دەکرد.

دەڤەری پشدەر یەکێکە لەو ناوچانەی زۆرترین دیاردەی کۆمەڵایەتییە کۆنەکانی تێدا هەیە، لەوانەش دیاردەی : گەروە بە بچووک، مارکردنی کچ لەسەر بێشکە، فرەژنی، ژنکوشتن. هەر ئەوەش وایکرد چەند مەلایەکی ناوچەکە و شاری سلێمانی لێژنەیەک پێکبێنن بۆ نەهێشتنی یەکێک لەو دیاردانە کە ئەویش مارەکردنی کچانە لە سەر بێشکە و بەمنداڵی، ئەویش بە تەڵاقدانی ئەو کچانەی کە دوای گەورەبوونیان بەو مارەکردنە ڕازی نین.

لیژنەکەش پێکهاتبوون لە شێخ ماجید حەفید وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، مامۆستا دڵگەیی، مەلا ئەحمەد شافیعی، مەلا ئیسماعیل دێریی، مەلا عەبدوڵڵای زەنگنان، مەلا عەبدوڵڵای دوو گۆمەن، مەلا عەلائەددین سلێمان و دکتۆر فەرەیدون، لەگەڵ چەند ریش سپییەکی ناوچەکە.

مەلا عەلائەددین سلێمان، وتاربێژی مزگەوتی گەیلانی ناحیەی سەنگەسەر، کە خۆی یەکێکبوو لە ئەندامانی لیژنەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە دوای 2000ەوە، هیچ کچێکی بچووک لەناوچەکەی ئەوان بە شێوەیەکی ئاشکرا مارە نەکراوەو چەند ساڵێکیشە لە هەوڵداندان بۆ ئەوەی ئەو کچانەی بەهۆی دابونەریتی عەشایری مارەکراون ڕزگار بکەن.

ئەو مەلایە ڕاشیگەیاند کە "لە کاتی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) لێژنەیەکمان لەچەندمامۆستایەکی ئاینی شاری سلێمانی و پشدەرو چەند ریشسپییەکی ناوچەکە پێکهێنا بۆ تەڵاقدانی ئەو کچانەی لە تەمەنێکی بچووکدا مارە کراون، لیژنەکە سەردانی گوندەکانی پشدەر و ئە و شوێنانەی کرد، کە ئەو کچانەی لێبوو".

مەلا عەلائەددین گوتی، لیژنەکەی ئەوان چەند ڕێگایەکی دانا بۆ ڕزگارکردنی ئەو کچانە، لەوانەش "ئەگەر کچ و کوڕەکە بەیەکتر ڕازی بن کێشە نییە، ئەگەرنا تەڵاقدانی کچەکان بێ بەرامبەر یا بەبڕێک پارە"، ڕوونیشیکردەوە کە ئەو پارەیەی بۆ هەر کوڕێک، کە ئامادەبوو بە پارە دەستبەرداری دەستگیرانەکەی بێ بریتیبوو لە 500 هەزار دینار.

مەلا عەلائەددین سەبارەت بە سەرچاوەی دابینکردنی ئەو پارەیەش گوتی "پارەکە لەلایەن خێرخوازێکی شاری سلێمانی دابینکراوە". بەڵام ئامادەنەبوو نێوی خێرخوازەکە ئاشکرا بکات.



**ئەگەر کەسێکی دیکە هەبێت پارە بۆ ئەو هەڵمەتە دابین بکات ئێمە خۆبەخشانە کارەکە دەکەین**
ئەندامێکی لیژنەی مەلایان

**هەر کچێک بە بچووکی مارە کرابێت، دوای خۆناسینی بڕوای بەو مارەیە نەبوو مارەیی نەهاتووە**
مەلا عەلائەددین سلێمان

**پێویستە کوڕان وشیار ببنەوەو خۆیان ئەو کچانە ئازاد بکەن کە بە بچووکی لێیان مارەکراون**
کچێکی دیکەی ئازادکراو

**هەستدەکەم وەک باڵدارێکی نێو قەفەز ئازاد کراوم**
بێریڤان، کچێکی ئازادکراو

### مارەکراوانی سەر بێشکە بە 500 هەزار دینار ئازادبوون



مەلا عەلائەددین ئاماژەی بەوەدا ریشسپییەکانی ناوچەکە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە سەرکەوتنی کارەکەیان و گوتی "لەماوەی 3 ڕۆژدا توانیمان 57 کچ تەڵاق بدەین، لەوانەش 39 کچ بە پارە تەڵاقدران و 18 کچیش بەبێ بەرامبەر، دوو حاڵەتیش کە کچەکان لێرە نین، دەستگیرانەکانیان ڕازیبوون بەبێ بەرامبەر تەڵاقیان بدەن، جگە لەوانەش سێ حاڵەتمان هەبوو کە کوڕو کچەکان بەیەکتر ڕازیبوون".

ناوبراو گوتیشی " 11 حاڵەتی دیکەشمان هەبووە کە بچوک بوون و بەپێی مەزهەبی شافعی ناکرێ تەڵاقبدرێن، تا گەورە دەبن، بەڵام بەڵێننامەمان لێوەرگرتوون هەرکاتێک ئە و کوڕ و کچە گەورە بوون و بەیەکتر ڕازی نەبوون تەڵاق بدرێن".

دەربارەی ئەوەی کە ئەوانە بەپێی شەریعەتی ئیسلام مارەییان هاتووە ناوبرا و گوتی "ناکرێت بڵێین مارەییان نەهاتووە، بەڵام کچی بچوک کە مارە دەکرێت دوای خۆناسینی دەبێ باوکی پێی بڵێت کە مارەکراوە، ئەگەر کچەکە بڕوای بە و مارەیە هەبوو و پێی ڕازیبوو مارەیی هاتووە، بەپێچەوانەشەوە مارەیی نایێت و کچەکە دەتوانێ بچێتە لای دادوەر و مارەکردنەکەی هەڵوەشێنێتەوە".

سەبارەت بە بەردەوامبوون لەسەر ئەو هەڵمەتەیان، مەلا عەلائەددین گوتی " ئە و خێرخوازە تەنیا ئەوەندە پارەیەی دابینکردووە و بڕیاری نەداوە پارەی دیکەمان بۆ دابین بکات، بەڵام ئەگەر کەسێکی دیکە هەبێت ئێمە دەتوانین باشتر کارەکەمان بەڕێوەببەین، ئەگەر نا ئێمە وەک خۆبەخشێک بەردەوام دەبین لەسەر کارەکەمان".

ئەو کچانەی تەڵاقیان وەرگرتووە، زۆر خۆشحاڵن بەو کارەو دەستخۆشی لەو لیژنەیە و خێرخوازەکە دەکەن و داوا دەکەن کار بۆ ڕزگارکردنی کچانی دیکەش بکەن. کچێکی دانیشتووی گوندی دوو گۆمەنی ناحیەی سەنگەسەر کە بە بچووکی مارە کراوەو ئێستا تەڵاقدراوە گوتی "ئێستاش باوەڕ ناکەم تەڵاقدرابم، پێشتر چەندین کوڕ داوایان کردووە شوویان پێ بکەم، بەڵام بەهۆی ئەوەی بە منداڵی مارە کرابووم، سەرجەم داواکارییەکانم ڕەتکردنەوە". ئەو کچە گوتیشی "هیوادارم کار بۆ ئەو کچانەش بکرێ کە هاوشێوەی ئێمە لەپێنا و بەرژەوەندی چەند کەسێک مارەکراون، پێویستیشە گەنجان هۆشیار ببنەوەو خۆیان ئەو کچانە ئازاد بکەن کە بە بچووکی لێیان مارەکراون".

# مۆبایل پەیمانی خنکاند

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

فەخریە جلێکی قاوەیی و دەسماڵێکی ڕەشی لەسەر کردبوو، گریان ڕێگەی پێنەدەدا بە وردی باسی ڕووداوی خۆ خنکاندنی پەیمانی کچی بکات، بە دەست ئاماژەی بۆ شوێنی خۆ لێ خنکاندنی پەیمان کردو گوتی "پەیمان لەو ژوورە خۆی لە سێدارە دا".

پەیمان ع، 16 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی کوردستان لە هەولێر، ڕۆژی 2009/3/16 لە ماڵی خۆیان بە ڕەفتەیەک خۆی خنکاند. زانیارییەکانی پۆلیس و کەسوکاری پەیمان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پەیمان لەسەر تەلەفۆنکردن خۆی خنکاندوە، هەروەها دەڵێن پەیمان باری دەروونی تەواو نەبووە.

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە، لە پشکنینی پزیشکی دادوەری، دەرکەوتووە پەیمان خۆی خنکاندووە "پەیمان نەخۆشی کەم عەقڵی هەبووە، لەگەڵ کوڕان قسەی کردووە"، نەقیب ژیلەمۆ دەڵێ " دایکی و برایەکی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەسەر ئەو ڕووداوە گیران".

هەڵمەت، برای پەیمان، لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتوویەتی "پەیمان بەردەوام قسەی لەگەڵ کوڕان دەکرد، ئەو ڕۆژەی خۆی خنکاند بینیم لەبەر دەرگا قسەی لەگەڵ کوڕان دەکرد، کە منی بینی چووە ژوورەوە، دواتر گەڕامەوە ماڵەوە بینیم، خۆی لە سێدارەدابوو"، هەروەها دەڵێت "خوشکم عەقڵی تەواو نەبوو".

پەیمان لە خێزانێکی هەژاری هەولێرە، تا پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی خوێندبوو، هێرش، کە برا گەورەی پەیمانە و تەمەنی 18 ساڵە، کرێکاری دەکات. ئەو کە کوڕێکی لاوازی باریکەلەیە، بەر لەوەی باسی مردنی خوشکەکەی بکات گوتی "زۆر قسەمان بۆ دەهاتەوە پەیمان لەدەرەوەی قوتابخانە لەگەڵ کوڕان دەوەستێت، نەماندەزانی چی لێ بکەین، مامۆستا دەهاتە ماڵمان دەیانگوت ئەو کچە ئابڕووی قوتابخانە دەبات، ڕۆژێک لەگەڵ کوڕێک بە سواری ئۆتۆمبێل ڕۆیشتبوو، کە هاتەوە گوتی چیتر ناچمەوە قوتابخانە".

بەگوێرەی قسەکانی هێرش، 4 ساڵ دەبوو پەیمان بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کوڕان دەکرد، پەیمان تەلەفۆنی نەبوو، بەدزی ماڵەوە بە مۆبایلی باوک و برای قسەی لەگەڵ کوڕان دەکرد. هێرش دەڵێت، پەیمان قسەی لەگەڵ هەموو جۆرە کوڕێک دەکرد "ڕۆژانە 3-4جار تەلەفۆنی دەکرد، کە بەسەری دادەچوون تەلەفۆنەکەی دادەخست، یان بە زەوی دادەدا، نەماندەوێرا قسەی لەگەڵ بکەین، دەترساین بەڵایەک بەسەر خۆی بێنێت".

کاتێک هەڵمەت دەبینێ خوشکەکەی لەبەر دەرگا لەگەڵ کوڕان قسە دەکات، پەیمان دەچێتە ژوورەوە وەک هێرش دەڵێت، هەموو کون و کەلەبەرەکانی ژوورەکەی دەگرێ و، پاشان چووەتە سەر کورسییەک و خۆی بەپانکە هەڵواسیووە "پەیمان پێشتریش دەیگوت لەماڵ بێزارم".

لەوەتەی مۆبایل هاتووەتە کوردستان، بووەتە هۆی کوشتوون و خۆکوشتنی دەیان ئافرەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانی لە ساڵی 2007دا نزیکەی 350 ئافرەت لەسەر مۆبایل لە کوردستان کوژراون.

لەوکاتەی پەیمان خۆی خنکاندووە، دایکی لەماڵی زاواکەیان بووە، لەکاتی گەڕانەوە بینی بووی پەیمان دەرگای لەسەر خۆی داخستووە، هاوار بۆ زاواکەیان دەبات، بەڵام زاواکەی دەرگاکە ناکاتەوە تا پۆلیس دێت، هێرش گوتی پۆلیس خۆیان دەرگایان شکاند.

"هەرکاتێک پەیمان تووڕە دەبوو دەرگای لەسەر خۆی داخستووە"، بەشدار ڕەشید کە مێردی خوشکی پەیمان بوو ئاماژەی بەوەدا پەیمان زۆرجار گوتویەتی لە ڕقی ئێوە خۆم دەکوژم "ناوە ناوە خراپ دەبوو لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، شتی دەشکاند". بەشدار بەهەمان شێوەی هێرش باسی لەو تەلەفۆنانە دەکرد، کە پەیمان بۆ کوڕانی کردووەو، دەڵێت ئەو ژمارە تەلەفۆنانەشی زیاتر لە نامەکانی شریتی ژێرەوەی شاشەی تەلەفزیۆنەکان وەردەگرت "کوڕان ژمارەکانیان بۆ تەلەفزیۆن دەنێرن، پەیمان کە دەیبینین ژمارەکەی وەردەگرت و قسەی لەگەڵ دەکردن". پەیمان ڕۆیشت و پرسەشی بۆ دانەنرا، بەشدار پێیوایە مام و خاڵەکانی لەبەر پارە پرسەیان بۆ دانەناوە، ئەوەی هەرگیز پەیمانی لەبیر ناچێتەوە قومریەی دایکێتی کە بەشدار لەبارەیەوە دەڵێت "ئێستا دونیای لەخۆی تاریک کردووە ناتوانی باسی ئەو کچەی لەگەڵ بکەیت، بەزۆر وامکردووە نان بخوات".



### فریای لەبەرکردنی جلە تازەکانی نەورۆز نەکەوتن

# هەرێزو ژینۆ لەیەک ڕۆژدا لە گوندەکەیان خۆیان کوشت

**دڵشاد غەریب**
**ڕووداو- سەید سادق**

لە دووەم ڕۆژی نەورۆزدا، هەرێزو ژینۆ لە دوو ڕووداوی جیادا کۆتاییان بە ژیانیان هێنا و کەسوکاریشیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو دوو کچە هاوڕێی یەکتر نەبوونە و ڕووداوەکانیش پەیوەندییان بە یەکەوە نییە.

کاژێر 4ی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی 2009/3/22 ژینۆ جەلال، 18 ساڵ، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لە گوندی کانی پانکەی سەر بە قەزای سەید سادق، خۆی دەرمانخوارد کردو کاژێر 9ی شەو لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. کاژێر 11ی شەویش، هەرێز ئیبراهیم، 17ساڵ، دانیشتووی هەمان گوند، لەنێو ماڵەکەیدا خۆی بە پەتێک خنکاند. ئەم ڕووداوەش لە یەک ڕۆژ و لە یەک گوند دا، بووە جێگەی پرسیاری خەڵکی گوندەکە.

تەلیعە مەحمود ئەمین، دایکی هەرێز کە گریان و لاواندنەوەی هەرێز بەتەواوی لاوازی کردووەو چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون، لەژێر خێوەتێکی پڕ لە ژندا کە بۆ پرسەی کچەکەی هەڵدرابوو، بە گریانەوە کچەکەی دەلاوێنێتەوە. تەلیعە دەڵێ "کچەکەم هیچ کێشەی نەبوو، تەنیا لە قوتابخانە لە 7 وانە کەوتبوو، زۆر پێی خەمبار ببوو". تەلیعە هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووە، کچەکەی خۆی بخنکێنێت "ئەو تاقانەی ناو ماڵ بوو، باوکی هەمیشە بە خواست و حەزی ئەو شتی دەهێنایەوە، کەس دڵی نەدەشکاند".

لەژێر دووخێوەتی گەورەدا کە هەردووکیان بەتەنیشت یەکەوە هەڵدرابوون، پرسەی هەرێزو ژینۆ بەتەنیشت یەکەوە بەڕێوەدەچوون و کەسوکاری هەردوولاش دووپاتیان کردەوە، کە ئەو دوو کچە هاوڕێی نزیکی یەک نەبوون و تەنیا قوتابی یەک قوتابخانە بوون، ڕەتیشیانکردەوە کە هەردووکیان پێشتر لەسەر خۆکوشتنەکەیان ڕێککەوتبن.

ئەکبەر قادر، مامی هەرێز، کە ئەو شەوە تا پێش خۆ کوشتنی هەرێز، لە ماڵی ئەوان دۆمینەی کردووە، لەو باوەڕەدا نەبووە، هەرێز خۆی بخنکێنێت "ئەو شەوە هەرێز چای بۆ دادەناین و سوعبەتی دەکرد، ئەوەندە دڵی خۆشبوو، ئەگەر بشیگوتایە خۆم دەکوژم کەس باوەڕی نەدەکرد، بۆیە بۆخۆشمان سەر لە خۆکوشتنەکەی دەرناکەین". مامی هەرێز هەندێ وردەکاری خۆکوشتنی هەرێز دەگێڕێتەوەو دەڵێ " شەو میوانێکیان هەبووە، بەیانییەکەی کە دایکی ویستویەتی بچێت هەرێز لە خەو هەڵیسینێت، دەرگاکەی بۆ نەکراوەتەوە، چونکە هەرێز شەو کاتی نووستن دەرگاکەی لەسەر خۆی داخستووە ئەوجا خۆی خنکاندووە".

یەکێک لە دراوسێکانی ماڵی هەرێز کە تێکەڵی لەگەڵ ماڵی ژینۆش هەیە، قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، بەڵام نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "ژینۆ و هەرێز دوو کچی زۆر بێدەنگ و بێ کێشە بوون"، هەروەها گوتیشی " 10ساڵ لەمەوبەریش کوڕە خاڵێکی هەرێز بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی هەبێت یەک دەبە بەنزینی بەخۆیدا کردو خۆی سووتاند، پێدەچێ هیستریایەک لەنێو ئەو بنەماڵەیەدا هەبێ".

ژینۆ قادر، کە لەدایکبووی ساڵی 1991 بوو، لە تەمەنی دووساڵیدا دایکی لە باوکی جیا بووەتەوەو باوکی ژنێکی دیکەی هێناوە.

ژینۆ قوتابی پۆلی 10ی ئامادەیی بوو، وەک مامۆستاکانی باسیدەکەن کچێکی زۆر بزێو و کراوە بوو. کەسوکاری لەبارەی مردنەکەی دەڵێن کە ژینۆ بە هەڵە گولەبەڕۆژەی ژەهراوی خواردووە، کە بۆ مشک کوشتن دانرابوو بەوشێوەیە مردووە، بەڵام سەبا تۆفیق، زڕدایکی ژینۆ دەڵێت "لە نەخۆشخانە لە ژینۆم پرسی بۆ وات لە خۆت کرد، گوتی: لەژیانی خۆم بێزار بووم، نمرەکانم زۆر خراپ بوون، بۆیە گوڵەبەڕۆژەی ژەهراوییەکەم خوارد". سەبا گوتیشی "ژینۆ بە بەردەوامی دەیگوت حەز دەکەم ببمە دکتۆر".

هەرچی عومەر محەممەد ئەمینی مامی ژینۆیە دەڵێت "لە نەخۆشخانە لێم پرسی بەئەنقەست لەو دەرمانەت خواردووە یان نا؟ وتی مامە بەئەنقەست نەم خواردووە". مامی ژینۆ، قەت لەو باوەڕەدا نەبووە، ژینۆ وای بەسەر بێ، چونکە دەڵێت ژینۆ خۆی بۆ گەشت ئامادە کردبوو نەک مەرگ "ژینۆ دەستێک جلی بۆ نەورۆز کڕیبوو، ڕۆژێک پێشتر هاتبووە لای منداڵەکانی ئێمەو گوتبووی توخوا بەمامم بڵێن با بمانبا بۆ قەرەداخ".

زڕدایکی ژینۆش جەختی کردەوە کە ژینۆ زۆر حەزی لە گەشت و سەیران بوو و تەنانەت بەر لە نەورۆز ویستوویەتی لەگەڵ ژینۆ بچنە سلێمانی تا لەگەڵ ماڵی باوکی ئەو (باوکی سەبا) گەشت بکەن، بەڵام بەهۆی باران بارینەوە نەیانتوانیوە سەفەرەکەیان بکەن. سەبا گوتی "ژینۆ زۆر هێمن بوو، قەت تووڕە نەدەبوو، زۆر حەزی لە سەیران و گەڕان و هەڵپەڕکێ بوو". هەندێک لەوانەی کە لەنزیک پرسەی ئەو دووکچە تەمەن بەهارییەی، کە دووەمین ڕۆژی بەهار کۆتایی بە ژیانی خۆیان هێنا، پەنجە بۆ شەقامە سەرەکییەکەی تەنیشت ئاوایی ڕادەکێشن و دەڵێن "ڕۆژێک بەر لە مردنیان، ژینۆ و چەند کچێکی دیکە بەجلی کوردییەوە لەوێ هەڵدەپەڕین".



هەرێز ئیبراهیم، تەمەن 17ساڵ



عومەر محەممەد ساڵح، کە مامۆستای ژینۆ و هەرێز بووە، بەخەمگینی لە پرسەی هەردوو قوتابییەکەی دانیشتبوو. ئەو مامۆستایە گوتی" بیستبوم کە هەرێز دووجار داخوازی هەبووە، بەڵام ماڵەوەیان لەبەر خوێندن بە شوویان نەداوە"، بەڵام دایکی هەرێز ئەو قسەیەی ڕەتکردەوەو گوتی "هەرێز داخوازی نەبووە، ئەگەر هەشیبوایە هەر بەدڵی ئەومان دەکرد".

مامۆستا عومەر دەڵێ، هەرێز لەخوێندن دا خراپ بوو، ژینۆش زۆر زیرەک نەبوو، بەڵام بزێو و کراوە بوو "هەموو جارێک بەژینۆم دەگوت لێرە ئەوەندە عەجولی دەکەیت، دەترسم لە ماڵەوە زۆر بێدەنگ بیت".

ڕائید حەکیم عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی سەیدسادق کە بۆ خۆی سەردانی گوندی کانی پانکەی کردووە و، بەشێوەیەکی مەیدانی بەشداری لێکۆڵینەوەکەی کردووە لەسەر ئەو دوو ڕووداوەی خۆکوشتن، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تائێستا ئەنجامی کۆتایی لێکۆڵینەوەی مردنی ئەو دوو کچە دەرنەکەوتووە، بەردەوامین لە لێکۆڵینەوە".

## کۆمەڵایەتی

**تەنیا 3 ژن لەسلێمانی مۆڵەتی گشتی شوفێریان دەرهێناوە**



**بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی لە ماوەی 2 ساڵی ڕابردوودا 7128 ژن مۆڵەتی شوفێریان دەرهێناوە، بەڵام تەنیا مۆڵەتی 3 ژن گشتی بووە. ئەمە لەکاتێکدایە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر ئەوەی ژنان و کچانیش ببنە شۆفێری تاکسی، ملازم بەختیار، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانیش لەبارەی بڕیاری تاکسی ژنانەوە دەڵێ "هەر ژنێک خاوەنی مۆڵەتی گشتی بێت دەتوانێت ببێتە شۆفێری تاکسی".**

### بە نهێنی ئازاری منداڵانی کوردی گەیاندە سوێد

# بەهار دەبێتە دایکی 60 منداڵی کەسوکار ئەنفالکراو





سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو–هەولێر**

بەهار لە وڵاتی سوێد لەوپەڕی خۆشگوزەرانی دەژیا، بەڵام کاتێک مەینەتی منداڵانی کورد لە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی بەهاری 1991 لە ڕێگەی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەبینێ، نەیتوانی چیتر لەوێ بمێنێتەوەو یەکسەر گەڕایەوە کوردستان تاوەکو یارمەتی منداڵانی کوردستان بدات.

بەهار بەخۆی و کامێرایەک و ریکۆردەرێک دەگاتەوە کوردستان، سەرەتا دەست دەکات بە وێنەگرتنی ئەو منداڵانەی لە کاتی کۆڕەوەکە دووچاری برسێتی و سەرما دەبوون، دواتر هەر ئەو وێنانە دەبنە هۆی گەیشتنی دەیان لۆری کۆمەک لە سوێدەوە بۆ منداڵانی کوردستان، ئینجاش خانەی منداڵانی ئاوارە دەکاتەوە.

بەهار عەبدولرەحمان، 63 ساڵ، لەدایکبووی سلێمانییە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شۆڕشەکانی کوردستان ئاوارەی ئێران بووە، ساڵی 1975 چووەتە وڵاتی سوێد، لەکاتی کۆڕەوی 1991 گەڕاوەتەوە کوردستان، دواتر لەساڵی 1992 بەهاوکاری ڕێکخراوی منداڵپارێزی سوێدی، (خانەی منداڵانی ئاوارە)ی لەسلێمانی کردەوە. ئێستاش بەڕێوەبەری بەشی کۆمەڵایەتییە لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان.

بەهار لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) چۆنیەتی گەڕانەوەی بۆ کوردستان و کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ منداڵانی کوردستان لە سوێد و دامەزراندنی خانەی ئەنفال دەگێڕێتەوە، بەهار گوتی "کە گەڕامەوە کوردستان خۆم وەک ژنێکی نەخوێندەوار نیشاندا و عەبایەکم بەسەر خۆم دادا، کامێراو ریکۆردەرەکەم لە ژێریدا شاردبووەوە، چونکە ئەوکات بەعس زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی داگیر کردبووەوە".

بەهار بە کامێراکەی وێنەی ئەو منداڵانە دەگرێ کە بەهۆی کۆڕەوەکەوە لەژێر خێمەو لەنێو کەلاوەکاندا لە ژیانێکی کولەمەرگیدا دەژیان، بەهار دەڵێت "لە چۆمان منداڵم دەبینین بە پێی پەتی بەناو قوڕو چڵکاودا بە مەنجەڵ ئاویان دەکێشایەوە، لە شەقڵاوە منداڵێک باینجانی چرچبووی دەفرۆشت، لە گەرمیان منداڵێکم بینی نانە ڕەقیان خستبووە ناو دەمی تا بیمژێت و لە برسان نەمرێت".

بەهار بەو وێنانەوە، دەگەڕێتەوە سوێدو پەیوەندی بە هێلین سڤانتەسون، بەرپرسی ڕێکخراوی منداڵپارێزی سوێدییەوە دەکات، بە بەردەوامیش باسی لە نەهامەتییەکانی منداڵانی کورد کردووە، بۆ خەڵکی سوێد.

وەک بەهار باسیکرد هێلین هاوکارییەکی زۆری کردووە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک "ئەو خاتوونە لەسەردەمی نازیەکانی ئەڵمانیا منداڵ بووەو لەکاتی قسەکردنی بۆ خەڵکی سوێد ڕەوشی کوردانی بە خەڵکانی بەردەستی نازییەکان دەچوواند، ئیدی خەڵک بەرە بەرە کۆمەکیان دەکردین".

بەهار دەڵێت "دەخیلەمان بەدەستەوە دەگرت خەڵک پارەی تێدەکرد، جلوبەرگ و خواردن و پێداویستییەکانی تەندروستیان بۆ دەناردین، خانوویەکی گەورەمان هەبوو، خۆمان لەسەر زەوی دادەنیشتین و کۆمەکمان تێدەکرد". دواتر بەهار کۆمەکەکان لە ڕێگەی مێردەکەیەوە بە لۆری ڕەوانەی کوردستان دەکاتەوە.

بەهار، هەر بەوەندە ناوەستێت، بەڵکو لە دەفەرتێک دەگەڕێت بۆ زیاتر کۆمەککردنی منداڵان، کاتێک ڕێکخراوی منداڵپارێزی سوێد داوای لێدەکات منداڵانی بێسەرپەرشتی کوردستان کۆبکاتەوە تاوەکو خانەیەکیان بۆ بکەنەوە، بەهار و هێلین پێکەوە سەردانی کوردستان دەکەن و سەرەتا 18 منداڵ کۆدەکەنەوە، کە زۆربەیان خەڵکی گەرمیان بوون و کەسوکاریان ئەنفالکرابوون، دواتر لەسلێمانی خانوویەکیان بۆ بەکرێ دەگرن.

وەک بەهار ئاماژەی پێدا، دوای ئەوەی خەڵک بە خانەکە ئاشنا دەبن، ژمارەی منداڵانی خانەکە دەبنە 60 منداڵ. دواتر ستافێک بۆ بەڕێوەبردنی خانەکە دادەنێن و خۆشی

## کە خەڵک نانی نەبوو بیخوات من مۆزم بۆ منداڵەکان دەکڕی

بەهار عەبدولرەحمان، بەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان

دەگەڕێتەوە بۆ سوید و بەردەوام چاودێری خانەکەش دەکات، جگە لەوەی بەهارو هێلین ساڵانە دووجار سەردانی خانەکە دەکەنەوە، لە سوێدیش حیسابی بانکی بۆ یارمەتیدانی منداڵەکان دەکەنەوە.

بەهار باسی لەوە کرد، کە منداڵانی خانەکە لەو پەڕی خۆشگوزەرانیدا ژیاون، بە تایبەتی لەکاتی گەمارۆی ئابووری سەر کوردستان "کە خەڵک نانی نەبوو بیخوات، من مۆزم بۆ منداڵەکان دەکڕی".

بەهار هێندە بە ناز و پەرۆشەوە ئەو منداڵانەی پەروەردەکردوون، ئێستا ئەوان وەک دایکی خۆیان سەیری بەهار دەکەن، ئەو دەڵێ "نەماندەهێشت برسیی بن، زانکۆمان پێ تەواوکردن، لەو گرانییە خواردنیان لێ زیادبوو، ئەوان ئێستاش هەر بە دایە بانگم دەکەن و پێمدەڵێن نەتهێشت بێ دایکوباوکیمان پێوە دیار بێ".

هەروەها بەهار ئاماژەی بەوەدا کە توانیویانە هاوکاری 7منداڵی بێ دایکوباوکی خێزانێک بکەن، کە باوکیان ئەنفالکرابوو و دایکیشیان لەکاتی ئیشکردن ئۆتۆمبێل لێیدابوو "خانوویەکمان لە شاری سلێمانی بۆ کڕین".

هەرچەندە خانەکە لە 2002وە داخراوە، بەهۆی ڕاگرتنی کۆمەکی ڕێکخراوی منداڵپارێزی سوێد لەسەری، بەڵام بەهار ئێستاش بەردەوامە لە کۆمەککردنی ئەو 60 منداڵە "ئێستاش مانگانە 50 دۆلاریان پێدەدرێ".

سەبارەت بە چارەنووسی منداڵەکانیش بەهار گوتی "هەندێکیان گەڕاونەتەوە لای کەسوکاریان، هەندێک لە کچەکان شوویان کردووە، ئێستا 18یان لە قۆناخی دواناوەندی دەخوێنن، زۆربەشیان زانکۆیان تەواو کردووە، هەندێکیشیان ئێستا لە زانکۆن".

بەهار هەرگیز هەوڵ و ماندووبوونی سوێدییەکان لەبیر ناکات، کە زۆر هاوکاریان کردووە بۆ کۆمەکردنی منداڵانی کوردستان. ئێستاش بەهارو شەش ئافرەتی سوێدی بەردەوامن لە کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ئەو 60 منداڵە، بەهار زۆر سەرسام بوو بە کارکردنی هیلین، کە ئێستا تەمەنی 89 ساڵە "ئەو ژنە بەو پیرییەوە، بە گەرمای هاوین لە کوردستان کاری بۆ منداڵان دەکرد، من بەرگەی ئەو گەرمایەم نەدەگرت، بەڵام ئەو پیرەژنە ڕانەدەوەستا".



منداڵێکی کارکەر لە شەقڵاوە لە ساڵی 1991 (فۆتۆ:بەهار عەبدولڕەحمان)



چەند منداڵێکی بێ سەرپەرشت لە چۆمان، ساڵی 1991 (فۆتۆ:بەهار عەبدولڕەحمان)

# بۆ 15 ملیۆن دینار فرسەتیان کوشت

**ڕووداو – هەولێر**

بێدەنگی و ڕەشپۆشی باڵی بەسەر تەواوی خانەوادەی فرسەتدا کێشابوو، هۆزانی خێزانی فرسەت لە سووچێکی ماڵی خەسووی دانیشتبوو، تا تەواوبوونی چاوپێکەوتنەکە ئەو هەر دامابوو، بە دەگمەن قسەی دەکرد، پێدەچوو بیر لە دوارۆژی خۆی و دوو منداڵەکەی بکاتەوە.

مێردی هۆزان کە ناوی تەواوی (فرسەت ئیبراهیم حەمەد)ە، تەمەنی 35 ساڵ بوو، کاژێر 7:30ی بەیانی ڕۆژی 2009/3/16 وەک ڕۆژانی دیکە، عەلاگە پارەکەی لەبن هەنگڵی دەگرێ، تاوەکو لە بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر، بە ئاڵوگۆڕی دراو، بڕێک پارەی دەستبکەوێت و بژێوی خێزانەکەی پێ دابین بکات، بەڵام بێئاگا دەبێ لەوەی کە ئەو بەیانییە لەلایەن سێ کەسەوە بۆسەی بۆ دانراوەتەوە. لە پڕ سێ چەکدارەکە تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن، بەبێ ئەوەی پارەکە ببەن هەڵدێن.

فرسەت، باوکی دوو منداڵەو، لە گەڕەکی سێتاقانی هەولێر لەنێو خانوویەکی کرێ دەژیا. هۆزان سابیر باسی ئەو بەیانییەی کرد کە مێردەکەی تێدا کوژرا "نانی بەیانیم بۆ حازر کردبوو، نەیخوارد یەکسەر عەلاگە پارەکەی هەڵگرت و چووە دەرەوە، زۆری پێنەچوو گەڕایەوە گوتی، ها هۆزان ئیشت پێم بوو بانگت کردم، منیش پێمگوت: نا بانگم نەکردووی".

فرسەت بە 15ملیۆن دینارەوە بە پیادەڕۆیی بەرەو شوێنی کارەکەی بەڕێ دەکەوێت، چەند کۆڵانێک لە ماڵ دوور دەکەوێتەوە، لە ناکاو سێ کەس ڕێی لێدەگرن.

زیاد ئیبراهیمی برای فرسەت، دەڵێت یەکێک لەنێو ئۆتۆمبێل چاوەڕوانی دەکرد و، دوو کەسەکەی دیکەش دەیانەوێت پارەکەی لێ بستێنن، فرسەت پارەکەیان پێنادات، ئەوانیش گوللەیەکی لێدەدەن "فرسەت لەبەر دەستیان هەڵدێت، گوللەیەکی دیکە لە پشتی دەدەن".

لەگەڵ دەنگی تەقە خەڵک کۆدەبێتەوە، دزەکان فریای ئەوە ناکەون پارەکە هەڵبگرن و ببەن، بەوشێوەیە هەڵدێن.

فرسەت ماوەی نیو کاژێر دەکەوێت، بەڵام کەس ناوێرێت بیگەیێنێتە نەخۆشخانە تا پۆلیس دەگات، زیاد باسی لەوە کرد فرسەت خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو، تا گەیاندبوویانە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدابوو" لەبەر ئەوەش نەتوانرا ئیفادەکەی وەربگیرێت".

زیاد ئاماژەی بەوەدا کە کەسەکان دەیانتوانی فرسەت نەکوژن، بەڵام ڕەنگە ناسیاوی فرسەت بووبن و ترسابن پاشان بە پۆلیس بڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیاد گومانی لەکەس نییە. چونکە وەک خۆی دەڵێت "بەهیچ شێوەیەک کێشەمان لەگەڵ کەس نییە، بۆیە دڵنیاین لەسەر پارەیە"، گوتیشی "بەقەدەر ڕووداوەکە بۆ دیارنەبوون و نەدۆزرانەوەی بکوژانی بە خەمین".

فرسەت باری ئابووری باش نەبووەو کرێچی بووە، هەرچی شتێکیشی هەبووە کردوویەتییە پارە تا مامەڵەی پێوە بکات، تەنانەت زیاد دەڵێت ئەو چەند جار داوای لە فرسەت کردبوو بەپێ هاتووچۆ نەکات، بەڵام فرسەت گوتوویەتی ئەگەر ئۆتۆمبێل بکڕم پارەم نامێنێت کاری پێ بکەم، زیاد دەڵێ "بە فرسەتمان دەگوت هەموو ڕۆژێک بە عەلاگەیەکەوە دێیت و دەچیت زۆر کەس چاوی لەسەرتە، بەڵام ئەو دەیگوت ئێستا شار زۆر ئارامە، کەس مەترسی لەسەر نییە، کێشەشم لەگەڵ کەس نییە".

بەهەمان شێوەی زیاد، هۆزانیش پێیوابوو مێردەکەی کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە و گوتی" فرسەت لەماڵ هەرگیز باسی ئەوەی نەکردووە، کەسێک هەوڵی دزینی پارەکەی دەدات، ئێواران بۆی دەگێڕامەوە، کە کاری لەگەڵ کێ کردووە، بەڵام قەد دەمەقاڵێ و شەڕی نەبووە".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تا ئێستا کەس لەسەر کوشتنی فرسەت دەستگیر نەکراوە، بەڵام لێکۆڵینەوە بەردەوامە".



## فرسەت دەیگوت ئەگەر ئۆتۆمبیل بکڕم پارەم بۆ ئیش نامێنێ و شار ئارامە و بەپێ هاتووچۆکردن مەترسیدار نییە

زیاد ئیبراهیم

# سەلاح بەچاوی خۆی پارچە پارچەبوونی دایک و باوکی خۆی بینی

**ڕووداو– ڕۆیتەرز**

سەلاح عەباس هیشام (11 ساڵ) لە تاریکی شەودا بەدەم هاوار و زریکەی گریانەوە لە خەو هەڵدەستێت، جاری واش هەیە لە تاریکیدا پەلاماری ئەو منداڵە دەدات کە لە تەنیشتی ئەو نوستووە، ئەوان لە هەتیوخانەیەکی بچووکی شاری بەغدان، کە 33 منداڵی تێدایە، کە لەسەر زەوی یاخود لەسەر قەرەوێڵەی شڕ ڕادەکشێن.

ئەحمەد عەبدولباقی توێژەری کۆمەڵایەتیی کە لەو خانەیە ئیشکگرە دەڵێ، سەلاح بەر لە دوو ساڵ بەچاوی خۆی پارچە پارچەبوونی دایک و باوکی خۆی بە تەقینەوەی ئوتومبیلێکی بۆمبڕێژکراو بینی، بۆیە ناکرێ لە شەودا تەنیا جێی بهێڵی."شەوان هەڵدەستێ و دەکەوێتە لێدانی ئەو منداڵەی تەنیشتی و تەنانەت هەوڵی خنکاندنیشی دەدات، هەمیشە دەستەکانی دەلەرزن و ناتوانێ بە شێوەیەکی ئاسایی قسەش بکات".

سەلاح تەنیا کەسێکە لە نێو سێ ملیۆن هەتیودا (منداڵانی بێ دایک و باوک، یان بێ یەک لەو دووانە)، کە لە ئاکامی شەڕی تایفەگەری لە دوای ساڵی 2003 دروستبوون.

لەگەڵ پاشەکشەکردنی شەڕی تایفی و بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، پسپۆڕانی دەروونناسی دەڵێن کاردانەوەی ئەو منداڵانە بەرامبەر بەو شۆکەی تێی کەوتوون، هەڕەشە لە ئاسایش و ئارامیی ناجێگیری عێراق دەکات.

حەیدەر عەبدولموحسین پزیشکی دەروونی دەڵێ " گرفتەکە ئەوە نییە کە ئەو منداڵانە لە کوێ دەخەون و چی دەخۆن، بەڵکو مەسەلە گرنگەکە ئەوەیە کە ئاخۆ ئەوان دەتوانن لە ناخی خۆیاندا ئارام و ئاسوودە بن". هەروەها پێیوایە هەرچەند ژمارەی هەتیوان زیاتر ببێت هێندە ڕێژەی تاوان و توندوتیژی زیاتر دەبێت.

سەمیرە موسەوی سەرۆکی لیژنەی ئافرەت و منداڵان لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ"ئەگەر لە عێراقدا یەک ملیۆن بێوەژنمان هەبێت، ئەوە پێدەچێ سێ ملیۆن هەتیومان هەبێت". ئەو پێیوایە حکومەت پشتیوانی و هاوکارییەکی یەکجار کەم لەو توێژە دەکات. هەرچەندە ژمارەیەکی کەم لە هەتیوان ناویان بۆ کۆمەک تۆمار کراوە، بەڵام ئەو 15 هەزار دینارەی مانگانە وەریدەگرن بەشی هیچ ناکات.

فەوزیە عەتییە، مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی بەغدا دەڵێ" هەر دۆلارێکی لە هەتیودا خەرج بکرێت، وەبەرهێنانە بۆ ئایندەی عێراق"، هۆشداریشیدا کە بێکاری و ئالوودەبوون بە ماددە بێهۆشکەرەکان و تەقینەوە خۆکوژییەکان، هەر هەموویان پاشماوەی شەڕن، منداڵانی هەتیویش کە پاشماوەی شەڕن، نێچیرێکی ئاسانن بۆ تیرۆریست و تاوانکاران.

ئەو هەتیوخانەیەی سەرەتا ڕێکخراوێکی کوردی دایمەزراند، لەگەڵ تەشەنەکردنی توندوتیژی، بەسەر بەڕێوەبەری هەتیوخانەکە و خۆبەخشانەوە جێهێڵدرا، ئێستا 33 منداڵی هەتیوی لێیە و پشت بە کۆمەکی کەسانی خێرخواز دەبەستێت. هەروەها هەندێ ڕێکخراوی ئەهلیش پشتیوانیی لێدەکەن، بە بێ ئەوەی هیچ یارمەتییەک لە حکومەت وەربگرێت.

ئەو کەسانەی لە بواری چاودێریی کۆمەڵایەتیدا کار دەکەن، دەڵێن بایەخی زۆر بە منداڵانی وەک سەلاح دەدەن، ئەوانەی دایک و باوکیان لە تەقینەوەدا کوژراون. پۆلیسێک بۆ ماوەی دوو مانگ دوای کوژرانی دایک و باوکی، بەخێوکردنی منداڵێکی گرتە ئەستۆ.



# لە هیندستان میزی چێڵ کێبڕکێی کۆکا کۆلا دەکات





دوو هیندی میز و شیری مانگا لە سەتڵ دەکەن

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

لە هیندستان، کۆکا کۆلا کێبڕکێکارێکی راستەقینەی لە بازاڕدا بۆ پەیدا بووە ئەویش: چێڵ کۆلا یان بە نێوێکی دیکە ئاوە چێلە! ئیدی هیندی لەجیاتی کۆکا کۆلا، ئاوە چێڵ دەخۆنەوە.

کۆمەڵەیەکی رۆشنبیریی هیندی کە بیریان لە پیرۆزی مانگاکان کردووەتەوە، بیرۆکەکەی خۆیان پەرەپێدا بۆ سوود وەرگرتن لە مانگاکان . وەک ئاشکرایە لە هیندستاندا، مانگا گیاندارێکی پیرۆزە. ریخ و میزەکەشی لەنێو گەل دا بەکار دەهێندرێ.

کۆمەڵەی RSS یەکێکە لە کۆمەڵە رۆشنبیرییە دیارەکانی هیندستان. ئەو کۆمەڵەیە لە شاری پیرۆزی هاریدوار، لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی (گاو جال- ئاوە چێڵ) خواردنەوەیەکی بەرهەمهێناوە .بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی لە هیندستان باسدەکرێن، کۆمەڵەی RSS لەو بڕوایەدایە، کە ئەو خواردنەوەیەی ئەوان دەبێتە رکەبەری کۆکا کۆلا و پیپسی.

هیندی لەبەر شیر مانگا دەپەرستن. لەبەر پیرۆزی ئەوان، زۆربەی هیندییەکان وا بیر دەکەنەوە، کە ریخ و میزی مانگا تەندروستە و تێکەڵی خواردن و خوادنەوەی خۆیانی دەکەن.

لە هەندێ ویلایەتی هیندستاندا میز و ریخی مانگا، لەگەڵ شیر و ماستەکەیدا دەفرۆشرێ. میز و ریخی مانگا لە دوکانی بەهارات فرۆشەکانی هیندستانیشدا وەک دەرمانی نەخۆشییەکانی: شەکرە، شێرپەنجە و ئازارەکانی پشت دەفرۆشرێ . هەر لەبەر ئەوەشە ئەم بەرهەمانە لە شێوەی دۆشاو، و شەربەت دەفرۆشرێ.

کۆمەڵەی RSS لەو بڕوایەدایە کە بەهۆیتایبەتمەندییەتەندروستییەکەیەوە کۆلای دروستکراو لە میزی مانگا بازاڕەکەی زۆر فراوان و بە هەڕمێن دەبێت . ئۆم پراش بەڕێوەبەری RSS، بەو شێوەیە لەبارەی ئەو مژارە دوا"ئێمە لەبەر تایبەتمەندیی گاو ئارک (ئاوە چێل) کە شیفادارە، نموونەیەکمان پێش خست کە لە بنەڕەتەوە لە ئاوە چێل دروستکراوە، ئێستا خەریکی تاقیکردنەوەین".

بۆ قوتوبەندکردن و بازاڕگەری و رێگەی پاراستنی لە مانگەکانی هاویندا، هەوڵەکان لە ناوەندی لێکۆلینەوە بەردەوامن. پراش لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی"لە هەر لایەکەوە تەماشای بکەی ئەمە شۆڕشێکە".

ئەو بۆچوونەی وەک دەرمان تەماشای میزی مانگا دەکات رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندندایە . ئەگەر ئەم بەرهەمە وەک خواردنەوەیەکی ساردی وەرزی گەرما بفرۆشرێ، ئەوا بەکارهێنانی زۆر زیاتر دەبێت. ئەمەش ستاتۆی پیرۆزی مانگا لە کولتووری هیندییەکاندا زیاتر دەسەلمێنێ.

# لەهۆڵەندا ئەو باوکەی کچەکەی خەتەنەکرد خرایە زیندانەوە



**ڕووداو-هۆڵەندا**

لەهۆڵەندا لە هەرێمی هائارلێم باوکێکی مەغریبی لەبەر ئەوەی کچە 5 ساڵییەکەی خەتەنە کرد زیندانیکرا.

بەم شێوەیە بۆ یەکەمجار لە هۆڵەندا حالەتێک لەسەر خەتەنەکردنی کچان چووە بەردەم دادگا. بەپێی رۆژنامەی (Trouw-تراو)ی هۆڵەندی، ئەو باوکەی نێوی ئاشکرا ناکرێت لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی رابردووەوە زیندانیکراوە. هەفتەی رابردوو ئاشکرابوو کە ئەو کەسە کە تەمەنی 31 ساڵە، بەو تۆمەتە دەستگیرکراوە. ئەو باوکە کە ئێستا لەزینداندایە رەتدەکاتەوە کە ئەو ئەم کارەی کردبێ . بەرپرسە پەیوەندیدارەکان ئێستا لەوە دەکۆڵنەوە کە لەوانەیە ئەو کارە لەلایەن ئەندامەکانی دیکەی خێزانەکەوە ئەنجامدرابێ.

منداڵەکەش کە نێوی ئاشکرانەکراوە، لەئەنجامی ئەوەدا ئاشکرابوو کە خێزانەکەی کچەکەیان بۆ چاولێکردن لەلای ماڵە دراوسێیەکیان دانابوو. دایەنی کچەکە دوای ئەوەی بە دۆخی ئەو کچە 5 ساڵییەی زانی، کچەکەی بردە لای پۆلیس و لەوێ سکاڵای تۆمارکرد، لەئەنجامدا ئاشکرابوو کە کچەکە سوننەتکراوە.

پۆلیسی هۆڵەندا نازانێت ئەو خەتەنەکردنە لە ئەنجامی هۆکاری ئایینی یاخود وەک نەریتێک ئەنجامدراوە. پۆلیسی هۆڵەندا ئەوە بە " کردەوەیەکی خراپ" دژی ئەو منداڵە دادەنێت.

لە مەغریب خەتەنەکردنی کچان تەنیا لەنێو گرووپە ئایینییە توندڕەوەکاندا دەکرێت. کە هەندێ لەوانە لەگەڵ لێشاوی پەنابەرانی مەغریبی هاتوونەتە هۆڵەندا.

سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری تەندروستی کۆمەڵگە و گەشەسەندن و وەرزش، جیت بوستماکێر Jet Bussemaker لە ماوەی رابردوو دا رایگەیاند کە ئەو لەگەڵ خێزانە پەنابەرەکانی لەو وڵاتانەی کچان تێیدا خەتەنە دەکرێن پەیمانێک دەبەستن و بەڵێنیان لێوەردەگرن کە کچەکانیان خەتەنە نەکەن. هەر خێزانێک ئەو پەیمانە پێشێل بکات و کچەکەی خەتەنە بکات زیندانی دەکرێت.

مەغریب لە ریزی ئەو وڵاتە ترسناکانەدا نییە کە کچ لێی خەتەنە دەکرێن. لە لیستی وەزارەتی تەندروستی هۆڵەندا، خزمەتگوزاریی تەندروستی شارەوانی GGD و نەتەوەیەکگرتووەکان وڵاتانی وەک: سودان، سۆماڵ، ئەسیوپیا، ئەریتریا، میسر، یەمەن، هیندستان، پاکستان و ئەندەنووسیا، ناویان دێت. ئەوەی جێی سەرنجە کوردستان یاخود عێراق لە لیستی ئەو دوو دەزگایەدا نییە .

لە هۆڵەندا لەو وڵاتانەی کە لەلیستی وڵاتە ترسناکەکاندان، 16 هەزار کچ و 35 هەزار ژن هەن . لە هۆڵەندا بەگوێرەی ئاماری فەرمی 44 و بەگوێرەی لێکدانەوەکانیش 500 منداڵی کچ کاتێک بۆ پشوو دەچنەوە وڵاتەکانیان خەتەنە دەکرێن. بەڵام دەزگا خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی پێیانوایە ژمارەی راستەقینە زۆر لەوە زیاترە.

### پەیمانی دژی خەتەنە

حکومەتی هۆڵەندا لەو مانگانەی دواییدا پەیماننامەی لەگەڵ رەوەند (جالیە)ی سودان، سۆماڵ، ئەسیوپیاو ئەریتریا بەستووە، بەگوێرەی پەیمانەکە کاتێک پەنابەران بەسەردان دەچنەوە وڵاتی خۆیان نابێ کچەکانیان سوننەت بکەن. لەکاتی گەڕانەوە ئەگەر کچەکانیان سوننەت کردبێ ئەوکات بەزیندانیکردن سزا دەدرێن. رووداوی گرتنی ئەو باوکە مەغریبیە لە ئەنجامی پێشێلکردنی ئەو پەیمانە هاتووەتە ئاراوە.

جیت بوستماکێر، دەڵێت حکومەتی هۆڵەندا دەیەوێت کۆتایی بەو کارەساتە بێنێت. بۆئەوەش پەنای بردووەتە بەر بەستنی پەیمان و هەڕەشەی زیندانیکردن، بۆ ئەوەی ئەو خێزانانە کاتێک بە سەردان دەچنەوە وڵاتەکانیان بتوانن لەبەرامبەر فشاری کۆمەڵگەکەیاندا خۆیان رابگرین و کچەکانیان خەتەنە نەکەن. وەزیری دادی هۆڵەندی Hirsch Ballin لەو بارەیەوە ئامادەکاری دانانی یاسایەک بۆ ئەو مەبەستە دەکات.

بەگوێرەی پەیمانەکە کاتێک خێزانەکان لە پشوو دەگەڕێنەوە، کچەکانیان لەلایەن دکتۆرەکان دەپشکنرێن.

لە هۆڵەندا بۆ ئەو منداڵانەی لەژێرمەترسی خەتەنەکردن دان، دۆسیەی ئەلیکترۆنی دەکرێنەوە . دایکی کچێک خەتەنەکرابێت، کچەکەی لەدوای لەدایکبوون لە گرووپی کچانی لەژێر هەڕەشەدا تۆماردەکرێت. وڵاتی هۆڵەندا لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی کچان، داوای هاوکاری لە ئیمام و دیندارانی هۆڵەندا دەکات کە رێنمایی بدەنە ئەو کەسانە کە باوەڕیان بە خەتەنەکردنی کچان هەیە لەپێناو وازلێهێنانی .



واری دیری: بووەتە سیمبولی دژایەتیکردنی خەتەنەکردن

### سیمبولی دژی خەتەنەکردن باسی کچانی کوردستان دەکات

هەرلەوبارەوە واری‌دیری Waris Dirie کە تۆپمۆدێلێکی ئەوروپایەو، بەخۆیشی لەکاتی منداڵیدا خەتەنەکراوە، دەستی بە هەڵمەتێک کردووە دژی خەتەنەکردنی کچان. ئەو کە بەڕەچەڵەک سۆماڵییە پەرتووکێکی بەنێونیشانی ( نامەیەک بۆ دایکم) نووسیووە. ناوی waris کە واتای (گوڵی کێوی) دەگەیێنێ لە فەرەنسا دەژی، ئێستا بووەتە سیمبولێک دژی خەتەنەکردنی کچان. داهاتی پەرتووک و کارەکانی دیکەی ئەو کچە بۆ قوربانیانی خەتەنەکردن و هەڵمەتەکانی دژی خەتەنەکردنی کچان تەرخانکراون. Waris لە ماڵپەڕەکەیدا هەڵوەستە لەسەر رووداوەکانی خەتەنەکردن دەکات و باسی رووداوەکانی خەتەنەکردنی کچانی باشووری کوردستانیش دەکات.

# هیوای ئاشتی ئیسرائیل و فەلەستین مایەوە سەر ئۆرۆڤزیۆن

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

ئیسرائیل بەدرێژایی مێژووی ئۆرۆڤزیۆن ئەمجارە لەلایەن گۆرانیبێژێکی عەرەبەوە نوێنەرایەتی دەکرێت.

پێشبڕکێی موزیکی ئۆرۆڤزیۆن هەموو ساڵێک لە شوێنێکی جیهان ئەنجامدەدرێت و وەکو ئۆسکاری مۆزیک دەناسرێت. ئۆرۆڤزیۆنی ئەمساڵ لە 5/16 لە مۆسکۆی پایەتەختی رووسیا سازدەکرێت.

ئیسرائیل ئەمساڵ بەدوو ژنی گۆرانیبێژ بەشداری پێشبڕکێیەکە دەکات . ئەوەی سەرەنجڕاکێشە یەکێک لەدوو گۆرانیبێژانە عەرەبە. میرا عەواد و ئەچینوام نینی Achinoam Nini (نۆوا) بە گۆرانییەکیان بەنێوی ( پێویستە رێگایەکی دیکە هەبێ - There Must Be Another Way) بەنێوی وڵاتەکەیانەوە (ئیسرائیل) پێشبرکێی گۆرانییەکانی وڵاتانی دیکە دەکەن. گۆرانییەکەیان گوزارشت لە حەسرەت و ئاواتەکانی هاتنەکایەی ئاشتی دەکات . لە کاتێکدا خەڵک لە فەلەستین و ئیسرائیل وازیان لە باسکردنی ئاشتی هێناوە، ئەو هەردوو هونەرمەندە لەدژی توندڕەوی تێدەکۆشن. ئەوان دەڵێن ئەو گۆرانییەی ئەوان بۆ ئاشتییە کە لە وڵاتەکەیان کۆچی کردووە.

نۆوا، بە رەچەڵەک لە خێزانێکی جولەکەی یەمەنە. کاتێک پێشنیازی بەشداریکردن لەو پێشبڕکێیەی بۆ کرا، مەرجێکی دانا، ئەویش ئەوەبوو کە میرا عەوادیش لەگەڵ ئەو بێتە سەر تەختەی شانۆی پێشبڕکێیەکە.

میرا عەواد، کچە عەرەبێکی کریستیانە . ئەو و نۆوا ساڵانێکە پێکەوە بەشداری چالاکییەکانی ئاشتی دەکەن. دوای ئەوەی نۆوا، باسی ئۆرۆڤزیۆن بۆ هاوڕێیەکەی دەکات، ئەوە دەبێتە پرۆژەی گەورەی میرا.

میرا دەڵێ، داواکاری و تێکۆشان بۆ ئاشتی لە وڵاتانی رۆژئاوا کارێکی زۆر ئاسایی و ئەرکێکی مرۆڤانەیە، بەڵام لە ئیسرائیل ئاشتیخوازی ژیانی مرۆڤەکان تاریک دەکات. ئەو لەبەر ئەو تێکۆشانەی زۆر رۆژگاری مەترسیداری بەسەردا هاتوون . ئەو دەڵێ، ئەو و نۆوا قوربانی زۆریان بۆ ئاشتی داوە.

میرا و نۆوا، لەلایەن رێکخراوە راستڕەو توندڕەوەکان هەڕەشەیان لێکراوە و پرۆتستۆکراون. بەتایبەتی جولەکە توندڕەوەکان ژیانی ئەوانیان خستووەتە تەنگانەوە.

میرا عەواد، کە لە خێزانێکی عەرەبی فەلەستینییە، رووبەڕووی دژواری زیاتر بووەتەوە. بە رێگەی ئینتەرنێت هەزاران نامەی عەرەبی و عیبری بۆ هاتووە. ئەو لەلایەن دژبەرانییەوە بەوە تاوانبار دەکرێت کە بووەتە ئامێرێکی دەستی ئیسرائیلی داگیرکەر! لەبەرئەوە خێزانەکەشی هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەژین. بەڵام ئەو پەشیمان نییە لەو بڕیارەی داویەتی و دەڵێ، هەرچەندە ئەو بەناوی ئیسرائیلەوە گۆرانی بۆ ئاشتی دەڵێ، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیێنێ کە سیاسەتی ئیسرائیلی بەلاوە پەسەندە. لەبەرئەوەش تیشک دەخاتە سەر ئەو بابەتانەی پێی تاوانباردەکرێت و جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو تۆمەتانەی بۆی هەڵدەبەسترێن راست نین.



هەردوو گۆرانیبێژ بە گۆرانی (پێویستە رێگایەکی دیکە هەبێت) لە پێشبڕکێی مانگی رابردوو سەرکەوتن بەرەو پێشبڕکێ گەورەکە لە مۆسکۆ. کە تێیدا بە هەرسێ زمانی عەرەبی، عیبری و ئینگلیزی داوای ئاشتی دەکەن و دەڵێن :" ئێمە پێکەوە رێگەیەکی پڕ ژانمان لە دوای خۆ بەجێهێشتووە، فرمێسکەکان بەبێ هۆ دەبارین، ژان ناوی نییە، ئێمە چاوەڕوانی رۆژێکی دیکەین".

میرا، کە لەهەمانکاتدا ئەکتەرێکی سینەمایییە، دەڵێ " ئێمە هەوڵدەدەین ببینە دەنگی ئەلتەرناتیڤ لە هەرێمەکە". هەروەها " ئێمە دەزانین زۆربەی هاوولاتیانمان دژی شەڕن، کەچی هەر گوێی پێنادەین". میرا بەو قسانەی کەمبوونەوەی هیواکانی ئاشتی نیشاندەدات.

هەرچەندە هەردوو هونەرمەند کاردانەوەو هەڵوێستی جیاواز لە بەرامبەر رووداوەکان دەربڕن، لەئەنجامی گفتوگۆدا دەگەنە یەک بۆچوون : توندوتیژی تاکە رێگە نییە .

ئەوان دەڵێن لەبەرئەوەی ئەوان داوای ئاشتی دەکەن، لە وڵاتەکەیان تووڕەیی شەڕخوازانی هەردوولایان بەسەردا دەبارێت، بەڵام هەموو هەڕەشە و ناڕازیبوونەکان لە دژیان، نەیانتوانیوە لە ئامادەکارییەکانیان بۆ پێشبڕکێی 16 ئایار ساردیان بکەنەوەو بە تاسەوە چاوەڕێی مۆسکۆ دەکەن. هەلێکی باش بۆ ئەوان هەیە، چونکە نە حکوومەتی ئیسرائیل و نە حکوومەتی حەماس ناتوانن بڕیاری ئەنجامی پێشبڕکێیەکەی ئۆرۆڤیزیۆن بدەن!

# تەمەنی ئینتەرنێت بووە 20 ساڵ

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

پێشتر هەر تەنیا لەلایەن سوپای ئەمریکا و چەند لێکۆلینڤانێکەوە بەکار دەهات، بەڵام ئێستا بە بێ ئینتەرنێت کار بەڕێوە ناچێت. ئینتەرنێت لە ساڵی 1989دا ژیانی خۆی دەست پێکرد و لەو ساڵانەوە دەستی بە پێشکەوتنی خۆی کرد.

World Wide Web کە کورتکراوەکەی wwwیە، 20 ساڵ پێش ئێستا لەمانگی ئاداری ساڵی 1989دا داهێنرا. ئەمرۆ ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە ملیارێک و 3 ملیۆن کەس تێپەڕیوە.

بنچینەی سەرەتایی دروستبوونی تۆڕی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر. لە سەرەتای ساڵانی 1960دا هەنگاوی بنچینەیی هاوێژرا . ئەندازیارە تەکنیکیەکانی سوپای ئەمریکا لە پنتاگۆن بۆ ئەوەی هەواڵ و زانیاری بەشێوەیەکی خێرا و پەلە بدەن و وەربگرن لە نێو کۆمپیوتەرەکانی خۆیاندا، ویستیان تۆڕێک دابمەزرێنن.

بۆ ئەم مەبەستە دەستیان بە پرۆژەیەک کرد. وا دانرابوو کە لەکاتی هێرشێکی ئەتۆمیشدا ئەوان پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لە نێوانیاندا نەوەستێت . لەئەنجامدا تۆڕێکی راگەیاندن بە نێوی (ئارپانێت) دروستکرا. ئارپانێت سەرەتا هەر دەیتوانی چەند کۆمپیوتەرێک پێکەوە ببەستێتەوە.

ئینتەرنێت لەو دەمەدا بڵاوبووەوە، بەڵام ئاشکراکردنی ماوەیەکی خایاند. هەر زوو زانکۆ و لێکۆڵینڤانان هەستیان پێکرد. زۆربەیان بەکارهێنانی ئینتەرنێتیان وەک شتێکی سوودبەخش پەسەند کرد. هەر بۆیە بۆ جاری یەکەم بێ ئەوەی پارە خەرج بکەن، توانرا بەهۆی ئینتەرنێتەوە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی هاتوو لە وڵاتانی دوورەوە دروستبکرێ.

بەڵام ئەوکات بەکارهێنانی ئینتەرنێت شارەزایی دەویست. بەشداربوون بە پاسوۆرد بوو، هەروەها ئەوکات گەڕان بە ماوسی کۆمپیوتەرەکەت بۆ زانیارییەکانی جیهان ئەوکات خەیاڵێکی بەتاڵ بوو.

### لە 20 ساڵدا گۆڕانی سەیر

رەوشەکە بە پرۆژەی تیم بێرنەر-Tim Berners-L گۆڕا. ئەو لە ساڵی 1980لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەتۆمیی ئەوروپا CERN کاری دەکرد، پێویستی بەوەبوو پرۆژەکەی خۆی بە شێوەیەکی پەلە و ئاسان بگەیێنێتە خەڵک و رای گشتی.

بێرنەر، لە ساڵی 1989دا تەکنیکێکی پێشخست کە مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێ ماڵپەڕ (وێب سایت) لەنێو تۆڕی ئینتەرنێت دا بۆ خۆی دروستبکات و لەسەر کۆمپیوتەرەکەی تەماشای بکات . بەم شێوەیە بەرنامەی بەدواداگەڕان (سێرچ)یش لە ئینتەرنێتدا دروستبوو. ئەمڕۆ بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە هەموو کەس توانی ماڵپەڕ دروستبکات و بچێتە نێو ماڵپەڕەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت.

لەبەرئەوەی بەرنامەی لاپەڕەکانی HTML بە تاکە لێگەڕ دادەندرا، دۆزینەوەی لێگەڕێکی دی زۆر گرنگ بوو. ئینجا بێرنەر بیری لەوە کردەوە کە دانەکان پێکەوە گرێبدات . بەم شێوەیە کێشەی پێکەوە گرێدانیش چارەسەر کرا.

ئینتەرنێت تا ئێستا، وەک بیست ساڵ کاردەکات، بەڵام بە جیاوازییەکی زۆر مەزنەوە. 20 ساڵ بەر لە ئێستا کەس بیری نەدەکردەوە کە وێنە، میوزیک، فیلم، گرافیک، ڤیدیۆ و شتی دیکەی مولتیمیدیا لە ئینەرنێتدا ببنە بەشی هەرە گرنگ.



# گەنجانی عەنکاوە بەشداری خولی دەستگیرانداری دەکەن

## قەشە لویس: ئەگەر ئەو خولانە بۆ گەنجانی موسڵمان بکرێنەوە ئامادەین هاوکاریان بکەین



**سۆران بەهائەددین**
**رووداو-عەنکاوە**

بـۆ ئـەوەی غەدیـر بتوانێت بەسـەمەی دەسـتگیرانی لە کڵێسـە مارە بکات، دەبوا بەشـداری خولی مانگانەی کڵێسە بکات، کە تایبەتە بەو کەسانەی بەنیازن بچنە نێو ژیانی هاوسەرێتییەوە. غەدیر دەڵێت سوودێکی زۆری لە خولەکە بینی.

غەدیر قـرداخ پترۆس، 26سـاڵ، لەگەڵ بەسمە مەسیح، 23 ساڵ، کە دەستگیرانێتی لەنێو کڵێسـەی ماریوسـف لە شارۆچکەی عەنکاوە، دانیشـتبوون. ئەوان تـازە خولە پێنج رۆژییەکەی هاوسەرێتیان تەواو کردووە. غەدیر گوتی لەو خولەدا 50 خاڵمان پێگوترا دەربارەی ژیانی هاوسـەری " ئەگەر پەیڕەوی ئەو خاڵانە بکەین، ژیانمان خۆشدەبێت".

لەنێـو پەیڕەوکارانی ئاینزای کاسـۆلیکی مەسـیحیدا، ئەوانـەی بیانـەوێ بچنە نێو ژیانی هاوسـەرییەوە، دەبێ بەشداری خولی دەستگیرانداران بکەن، کە پێنج رۆژ دەخایێنێت و هـەر رۆژێک وانەیەکی تێـدا دەگوترێتەوە، خولەکانیـش لەلایەن قەشـەی کڵێسـەوە سەرپەرشتی دەکرێن.

قەشـە لویس قاقۆس بنیامیـن، کە لەو مانگە سەرپەرشـتی خولەکەی کڵێسـەی ماریوسـف دەکات، چۆنیەتـی ژنهێنـان و بەشداری گەنجانی مەسیحی لە خولەکان بۆ (رووداو) باسکرد و گوتی ئەو خولە بۆ ئەو کەسانەیە کە دەسگیراندارن، کە خولەکەیان تەواو کرد بڕوانامەیەکیان پێدەدرێ بۆ کاتی مارە کردن.

خولی دەستگیرانداران، 21ساڵە لە عەنکاوە دەکرێتەوە. قەشە لویس زیاتر زانیاری لەسەر خولەکـە دا و گوتی ئـەوە بیرۆکەی تایفەی کلدانی کاسـۆلیکە لە عێـراق "(پاتریارک) کە سـەرۆکی باڵامانـە، فەرمانیـدا، لەنێو کاسـۆلیکەکانی هەموو جیهـان دا، ژن مارە نەکرێت هەتا بەشداری خولەکە نەکات، زۆربەی مەسیحییەکانی عێراقیش کاسۆلیکن".

لە خولەکە 5 وانـە دەگوترێنەوە کە هەر وانەیـەک 1-2 کاژێر دەخایێنێـت، لەوانەی یەکەم باسی هاوسەرگیری دەکرێت لە روانگەی ئایینی مەسیحییەوە، کە قەشەکان دەیڵێنەوە. قەشە لویس کە لەو مانگەدا وانەی بە 11کەس گووتووەتـەوە، دەڵێ "هاوسـەرگیری لە ئاینی مەسـیحیدا "نهێنی پیرۆزە" و، نابێـت تەمەنی کوڕو کچ لە 18سـاڵ بچوکتربێت، ئامۆزا بۆیەکترنابێت، تە لاقیـش نییە".

لەوانەیەکیشـدا پزیشکێکی ئافرەت باسی تەندروستی و بابەتە تایبەتەکانی سەبارەت بە ئافرەت پێشکێش دەکات، لە موحازەرەیەکی دیکەشدا توێژەرێکی کۆمەڵایەتی قسەیان بۆ دەکات، لە وانەی چوارەم لە سـەر پەیوەندی هاوسەرگیری لە نێوان دایک و باوک و منداڵ، دایک و باوکێکی نمونەیی کە منداڵیان هەبێت و باسـی ئەزموونی ژیانی خۆیان بۆ دەکات، لەدوا وانەشـدا باس لە داو ونەریتی گشـتی کۆمەڵگە دەکرێت.

لەخولەکەدا کەپڵەکان فێر دەکرێن، نابێت ماوەی دەسـتگیرانی لە 3 مانگ کەمتر بێت، تا ئەو کچ و کوڕە بەر لە مارەکردن بە تەواوی شارەزای یەکتر بن. وەک قەشە لویس دەڵێت لەو ماوەیەدا دەبێت لەسەر بنچینەی دوو شت پەیوەندییان هەبێت، بە راشکاوی قسە لەگەڵ یەکتر بکەن و متمانەیان بەیەکتر هەبێت، بۆ نمونە ئەگەر نەخۆشییەکیان هەبوو بەیەکتری بڵێـن " ئەگەر لەو ماوەیـە لەگەڵ یەکتر رێککەوتن ئـەوە لەیەکتری مارە دەکرێن، ئەگەر نا با جیا ببنەوە".

بەسـمە، دەرچـووی کۆلێژی زانسـتە، کراسـێکی پەمەیی لەبەرکردبوو، بەهەمان شێوەی کەپڵەکەی زۆر پەسنی خولەکەی دا، بەسـمە باس لەوە دەکات لە خولەکە پێیانگوتراوە پەیوەندی ژن و مێرد چۆنەو لە داهاتوودا لەگەڵ منداڵەکانیان چی بکەن "فێربووین چۆن لەیەکتری بگەین". گوتیشی "لـەو خولە فێربووم ئەگەر رازی نیم ئێسـتا لەیەکترجیاببینەوە، چونکە تەڵاقدان لە ئاینی مەسیحیدا نییە".



لە شەریعەتی مەسیحیدا تەڵاقدان نییە، بەڵام کێشەکانی ژیان ئەوەندە زۆرن رەنگە فشار لە ژن و پیاوێک بکەن لە یەکتـر جیابنەوە، قەشە لویس دەڵێت بەهیچشێوەیەک تـەڵاق نییە، ئەوەی پێکەوە نە گو نجێـت قە شـە یە ک دەچێتـە نێوانیان و پێکیان دێنێتەوە "ئەگەر کێشەکەیان هەر چارەسەرنەبوو دادگا سزایان دەدات، بەڵام هەندێک بۆ خۆیان دەچنە دادگای مەدەنی و لەیەکتر جیادەبنەوە، ئەوەش دژی حوکمی کڵێسەیە".

بەبڕوای قەشە لویس مەبەست لەو خولانە رۆشنبیرکردنی گەنجانە، بۆیە ئامادەیی خۆی دەربڕی ئەگەر خولی لەو شێوەیە بۆ گەنجانی موسڵمانیش بکرێتەوە هاوکاریان بکات.

کاروان تەهـا، 23سـاڵ، کـە گەنجێکی موسـڵمانە و یـەک سـاڵە ژنـی هێناوە، بەپێویسـت نابینێ ئەو خولانە بۆ گەنجانی موسڵمانیش بکرێنەوە" چونکە رێگاکان زۆرن ئەگەر موسڵمانان بیانەوێت شارەزای رەوشتی هاوسەرگیری بن". کاروان گوتیشی "ئەو خولە بۆ گەنجانی مەسیحی باشە، چونکە من گەنجی مەسـیحی دەناسم شـارەزایی لە ئاینەکەیدا نییە".

قەشە لویسیش دانی بەوەدا نا کە هەندێک لە گەنجانی مەسیحی زانکۆشیان تەواو کردووە، بەڵام شـارەزاییەکی باشـیان لە ئاینەکەیان نییـە و باش لە پرۆسـەی هاوسـەرگیریش تێنەگەیشتوون "هاوسەرگیری هەر ئەوە نییە دوو کەس لەیەکتر مارەبکرێن، هاوسـەرگیری بەرپرسیارێتییە، ژیانە".

### خولەکانی پێش هاوسەرگیری بۆ گەنجانی مەسیحی

دوای ئەوەی پارترپاکی مەسیحییە کاسـۆلیکەکانی جیهان بڕیاریدا، پێش بەشداری خولەکانی هاوسـەرگیری، دەستگیرانەکان لە یەکتر مارە نەکرێن، کڵێسەی عەنکاوە دەستی بەکردنەوەی ئەو خولە مانگانەییە کرد.

-پێنج وانە لە خولەکەدا دەوترێنەوە لەبارەی هاوسـەرگیری و تایبەتمەندییەکانی ئافرەت و داوونەریتی کۆمەڵگە.
-نابێت تەمەنی کوڕو کچ لە 18ساڵ بچوکتربێت.
- ئامۆزا لە یەکتر مارەناکرێن.
-تـەڵاق نییـە، ئەوانەی لـە دادگاش لەیەکتـر جیادەبنەوە دژی حوکمی کڵێسـە دەجولێنەوە.
-نابێت ماوەی دەستگیرانی لە 3 مانگ کەمتر بێت، بۆ ئەوەی شارەزای یەکتر بن.



کڵێسای ماریوسف لە عەنکاوە (فۆتۆ: رووداو)

# دەربارەی خوا و سەبەتێک پرتەقاڵ



ئاواز عەلی- هۆڵەندا*

هەموو سـاڵێک لە 21ی ئـاداردا دڵم خێراتـر لێـدەدا. بیرکردنـەوە لەوەی کـە خەریکە دەبێتـە نـەورۆز و باوکم بە گێڕانـەوەی چیرۆکەکانـی نەورۆزی سەردەمی زوو گەرمم دەکاتەوە، هەستێکی چێژبەخشـە. سـاڵانێکی زۆرە من ئەو چیرۆکانە دەبیستم، بەڵام هەمیشەش بە تەواوی ئاگاییمەوە گوێیان لێ رادەگرم. بۆ من هەستێکی خۆشە کە باوکم بە لایەوە گرنگە ئێمە هەموو شتێک دەربارەی نەورۆز بزانین. ئاخر ئەو خۆیشی هەروا لە دایک و باوکییەوە گرنگی ئەو رۆژەی بۆ وڵات و گەلەکەی زانیوە.

لـە چیرۆکەکانـی باوکمدا هەمیشـە هۆزانڤان و فەیلەسوفی کورد جگەرخوێن کە ئەوکات لە قامشلۆ ژیاوە ئەزیش چەند ساڵێکی زارۆکێتیی خۆمم لەوێدا بردەسەر، بەشـداره. باوکم دەڵێـت ئەوکات کە نە تەلەڤزیۆن هەبووو نە دەمانزانی ئینتەرنێت چییـە، هەندێکجـار ئێمەی پیـاوەکان یارییەکمان دەکرد کە ناوی (لەیسـتکا هونگلسکێ) بوو. ئیتر باوکم و پیاوەکانی دیکە لە دەوری یەکتر لە شێوەی بازنەیەکدا دادەنیشتن و ئەموستیلەیەکیان لەدەستی یەکێکدا دەشـاردەوە، هونەریش ئەوەبوو کە یەکێک بتوانێ ئەو کەسە بدۆزێتەوە و سندوقێک میوەی تازە بباتەوە.

مامۆسـتا جگەرخوێنیش کە یەکێک لە بەشـداره بەردەوامەکانی ئەو یارییانە دەبێـت، رۆژێـک داوای لێدەکرێـت کە سندوقە میوە براوەکە بەسەر میوانەکاندا دابەشـبکات. ئـەو دەپرسـێت:" چۆن دابەشـیان بکەم؟ وەک ئـەوەی کە خوا دەیکات یان وەک ئـەوەی کە مرۆڤەکان دەیکەن؟"، ئامادەبووانیش وەڵام دەدەنەوە تکایە وەکو خوا بیکە کە هەمیشە هەموو شتێک دادپەروەرانە دابەشدەکات.

باوکم کە ئەمەی دەگێڕایەوە دەستیکرد بە پێکەنین. بەڵام کە دیتی ئێمە بە چاوی پرسـیارەوە لێیدەڕوانین بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی:" ئیتر مامۆستا جگەرخوێن پرتەقاڵێکی هەڵگرت و رووی لە هەژارترین پیاوی ناو مەجلیسەکە کرد. دوایـێ پرتەقاڵەکەی بە هەموو هێزییەوە بە دەموچاوی کابرا دادا، ئێمە هەموومان حەپەسـابووین و لە خۆمان دەپرسـی: ئەو جگەرخوێنەی هەموومان خۆشـمان دەوێ و هێندە بە ژیر و تایبەتی دەزانین ئـاوا دەیەوێت پرتەقاڵ دابەش بکات؟ لە هەموویشـی سـەیرتر ئەوەبوو کە دواتر جگەرخوێن هەموو پرتەقاڵەکانی دیکەی لە بـەردەم دەوڵەمەندتریـن پیاوی ناو مەجلیسەکەدا دانا".

ئەو شاعیرە گەورەیەی کورد دواتر بە دۆستەکانی ئەو شـەوەی دەڵێت:" ئێوە داواتان لێکردم وەکو خوا دابەشیان بکەم. منیش وامکرد. ئەو پیـاوە هەژارەی کە پرتەقاڵەکەم پێدادا شەو و رۆژ خەریکی کارە، کەچی هەر هەژاریشـە. کەچی ئەو دەوڵەمەندەی تەنیشتم چونکە ساماندارە بە بێ ئـەوەی خۆی ماندوو بکات پارەی بۆ دێتە ماڵەوە. من دەمویست ئەوەشتان پێ بڵێم کە هەمیشـە بـەوەی کە خوا دەتاندات رازی مەبن،خوا ئەقڵی داونەتێ تا بەکاریبێنن و دەستەوەستان نەبن".

هەموو ساڵێک لە رۆژی نەورۆزدا بیر لەو دوایین قسەیەی جگەرخوێن دەکەمەوە و بە خۆم دەڵێم:" لە رۆژی نوێ ( نەورۆز) دا هەقە کورد زۆر ئەقڵیان بەکاربێنن و هەروا دەستەوەستان نەبن. هەق نییە هەمیشە بەوەی کە خوا داوینێ رازی بین".

***ئاواز عەلی لە دایکبووی شـاری قامشلۆی رۆژئاوای کوردستانە. ئەو ئێستا قوتابیی زانکۆیە لە هۆڵەندا، هاوکات هاوکارێکی بەشی هۆڵەندیی رووداوێتە.**

# "حکومەت ئاری کوشت"

پوری ئاری دەڵێت، ماڵی خێزانی ئاری کە لە 6 کەس پێکهاتوون لە خانوویەکی یەک ژووریدا دەژین، هەروەها دەڵێت "پێنج ساڵ بوو بێ دامەزراندن لە ماڵەوە دانیشتبوو، ئەویش وەکو گەنجێکی دەرچووی پەیمانگا حەزیدەکرد مووچەیەکی هەبێت تا بتوانێ ماڵەوەیان بەخێو بکات کە چەند ساڵە باوکی بە تەسبیح فرۆشتن بەخێوی کردوون".

**ئازیز مەحمود**
**رووداو-سلێمانی**

لە نزیک ئـەو پارکەی کە زۆربەی کاتە بێ ئیشـەکانی بە کتێب خوێندنەوە تێدا بەسەر دەبرد، (ئاری زاهیر) دەبەیەک بەنزینی بەخۆیدا کردو خۆی سـووتاند، بەهـۆی زۆری رێژەی سـووتانەکەی کە 100% بوو، دوای دوو کاژێر گیانی لەدەسـتدا. کەسوکاریشی حکومەت بە بەرپرسیار دەزانن لە خۆسووتاندنی کوڕەکەیان.

رۆژی 2009/3/23، ئاری زاهیر،31 سـاڵ، دەرچووی بەشـی شـیکاری نەخۆشییەکان لە پەیمانگەی تەکنیکی سـلێمانی، لە نێوان بارەگای تەلەڤزیۆنی خـاک و پارکی ئازادی، لەکاتێکدا زۆربەی گەنجان لە خۆشی و گەشتدا بوون، ئەو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

کەسـوکاری ئاری، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاری هیچ کێشـەیەکی نەبووە، تەنیا کێشەی دامەزراندنی هەبووە لە فەرمانگەیەکی حکومی، چونکـە بە وتەی ئـەوان ئاری پێنج سـاڵە پەیمانگەی تەواو کردووەو هەوڵی دامەزراندنی داوە، دانەمەزێنـدراوە. ئەمەش ئـاری تەواو نیگەران و رەشبین کردبوو.

هەرچەنـدە لـە وڵاتە پێشـکەوتووەکانی جیهانیش هەموو دەرچووان لەلایەن حکومەتەوە دانەمەزرێندرێن، بەڵام حکومەت بژێوی ژیانیان دابیـن دەکات تاوەکو خۆیـان یان لە رێگەی فەرمانگەی کارەوە لە کەرتی تایبەتیدا کارێک بۆخۆیان دەدۆزنەوە.

قەدریە عەبدولرەحمان، کە پووری ئارییە، بە گریانەوە بۆ (رووداو) گوتی "ئاری چیتر ئەو بێ کاریەی پێ قبوڵ نەکرا، پێنج ساڵە لە ماڵەوە دانیشتووە، ئەویش وەکو گەنجێک حەزیدەکرد مووچەیەکی هەبێت تا بتوانێ ماڵەوەیان بەخێو بکات کە چەند ساڵە باوکی بە تەسبیح فرۆشتن بەخێوی کردوون".

ماڵی ئاری، کە خێزانێکی 6 کەسـین، لە خانوویەکدا لەگەڕەکێکی سلێمانی دەژیان کە تەنیا لە یەک ژوور پێکهاتووە. بە وتەی قەدری "هیچ کەسـێک لەو خانووەدا تەحەمولی ژیان ناکات".

بەهـۆی زۆری رێـژەی فەرمانبـەران و مووچەخـۆران، ماوەی 3 سـاڵە، حکومەت دامەزراندنـی فەرمانبەرانـی راگرتـووە، ئەو بڕیارەش نیگەرانییەکی زۆری لەلای دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان دروسـتکردووەو رێژەی بێـکاری لەنێو گەنجان زیاد کردووە. ماوەیەک لەمەو بەریش گەنجێک لە شاری سلێمانی خۆی کوشت، کە وا راگەیێندرا بەهۆی بێکاری خۆی کوشتووە.

کەسـوکارو هاوڕێیانی ئـاری ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئـاری بەهۆی دانەمەزراندنییەوە، زۆربـەی کاتەکانی لە پارکی ئازادی بەسـەر دەبرد "خۆشترین شـوێنی ئەو، ئەوێ بوو"، هەر بۆیەش ئەو شـوێنەی بۆ خۆ سووتاندن هەڵبژاردووە.

شـوکریە عەبدولرەحمان، دایکی ئاری بە لاواندنەوەو گریانەوە باسـی لە ساتەکانی بەر لە خۆ سووتاندنی کوڕەکەی کردو گوتی "پێش دەرچوونی لەماڵ خۆی شوشـت و سـەیری مەنجەڵەکەی کرد گوتی دایکە حەزم لە فاسۆلیا نییە کولەکەم بۆ لێنێ، بەڵام پێڕانەگەیشت".

شـوکریە پێیوایە، جگە لە دانەمەزراندن، هیچ هۆکارێک لەپشت خۆکوشتنی ئاری نییە "دەچووە هەر شوێنێک وەڵامیان نەدەدایەوە، دانەمەزراندن بێ تاقەتی کردبوو، هەموو کات دەیگوت دایکە دەمەوێ بمرم، ئەوەتا هاوڕێکانم هەموو دامەزراون پارەی خۆیان وەردەگرن، من هەر لە ماڵەوەم". دایکی بەرپرسـیارێتییەکە دەخاتـە ئەسـتۆی حکومـەت و دەڵێ "حکومەت بەرپرسـە لە خۆکوشتنی کوڕەکـەم، چونکـە دەچـووە هەر شوێنێک وەڵامیان نەدەدایەوە".



ئاری کوڕە گەورەی خێزانەکەی بوو، سـێ برای دیکـەی هەیە، کـە دووانیـان خوێنـدکارن و یەکێکیشـیان وازی لە خوێندن هێناوەو لەگەڵ باوکی کاسـبی دەکات و بژێوی خێزانەکە دابین دەکەن. دایکی ئاری گوتی "کوڕێکم لەبەر هەژاری وازی لەخوێندن هێنا، ئاریش بـە دەردەسـەری خوێندنی تەواو کرد، لە ئەنجامـدا بووە قوربانی حکومەت".

هونەر زاهیر، برای ئاری، باسی لەوە کرد کە ئاری بەر لەوەی لەماڵ دەربچێت دەستی دایکی ماچ کردووەو ئەو پارەیەی پێیبووە لە ماڵەوە دایناوە "من پێشی ئەو چوومە دەرەوە لە باوەشـم گرت و گوتم چی بـووە؟ گوتی: زۆر بێتاقەتم لە داخی ئەو حیزبانە". هەروەها ئاسۆی براشـی گوتی " براکەم لە هیچی کەم نەبوو، بەڵام خەفەتی لەوە دەخوارد کە دەبینی هاوڕێکانی بە واستە دامەزرابوون

# بەشداربوویەکی بەرنامەی کوردستار لەسەر بردنی ئۆرگێک دەستگیر دەکرێ

**رووداو-هەولێر**

بەشـداربوویەکی بەرنامـەی هونەری کوردسـتار لە کەناڵی کوردسات، دوای ئەوەی قۆناخی یەکەمی بەرنامەکە دەبڕێ و بەشداری قۆناخی دووەم دەکات، لەسەر دزینی ئۆرگێک دەستگیر دەکرێ.

(ع،م) کە لەقۆناخی یەکەمی بەرنامەی کوردسـتار سـەرکەوتووە بـۆ قۆناخی دووەم، لەگـەڵ هاوڕێییەکـی بـە ناوی (ن،م) ئامێرێکی ئۆرگ لە نووسینگەیەکی فێربوونی مۆسـیقا لە دارەتوو دەدزن و دوای ئاشکرا بوونیان لەلایەن پۆلیسەوە دەسگیر دەکرێن و لە لێکۆڵینەوەش دان بەوە دادەنێن. ئێستاش بە پێی ماددەی 443 دەستگیرکراون.

خاوەنی ئۆرگەکە، کە نەیویست ناوی بهێندرێ بە (رووداو)ی راگەیاند "پۆلیس 7 رۆژ لێکۆڵینەوەی لە دزییەکە کرد، دواتر ئۆرگەکەمان لەنووسـینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی ئامێرە مۆسـیقاییەکان دۆزیەوەو بۆمان دەرکـەوت کـە هاوڕێیەکـی خـۆم دزییەکـەی لێکـردووم". خـاوەن ئۆرگەگـە، وەک خـۆی گوتی هاوکارییەکـی زۆری (ع . م)ی کردووە و، ئێسـتاش لەمافی خۆی خۆشـبووە و دەڵێ "بەش بەحاڵی خۆم لەتۆمەتبار خۆشبوومە، بەڵام بەداخەوە دوای ئەو هەموو هاوکارییە دزی لێکردم".



یەکێک لە ئاشـنایانی (ع .م) گوتی، پێویستە بەچاوی کەسێکی پێویست نەک وەک دزێـک تەماشـای (ع .م) بکرێت، چونکە ئەو هێشتا لە تەمەنی گەنجیدایە و لەوانەیـە لەبەر نەبوونی و پێویسـتی ئامێرێکی مۆسیقی ئەو کارەی کردبێ.

مولازمی یەکەم دلاوەر ئەکرەم مامەند، ئەفسەری نووسینگەی نەهێشتنی تاوان لەدارەتوو، بە (رووداو)ی راگەیاند هەردوو تۆمەتبارەکـە رۆژی 2009/2/26 لەلایەن مەفرەزەکانمان دەستگیرکران و دوای لێکۆڵینەوە دانیان بەتاوانەکەیان دانا و ئێستا بەپێی مادەی 443 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراون.

هەر لەو بارەیەوە، نیاز نوری، ئامادەکار و سەرپەرشتیاری بەرنامەی کوردستار لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات بە (رووداو)ی راگەیاند هەر بەشـداربوویەکی بەرنامەی کوردسـتار ئەگەر تۆمەتێکی نایاسـایی لەسەر بچەسپێت، لەبەرنامەکە دەریدەکەن "چونکە دەمانەوێت گەنجێک پێبگەیێنین، ببێتە پێشەنگی ئەو گەنجانەی دەیانەوێت ببنە هونەرمەند".

لەبارەی دەچوونـی (ع،م) لەقۆناخی دووەم نیاز گوتی "ناتوانین پێش دابەزاندنی بەرنامەکە قسە لەسەر ئەوە بکەین، بەڵام ئەگەر ئەم قۆناخـەش ببرێت لەقۆناخی داهاتوو لای دەدەین".

rudaw@rudaw.net

# کێشەی کوردستان ناراستگۆیی سیاسی و خاوەن پۆستەکانییەتی

## چەند سەرنجێک لە بارەی وەزیری تەندروستییەوە

**شوان جەلال**

زەحمەتە بۆ گەنجێکی وەکو من لەم ڕۆژگار و ساتەوەختە پڕ لە ناشیرنییەدا، ستایش بکەم. ئاخر ستایشکردن چۆن بەلای منەوە زەحمەت نەبێ، کاتێک سزای کۆمپانیایەک نەدرابێت کەوا بەرپرسەکان خاوەنیبن یان پشکێکی باشیان تێدایە، بەهۆی دواکەوتن یاخود تەواونەکردنی پرۆژەکان لەو کاتانەی کە بۆیان دیاریکراوە.

هەڵبەت گەندەڵی هەرئەوەنییە خەڵکی کوردستان بە ئازارەکانیەوە بتلێنەوە، هاواری لەدەست بکەن، بەڵکو سەداکەی گەیشتووەتە دەرەوەش، ئەوەتا کاتێک پەیمانگای سیاسی واشنگتۆن بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک (The Washington Institute For Near East Policy) توێژینەوەیەکی سیاسی بە نێونیشانی (داهاتووی کوردی عێراق) ئەنجامدەدەن لە مانگی تەمموزی 2008، دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە هەر دەوڵەت و کۆمەڵێک بیەوێ مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات، دەبێ 7خاڵ بکاتە پێوەر، سێیەمین خاڵ کە توێژەرەکانی ئەو پەیمانگایە دیارییان کردووە، گەندەڵییە.

بەڵام هەستدەکەم هەندێ کەس هەن لە نێو دەسەڵاتیشدان کارنامەو هەڵوێستەکانیان شایانی ستایشکردنن.باوەڕم وایە ئێمەی کوردستانیان لەبەرئەوەی دەوردراوین بە ناشرینی، ئاماژەدان بە کار و دیاردە جوانەکان پێویستە . یەکێک لەو بەرپرسانە کە شایانی ستایشکردنە وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان د.زریانە،کە لە چاوپێکەوتنێکیدا لە ژمارە47ی، هەفتەنامەی (ڕووداو)دا ڕایگەیاندووە: "دەبێت لەم کابینەی داهاتوودا نەبم".

من لە هەموو ژیانمدا تەنها یەکجار ئەو پیاوەم ڕووبەڕوو بینیوە، هەر ئەوکات بۆم دەرکەوت، ڕاستگۆیە. لە هاوینی ساڵی ڕابردوو ئێمە (گەنجە سەربەخۆکانی گەرمیان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان) سەردانمان کرد لە دیوانی وەزارەت، بەمەبەستی گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیی گەرمیان و ئیجرائاتکردن لە بارەی گەندەڵی و کارە چەوتەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە. ئەم وەزیرە نەک تەنها هاوسۆزی خۆی بەرامبەر داواکانی ئێمە دەربڕی، بەڵکو بە ڕاشکاوانە پێیوتین: "بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان هاوڕێ پێشمەرگایەتیمە، بەڵام باش نییە و منیش لەگەڵ لادانیدام. لادانی ئەو بەدەستی من نییە، لە دەستی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە". سەبارەت بەمامەڵەی نامرۆڤانەی هەندێ لە دکتۆرەکانی گەرمیانیش لەگەڵ نەخۆشەکان و هەڵسوکەوتیان، گوتی: "من لەگەڵ دکتۆرەکانی گەرمیاندا کۆبوومەوە و پێمگوتن: دکتۆری خراپ لە دونیاندا زۆرە، بەڵام لە ئێوە خراپترم نەبینیوە".

لەم زەمەنی موجامەلە و کورسی پەرستنەدا، ئاسان نییە وەزیرێک بڵێت: "منەتم بەدەستێوەردانی کەس نییەو، لەکەسیشی قبوڵ ناکەم، زۆرجار واستەی گەورەترین لێپرسراوانم ڕەتکردووەتەوە، منەتم بەم کورسی و پۆستە نییە و تەمەننا دەکەم لامبدەن"، ئەگەر خاوەنی بوێری نەبێت.

ئەوە وەزیرە ڕاستگۆیە، لە کاتێکدا پێموایە یەکێک لە هۆکارەکانی کێشەکانی خەڵکی کوردستان و ئەوهەلومەرجە نالەبارەی تێیدا دەژین، ناراستگۆیی بەشێکی زۆری سیاسیی و خاوەن پۆستەکانیەتی.

Shwanjalal2005@yahoo.com



# 3/31 بەجلوبەرگی کوردییەوە دەوام بکەن

## پەیامێک بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان

بەڕێزان: سەرۆک کۆماری عێراق،سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان،پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان و عێراق، وەزیرە بەڕێزەکان و لایەنە سیاسییەکان

هەموو لایەک ئاگادارن کە جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی وەک هێمای ناساندنی نەتەوەییمان بەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی هەڕەشەی نەمان بووەتەوە لەلایەن دوژمنە تەقلدییەکانمان، دوای ڕاپەڕین و ئازادیش هەڕەشەکە بەشێوازێکی دیکە بەردەوامە، کە لە لایەن ڕۆڵەکانی گەلەکەمانەوە فەرامۆشکراوە و بەرەو نەمان دەڕوات، ئەو ڕەوشە هەڵوێستێکی سەرکرایەتی سیاسی کوردی گەرەکە بۆ زیندوو ڕاگرتن و پاراستنی ئەو هێما نەتەوایەتییەمان.

بۆ ئەو مەبەستە ئێمە لە قایمقامییەتی قەزای چۆمان پەیامێک "لە هەڵگوردەوە ئاراستەی هەولێر و بەغدا دەکەین کە ڕۆژی 3/31ی ئەمساڵ کە ساڵوەگەڕی کۆڕەوە مەزنەکەی گەلی کوردستانە، بکرێتە ڕۆژی جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی"، داواکارین کە ئەمساڵ لەو ڕۆژەدا بەڕێزان سەرۆک کۆمار، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرو پەرلەمانتارانی هەولێر و بەغدا بە جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی دەوامی ئاسایی خۆیان بکەن، بە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی لە دەوامی ڕەسمیدا پەیامێک ئاراستەی گەلی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی کوردستانیان لەسەرانسەری جیهان لەم ڕۆژەدا فەرمانبەران و هاووڵاتییان بەگشتی جلوبەرگی ڕەسەنی خۆیان بپۆشن. بەو ئامانجەی ئەو ڕۆژە وەک نەریتێک بچێتە نێو کولتووری نیشتمانیمان. داواکارین لە پەرلەمانی کوردستان کە پێشنیازەکەمان بە هەند وەربگرێت و لە دانیشتنێکی خۆیدا (اقرار)ی بکات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**عەبدولواحید گوانی**
**قایمقامی قەزای چۆمان**



# فرۆشگەی قوتابخانەکانی هەولێر بە 289ملیۆن دینار بە کرێدەدرێن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی زیادبوونی کرێی ساڵانەی فرۆشگەی قوتابخانەکان لەکاتی موزایەدە کردن، نرخی کەلوپەلی ئەو فرۆشگانە ساڵ بەساڵ گرانتر دەبێ و خاوەنی فرۆشگەکانیش هۆکارەکەی بۆ کرێی زۆر دەگەڕیننەوە، ئەمەش نارەزاییەکی زۆری لەنێو قوتابیاندا دروستکردووە. هەروەها گلەییان لەپاکو خاوێنی فرۆشگەکانیش هەیە.

ساڵانە فرۆشگە (حانوت)ی قوتابخانەکان لەڕێگەی لێژنەیەکی وەزارەتی پەروەردە، بەشێوەی موزایەدە بەکرێ دەدرێن و ساڵ بەساڵیش کرێیان پتر دەبێ، بەپێی زانیاری (ڕووداو) ئەمساڵ کۆی کرێی فرۆشگەی قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەی هەولێر گەیشتووەتە 289 ملیۆن و 678 هەزار دینار.

فێنک عەبدولخالق، قوتابی لە ئامادەیی مەئمون دەباغی کچان، لەبارەی گرانی نرخی خواردەمەنی لە فرۆشگەی قوتابخانەکەیان بۆ (ڕووداو) گوتی "نرخی خواردەمەنی فرۆشگەکەمان زۆر گرانە قوتابیان بەناچاری لەماڵەوە شت دەهێنن، سەرەڕای گرانیش خاوەنی فرۆشگەکەمان کامە خواردەمەنی خراپەو ماوەی بەسەر چوونی نزیک بووەتەوە دەیهێنن و بەقوتابیانی دەفرۆشێ".

لەکاتی ڕاگەیاندنی موزایەدە توندترین کێبرکێ لەسەر گرتنەوەی فرۆشگەی قوتابخانەی کچان دەکرێت، لەئاکامیشدا نرخی شتومەکیان بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە. فەرهاد موحسین، ماوەی 7 ساڵە، فرۆشگەی قوتابخانەکان بەکرێ دەگرێتەوە، ئەمساڵیش توانی فرۆشگەی 3 قوتابخانە بەکرێ بگرێت. فەرهاد گوتی "لەگرتنەوەی فرۆشگەی قوتابخانەکان هەموو ساڵێک تووشی کۆمەڵێک گرفت دەبین، چونکە لەکێبرکێیەکەدا کەسی وا هەیە لەپێناوی کچێک ئامادەیە یەک دەفتەر دۆلار زیاد بکات، ئەگەر فرۆشگەیەکەشی بۆ دەرنەچێت زۆرجار هەڕەشە لەو کەسە دەکات کە بۆی دەرچووە زۆر جاریش شەڕو چاو سورکردنەوە ڕوویداوە".

لەبارەی هۆکاری ئەو زیادەی دەیخەنە سەر نرخی شتومەکەکان، لەگەڵ ئەوەی لێژنەی چاودێری هەیە،فەرهاد گوتی "لەهەموو فرۆشگەیەک نرخی فرۆشتن لەبازار زیاترە، چونکە ئەگەر زیاد نەفرۆشین پارەی کرێیەکەش بەدەست ناهێنینەوە"، گوتیشی "هەر کاتێک لیژنە هات بەو نرخە دەیفرۆشین کە ئەوان دەیانەوێت".

ئەمساڵ توندترین کێبرکێ لەسەر گرتنەوەی فرۆشگەی ئامادەیی مەئمون دەباغی کچان بوو. یونس شێخ محەممەد،45 ساڵ، ماوەی 4 ساڵە، فرۆشگەی ئامادەی مەئموون دەباغ لەموزایەدە دەباتەوە، ئەمساڵ لەئەنجامی کێبرکێدا کرێی فرۆشگەکەیان بووە 33 ملیۆن دینار، ئەمە لەکاتێکدا لەساڵی ڕابردوو بە 18 ملیۆن دینار بەکرێ درا بوو. یونس لەبارەی زیادبوونی کرێی فرۆشگەکە گوتی "چەند کەسانێک لەدەرەوەی کارەکە هاتبوون بەهەموو شێوەیەک دەیانویست فرۆشگەی قوتابخانەکە لەئێمەوە وەربگرن، ئێمەش بوارمان نەدان و نرخەکەمان زیادکرد، بەو هیوایەی دواتر پەروەردە نرخەکەمان بۆ دابەزێنێت، بەڵام دواتر هیچیان بۆ نەکردین".

سەبارەت بەزیادکردنی نرخی خواردەمەنییەکانیش، یونس گوتی "ناچارین بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانمان نرخی هەندێک خواردەمەنی زیاد بکەین، بەڵام بەم زیادکردنەش هەرگیز ناتوانین کرێی گرتنەوەکە بەدەست بهێنینەوە، ڕەنگە ئەمساڵ 5 تا6 ملیۆن دینار زیانمان پێبکەوێت".

بەپێی ماددەی هەشتی ڕێنماییەکانی بەکرێدانی فرۆشگەکان لە وەزارەتی پەروەردە کە وێنەیەکی لێدراوەتە (ڕووداو) ڕێژەی 25% داهاتی ساڵانەی فرۆشگەکان، بۆ ئەو قوتابخانانە دەبێ کە فرۆشگەیان نییە، 75%ی داهاتیش بۆ ئەو قوتابخانانەیە کە فرۆشگەیان هەیە، ئەویش بەو جۆرە دابەشدەکرێ (40% بۆکەموکوڕی قوتابخانە، 10% بۆ قوتابیانی هەژار وسەرکەوتوو، 10% بۆچالاکی وەرزشی، 10% بۆ چالاکی قوتابخانە و5% بۆ چالاکی پەرتوکخانە).

هەرچەندە لێژنەی چاودێری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان دانراوە بۆ چۆنیەتی خەرجکردنی داهاتی فرۆشگەکان، بەڵام تێبینیەکی زۆر لەسەر خەرجکردنی ئەو پارەیە هەیە.

مامۆستای، یەکێک لەقوتابخانەکانی شاری هەولێر کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، بۆ (ڕووداو) گوتی "کەس نازانێت پارەی فرۆشگەی قوتابخانەکان لەچی خەرج دەکرێت، هەر مامۆستایەکیش لەچۆنیەتی خەرجی ئەو پارەیە بپرسێ، پێیدەڵێن ئەوە کاری تۆ نییە، لێژنە هەیە".

زۆرجار پارەی بەکرێدانی هەندێ فرۆشگەکان لەپێداویستی کەموکوڕی قوتابخانە زیاد دەکات، ساڵی ڕابردوو دوای کڕینی پێداویستییەکان دوملیۆن دینار لەپارەی فرۆشگەی ئامادەیی مەئمون دەباغی کچان زیادی کرد. ڕێزان فاروق، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەبارەی چارەنووسی ئەو پارەیە گوتی "پارە زیادەکەمان بە بەفرگرو تاخمێک قەنەفە و سپیلت و بەرادی ئاو دا". بەڵام سەرۆکی لێژنەی بەکرێدانی فرۆشگەی قوتابخانەکان دەڵێ "نابێ ئەو شتانە بەداهاتی فرۆشگەکان بکڕدرێن".

دیلان فوئاد، قوتابی لە ئامادەیی مەئمون دەباغ، ڕەخنەی لەسیستەمی بەکرێدانی فرۆشگەکان لەلایەن پەروەردە گرت و گوتی "وەزارەتی پەروەردە لەجیاتی ئەوەی بەکرێدانی فرۆشگەکان لەسەر بنەمانی کەمکردنەوە (مناقصە) بەکرێ بدات، دەچێت بەزیادکردنی ئاشکرا بەکرێیدەدات، ئەمەش تەنیا بەزیانی قوتابی تەواو دەبێت".

عەباس محەممەد بەرزنجی، سەرۆکی لێژنەی بەکرێدانی فرۆشگەکان دان بەوە دادەنێت کە سیستەمی بەکرێدانی فرۆشگەکان لەقازانجی قوتابیدا نییە "چەندین جار پێشنیازمان کردووە، کە فرۆشگەکان بەپێی سیستەمی زیاد کردنی ئاشکرا بکرێتە (مناقصە) چونکە بەو سیستەمە دەتوانین بەکەمترین نرخ خواردەمەنی بۆ قوتابیان لەفرۆشگەکان دابین بکەین".

لوتفی سدیقیش، کە بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردەیە، گلەیی لەسیستمی بەکرێدانی فرۆشگەی قوتابخانەکان هەبوو و بۆ (ڕووداو) گوتی "ئێمە دڵنیاین، خاوەن فرۆشگەکان لەسەر حیسابی گیرفانی قوتابی ئەو پارەیەی لەموزایەدەکان زیادی دەکەن بەدەستیدەهێننەوە، بۆیە بیرمان لەوە کردووەتەوە، لەساڵی ئایندە سیستەمەکە بگۆڕین، بەجۆرێک لەبەرژەوەندی قوتابیدا بێ".

## ڕای شەقام

# ئەگەر هەڵبژاردنەکە یاسایی بێت گۆڕانکاری دروستدەکات

**محەممەد ئەمین مستەفا، تەمەن 23ساڵ، خوێندکاری شەشەمی ئامادەییە لە سلێمانی، بەشداری هەڵبژاردن دەکات و پێشبینی وایە زۆربەی گەنجان بەشداری دەکەن.**

**ڕووداو- سلێمانی**

**ڕووداو : دەتەوێت بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەی؟**

**محەممەد :** بەڵێ .

**ڕووداو : دەنگ بەکێ دەدەیت ؟**

**محەممەد :** دەنگ بە لیستی پارتی و یەکێتی دەدەم .

**ڕووداو : بۆچی ؟**

**محەممەد :** چونکە دەسەڵات هەر لای ئەوانەو دڵنیام هەرئەوانیش دەردەچنەوە .

**ڕووداو : پێتوایە گەنجان بەشداری هەڵبژاردن بکەن؟**

**محەممەد :** بەڵێ خەڵکێکی زۆر بەشداری دەکات، چونکە لەکاتی دەنگداندا خەڵک بۆچوونی دەگۆڕێت بەرامبەر بەشداریکردن .



**ڕووداو : ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانکاری لە هەرێمی کوردستان دروستدەکات؟**

**محەممەد :** ئەگەر بەیاسایی بەڕێوەبچێت گۆڕانکاری دروستدەکات و گەندەڵیش کەمدەکاتەوە، ئەگەرنا هەموو شتێک وەک خۆی دەمێنێتەوە .

# "ڕێگە بە کچەکەم نادەم زوو شوو بکات"

**ڕووداو-سلێمانی**

**بەڕای دلگەش حەمە سلێمانی، 30 ساڵ، گونجاوترین تەمەن بۆ شووکردنی کچان لە نێوان 20-25 ساڵیدایە چونکە کچان لەو تەمەنە هەست بە بەرپرسیارییتی دەکەن.**

**ڕووداو: لە چ تەمەنێکدا شووت کردووە؟**

**دڵگەش:** لە تەمەنی 22 ساڵی شوومکردوە؟

مندالّت هەیە: بەڵێ، کچێکم هەیە؟

**ڕووداو: ڕێگە بە کچەکەت دەدەی لەو تەمەنە شوو بکات:**

**دڵگەش:** نەخێر، چونکە لەو تەمەنە لەمانای هاوسەرگیری ناگات و کێشەی بۆ دروست دەبێ.

**ڕووداو: چ تەمەنێک گونجاوە بۆ شووکردنی کچان؟**

**دڵگەش:** تەمەنی 20 تا 25 گونجاوە، چونکە کچان لەو تەمەنە هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەنو دەتوانێ بیر بکاتەوەو لە مانای راستەقینەی کێشەکان و ژیانی هاوسەرێتی تێدەگات؟

**ڕووداو: شووکردن لە تەمەنی بچووکدا تاچەند کێشەی لێ دەکەوێتەوە؟**

**دڵگەش:** تەمەنی زوو زۆربەی کات کێشەی لێدەکەوێتەوە، چونکە بە تەواوی لە مانای هاوسەریگیری نەگەیشتووە؟

## ئاریا لە دایکبوو

پیرۆزبایی لە دایکبوونی ئاریا، لە شنە فازل و هاوکارمان ڕەوا عەبدوڵڵا دەکەین هیواداریـن لە باوەشیاندا بە خۆشبەختی گەورە ببێت.

ڕووداو

# لە تاشکینەوە بۆ سۆران

**جیهاد دری**
**ڕووداو-سۆران**

دوای 45 ساڵ ئاوارەیی لەیلا مەمۆ، تاشکینی پایتەختی ئۆزبەکستانی جێهێشت و گەڕایەوە نێو کەسوکاری خۆی لە سۆران.

لەیلا مەمۆ حەسەن شنگێلی، لەساڵی 1959 لە باوکێکی کوردو دایکێکی ڕووس لەشاری تاشکێن لە دایکبووە، خاوەنی خوشک و برایەکیشە، گولستان لە مۆسکۆ دەژیت و عەبدولسەمەدیش لە سان پێترسبۆرگ .

باوکی لەیلا یەکێکبووە لە هەڤاڵانی سەرکردەی مێژوویی کورد مستەفا بارزانی، کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی 1946 ڕوویکردە یەکێتی سۆڤیەت و لەوێ لە شاری تاشکینی پایتەختی ئۆزبەکستان نیشتەجێکرا، وەک لەیلا دەڵێت "باوکم لە زانکۆی سیلی خوز لەتاجیکستان دەیخوێند، دایکیشم لە هەمان زانکۆ بو و، لەوێ یەکتریان ناسیوە و ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە".

تەمەنی لەیلا تەنیا یەک مانگ بوو، کاتێک مەلا مستەفا بارزانی، دوای لەنێوچوونی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنەسەر کاری عەبدولکەریم قاسم لە یەکێتی سۆڤیەت دەگەڕێتەوە، کە یاوەرانیشی دوای ئەو گەڕانەوە کوردستان، کە یەکێکیان دایک و باوکی لەیلا دەبن و لە شاری کەرکووک نیشتەجێ دەبن. لەیلا گوتی "ئێمە لە گەڕەکێکی تورکمانی لەشاری کەرکووک نیشتەجێبووین، کورد و تورکمان لەو گەڕەکە بە بەردەوامی ململانێیان بوو قەت پێکنەدەهاتن". وەک لەیلا دەیگێڕێتەوە، ئەو کاتەی ئەوان لەکەرکووک بوون، تورکمانێک لەگەڕەکەکەی ئەوان کوژراوەو، تاوانی کوشتنەکەشیان خستووەتە ئەستۆی باوکی ئەو، ئیدی ژیانیان لەو گەڕەکە تاڵ دەبێ. لەیلا دەڵێت "لەسەر داوای بارزانی نەمر، باوکم گەڕەکەکەی جێهێشت و چووە گوندی شنگێل لەناوچەی بارزان، ئێمەش لەکەرکووک مابینەوە".

وەک لەیلا باسیکرد دوای ئەوەی باوکی شاری کەرکووکی جێهشتووە، لەلایەن کاربەدەستانی شارەکە بەردەوام ڕووبەڕووی لێپرسینەوەو ئەشکەنجە دان بوونەتەوە "تەنانەت بەهۆی لێدانەوە دایکم مندالّی لەبار چوو"، بۆیە بەناچاری بڕیاری چوون بۆ ڕووسیا دەدەن. کاتێک دەچنە باڵیۆزخانەی ڕووسیا لە بەغدا ڕەوشەکە ئاڵۆزتر دەبێ و لەوێ ڕێیان لێدەگرن و پێیاندەڵێن کورد خاوەن ناسنامە نین و توندڕەون، تەنانەت زۆری نەمابوو باوکیشی دەستگیر بکەن.

دوای ئەوەی باڵیۆزخانەی ڕووسیا، ڕێگە بە باوکی لەیلا نادات بگەڕێتەوە ڕووسیا، لەیلا لەگەڵ دایکی و گوڵستان و عەبدولسەمەدی برای ساڵی 1965 دەگەڕێنەوە ڕووسیا. ژیانی خێزانەکەی لەیلا لە ڕووسیا زۆر خۆشتر نابێ لەشاری کەرکووک، وەک لەیلا گوتی "دایکم شەو ڕۆژ کاریدەکرد تا بژێویمان دابین بکات"، بۆیە جارێکی دیکە بڕیار دەدەن بگەڕێنەوە لای باوکی، بەڵام کاتێک دەچنە باڵیۆزخانەی عێراق لە ڕووسیا، مۆڵەتی گەڕانەوەیان پێنادرێ.

لەیلا باسی مەینەتییەکانی خۆی لە ڕووسیا کردو گوتی "تەمەنم 12 ساڵان بوو کاری دروێنەی گەنمم دەکردو لە هەمانکاتیشدا دەمخوێند، زۆر حەزم لە خوێندن بوو، هەرچەند باری ئابووریمان خراپتر دەبوو من سوورتر دەبووم لەسەر خوێندنەکەم".

لەیلا دوای ئەوەی قۆناخی ئامادەیی تەواو دەکات لە زانکۆی ئەندازیاری سینەما وەردەگیرێت و دوای دەرچوونیشی لەهەمان بواردا کار دەکات. ساڵی 1984 دایکی لەیلا کۆچی دوایی دەکات، بەمەش ئەرکی سەرشانی گران دەبێ، لەگەڵ لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، خێزانەکەی لەیلاش لەبەر یەکتر هەڵدەوەشێتەوە "بەهۆی لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، کاری سینەما بەرەو خراپی چوو، ئێمەش چووینە ئۆزبەکستان، من لەوێ کاری شوفێری تەنکەرم دەکردو هەر لەوێش ژیانی هاوسەریم پێکهێنا، دواتر عەبدولسەمەدی برام چووە شاری سان پێترسبورگی ڕووسیا و گولستانی خوشکیشم چووە مۆسکۆ". سەبارەت بە بیرۆکەی گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەیلا گوتی لە ساڵی 2004 بەنیاز بووە بگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام ڕێککنەکەوتووە، تا دواجار لە مانگی 3ی ئەمساڵ لە ڕێگەی ژنێکی دراوسێی بەناوی مریەم مەجید دەگەڕێتەوە کوردستان "لەگەڵ مریەم لە تاشکینەوە هاتینە تاران و دواتریش هاتینە سۆران".

لەیلا، دوای ئەوەی دێتە سۆران دەکەوێتە سۆراخکردنی ماڵی حەسەن و حوسێن مەمۆ، کە زڕ برای ئەون. حەسەن مەمۆ، لە بارەی دۆزینەوەی خوشکەکەی گوتی "هاوڕێیەکم ئاگاداری کردمەوە کە ئافرەتێکی ڕووسی لە ماڵی ئەوانە و هەواڵی ئێمە دەپرسێت، منیش بەلامەوە سەیر بوو، کە ئەو ئافرەت ڕووسە کێیە و بۆچی پرسیاری ماڵی ئێمە دەکات، بۆیە یەکسەر چوومە ماڵی هاوڕێکەم، کە لەیلام بینی یەکسەر زانیم برای ئەوم و، لە باوەشی گرتم".

تاکە ئامانجی لەیلا ئەوەیە کە جارێکی دیکە عەبدولسەمەد و گولستان ببینێتەوە "زۆر بیریان دەکەم حەز دەکەم بیانبینمەوە".





# هەمەجۆر

## 4 سینگل بۆ شنگار



**تایبەت بەرووداو**
**لەداهاتوویەکی نزیکدا بڵند ئیبراهیم 5 گۆرانی بە سینگل بڵاودەکاتەوە کە 4یانی بەسەر شنگاردا گوتووە. هونەرمەند بڵند ئیبراهیم بە(رووداو)ی راگەیاند کە ئێستا کاری 5 گۆرانی تەواو کردووە، کە 4 لەو گۆرانییانە فۆلکلۆرن و بەسەر دەڤەری شنگاردا گوتراوەو گۆرانیکیشی نوێیە. وەکو هونەرمەند بڵند ئاماژەی پێدا گۆرانییە نوێیەکە کە تائێستا ناوی بۆ دانەناوە، هۆنراوەکەی لەلایەن (سەلمان شێخ عەلی) دانراوەو ئاوازەکەشی هی خۆیەتی.**

# فریزەکانی هۆڵەنداش وەک کورد مافیان دەخورێت

**رووداو – فریزلاند**
دوای ئەوەی لە هۆتێلێکی شاری لیۆڤاردنی هۆڵەندا بڕیاردرا کارمەندانی هۆتێلەکە تەنیا بە زمانی هۆڵەندی قسە بکەن، سەرۆکی پارتی نیشتیمانیی فریزلاند رایگەیاند کە ئەوەی دەرهەق بەوان دەکرێت "دروست وەکو ئەو زوڵمەیە کە سەددام حوسێن جاران لە کوردانی دەکرد و نەیدەهێشت بە زمانی خۆیان قسە بکەن".


یۆهاننێس کرامەر، سەرۆکی پارتی نیشتیمانیی فریزلاند

یۆهاننێس کرامەر پێیوایە کە لەو شارەی هۆتێلەکەی لێیە زۆرینەی خەڵکەکەی فریزن و بە زمانی فریزی قسە دەکەن، بۆیەش قەدەخەکردنی قسەکردن بە زمانی فریزی مەبەستێکی لە پشتە، بەڵام بەڕێوەبەری کارمەندانی هۆتێلەکە ئەوەی روونکردەوە کە ئەو تەنیا مەبەستی ئەوە بووە کە بە زمانێک لە هۆتێلەکەدا قسە بکرێت کە میوانانیش لێی تیبگەن. ئەو گوتیشی "بۆ نموونە لە ئەمستەردام لە هۆتێلەکان بە ئینگلیزی قسە دەکرێت تا میوانەکان هەست بە نامۆیی نەکەن".

پێشتر (رووداو) هەڤپەیڤینیکی لەگەڵ یەکێک لە بەرپرسانی ئەو پارتە فریزییەدا ئەنجامدابوو کە تێیدا ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن فریزەکان بە شۆڕشی تەماتە مافە کولتورییەکانیان وەدەستهێناوە و تا چەندیش کوردانی دانیشتووی فریزلاند هەست بە نزیکی دەکەن لەگەڵ ئەو گەلە ئەوروپییە بێ دەوڵەتەدا .

# حۆرانی: لە دین وەرنەگەڕاوم



**رووداو- MBC**
دوای ئەوەی هەندێ ماڵپەڕ رایانگەیاند کە گۆرانیبێژی لوبنانی دۆمەنیک حۆرانی بە نیازە بچێتە ئێران و لەوێ موسڵمانبوونی خۆی ئاشکرا بکات. ناوبراو گوتی"لەمبارەیەوە هیچ قسەیەکم نییە، بەم دواییانەش زانیومە کە قورئان رێ بە موسڵمان دەدات کە کچە کریستیانێک بخوازێت و ئەویش هەر لەسەر ئایینەکەی خۆی بمێنێتەوە".

دۆمەنیک حۆرانی، گۆرانبێژی لوبنانی، کە کریستییانە ماوەی ساڵێکە مێردی بە سەرمایەدارێکی موسڵمانی بە رەسەن ئێرانی نیشتەجێی ئۆستریا کردووەو کچێکیشی لێی هەیە، حۆرانی گوتی "مێردەکەم داوای لێ نەکردووم واز لە ئایینی خۆم بهێنم و بڕیاری بۆ خۆم هێشتووەتەوە" ئەو گوتیشی "ئێمە رێز لە هەموو ئایینەکان دەگرین و دەمارگیر نین و هەمووشمان هەر کوڕی خوداوەندین."

دۆمەنیک حۆرانی ئاشکراشیکرد کە ئەو هەمیشە قورئان و ئینجیل دەخوێنێتەوە "ئەو دوو کتێبە هەناوم پاک دەکەنەوە و هێز و پشوودرێژیشم پێ دەبەخشن".





دیمەنێک لە ئاهەنگێکی جەژنی نەورۆز لە شاری شرناخ (فۆتۆ:DIHA)

# 4 ملیۆن کەس ئاگری نەورۆزیان کردەوە

**رووداو-DIHA**
لە ئامەدو شاروشارۆچکەکانی دیکەی باکووری کوردستان نزیکەی 4 ملیۆن کەس بەشدارییان لە ئاهەنگەکانی نەورۆز کرد. محەمەد ئاکین سەرۆکی کۆمیتەی ئامادەکاری پیرۆزباییەکانی نەورۆز رایگەیاند کورد لە نەورۆزی2009 مێژوویەکی تۆمار کرد، هەروەها گوتی "لەو ئاهەنگانەی لەنێوان 20- 24 /3 سازکران نزیکەی 4 ملیۆن کەس بەشدارییان تێداکرد و ئاگری نەورۆزیان هەڵکرد و پەیامیان دایە ئەو وڵاتانەی بەکێشەی کورد پەیوەندیدارن"

# هونەرمەندەکانی میسر حیجاب فڕێدەدەن


عەبیر سەبری دەڵێ پەشیمان نیم حیجابم فڕێداوە

**رووداو- ئیلاف**
ماوەیەکە ئەو ژنە هونەرمەندە میسرییانەی چەند ساڵێک بوو ببوونە موحەجەبە و وازیان لە هونەر هێنابوو یەک لە دوای یەک حیجاب فڕێ دەدەن ودەگەڕێنەوە بۆ باوەشی هونەر.

هونەرمەندی ناسراوی میسری عەبیر سەبری کە ساڵی 2002 وازی لە نواندن هێناو بووە باڵاپۆش وچەند بەرنامەیەکی ئاینی لە تەلەڤزیۆنەکان پێشکەش دەکرد، لە ماوەی رابردوودا وازی لە حیجاب هێنا وبڕیاریدا جارێکی تر دەست بە هونەر بکاتەوە . عبیر لەبارەی بڕیارەکەیەوە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سایتی فەرفشی میسری گوتی" ئەوە بڕیاری خۆمە ولێی پەشیمان نیم وبە ئازادی خۆم وازم لە حیجاب هێنا، حیجاب زۆر رێگەی لە کاری هونەریم گرتبوو".

پارێزەری ئیسلامی نەبیل وەحش بڕیاریدا عەبیر سەبری بداتە دادگە بە تۆمەتی ئەوەی بێ رەوشتی وبەرەڵلایی بڵاودەکاتەوەو داوای کرد دەست وپێی ئەو هونەرمەندە ببڕدرێت.

بەر لە عەبیر سەبریش چەندین هونەرمەندی دیکەی میسریش دوای ماوەیەک باڵاپۆشی حیجابیان فڕیدا لەوانە سەوسەن بەدر، مبرنا موهەندیس، غادە عامیل و حەلا شیخە .

# گۆشتی سۆر مەخۆن

**رووداو- رۆیتەرز**
بەپێی لیکۆڵینەوەیەک کە لەئەمریکا ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی زۆر گۆشتی سوور دەخۆن، مەترسی ئەوەیان لێدەکرێت کە بەهۆکاری جیا رووبەرووی مردن ببنەوە ئەویش بەتووشبوون بەنەخۆشییەکانی دڵ و شێرپەنجە.

ئەو لێکۆڵینەوەیە لەسەر زیاتر لەنیو ملیۆن کەس ئەنجامدراوە کە تەمەنیان لە نێوان 50 بۆ 70 ساڵیدا بووە، بەپێی لێکۆڵینەوەکە ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی زۆرگۆشتی سوور دەخۆن، مەترسی ئەوەیان لێدەکرێت کە بەهۆکاری جیا رووبەرووی مردن ببنەوە، لەوانەش تووشبوون بەنەخۆشییەکانی دڵو شێرپەنجە، کەچی لەبەرامبەردا خواردنی گۆشتی سپی ئەو مەترسیانە کەمتر دەکاتەوە .

لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە بۆ ماوەی 10 ساڵ ژمارەیەک هاووڵاتی خراونەتە ژێر لێکۆڵینەوەو هەریەکێکیشیان بەرێژەی جیاواز گۆشتی سووریان بەبەردەوامی خواردووە، لەماوەی ئەو 10 ساڵەدا 47976 پیاو و 23276 ئافرەت مردوون.

کۆتایی لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کەمکردنەوەی خواردنی گۆشتی سوور دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی مردن بەرێژەی لە 11% لەرەگەزی نێرو لە 16% لە رەگەزی مێ.

# بەختی رووداو

**کاوڕ**
Mar 21–Apr 19
لەکەسوکارو هاوڕێکانت دوورمەکەوە، باری دارایت جێگیرەو دەستکەوتی زیاتر بەڕێوەیە، ئەو ئامانجانەی پلانت بۆ داناون سەرکەوتنیان نزیکە، هەواڵی خۆش دەبیستیت.

**گا**
Apr 20–May 20
پەیوەندییەکانی بواری کارەکەت لاواز دەبن، گوێ بەقسەی خەڵکی مەدەو لەسەر پرۆژەکانی خۆت بەردەوام بە، لەرووی سۆزدارییەوە ئاسوودە دەبیتو هاوڕێکانت متمانەت پێدەکەن.

**جمک**
May 21–Jun 21
گرنگە هەوڵ بدەیت لەکاتی گونجاودا بڕیاری گونجاو بدەیت، گرنگی بەهاوڕێکانی بواری کارەکەت بدە، پێویستت بەهاوکاری کەسانی تر هەیە، لەرووی سۆزدارییەوە نائارام دەبیت.

**قرژاڵ**
Jun 22–Jul 22
فشار مەخەرە سەر هاوڕێو ئەندامانی خێزانەکەت بۆ ئەوەی بەپێی خواستەکانی تۆ بجولێنەوە، لەرووی سۆزدارییەوە تاڕادەیەک خۆشەویستەکەت لێت بێزار بووە.

**شێر**
Jul 23-Aug 22
کەسێکی خۆشەویستیتو لەبواری کارەکەتدا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنیت، توانای بەڕێوەبردنی کەسانی ترت هەیە، ئارام بگرەو بڕیاری بەپەلە مەدە.

**گوڵەگەنم**
Aug 23–Sep 22
خۆشەویستەکەت زیاتر لەجاران پێویستی پێتە، فەرامۆشی مەکە، لەبواری کارەکەتدا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنیت، ئەوەندەی دەتوانیت دوور بکەوەرەوە لەناکۆکی.

**تەرازوو**
Sep 23–Oct 23
هەوڵبدە بەشێوەیەکی عاقڵانە بڕیار بدەیتو پەلە مەکە لەکارەکانتدا، ئەگەر دەرگایەکت بەروودا دابخرێت چەند دەرگایەکی تر دەکرێنەوە، بەڵێنێک مەدە کەپێت جێبەجێ نەکرێت.

**دووپشک**
Oct 24–Nov 21
گرنگە ئازایەتیت هەبێت بۆ رووبەرووبوونەوەی دەورووبەرەکەت، بەڵام نەیگەیێنیتە حاڵەتی ناکۆکی، ئەزموونێکی نوێ دێتە پێشت، بەوریاییەوە مامەڵە بکە، ئاگاداری تەندروستیت بە.

**کەوان**
Nov 22–Dec 21
بۆچوونەکانت روون نییە، هیچ بڕیارێکی گرنگ مەدەو هەوڵبدە پرۆژە گرنگەکانت بۆ ماوەیەک دوابخە، ئارام بگرەو کارێک مەکە هاوڕێو دۆستە نزیکەکانت لێت زویر ببن.

**کارژۆلە**
Dec 22–Jan 19
هەست بەنائارامیو دڵتەنگی دەکەیت، پەیوەندیت لەگەڵ کەسانی تردا ناجێگیر دەبێت، لەرووی داراییەوە سودمەند دەبیت، گرنگی زیاتر بەئەندامانی خێزانەکەت بدە.

**سەتڵ**
Jan 20— Feb 18
متمانە بەهەموو کەسێک مەکە، تاڕادەیەک هەست بەدوودڵی دەکەیت، چەند پرۆژەیەکی گرنگ لەژیانتدا بەرێوەیە، دەستکەوتی دارایت دەبێت، ئاگاداری تەندروستیت بە.

**نەهەنگ**
Feb 19–Mar 20
خۆت دەرباز بکە لەو دوودڵییەی تێی کەوتوویت، زیادەڕەوی مەکە لەهەڵسەنگاندنی کارەکانی خۆت، کارەکانت بەباشی رابپەڕێنەو ئەرکەکانی سەرشانت کەڵەکە مەکە.

# دار بەرامبەر ژن



**رووداو- ئینرۆز**
بەرپرسانی ناوچەیەکی ئەندۆنیزیا، مەرجێکیان داناوە بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنێت یان جیاببێتەوە، مەرجەکەش برتییە لەپێشکەشکردنی (دار) بەحکومەت وەک هەنگاوێک بۆ بووژاندنەوەی دارستانەکانی ئەندۆنیزیا .

بەرپرسانی ناوچەی گاروت لەدوورگەی جاوای ئەندۆنیزیا، یاسایەکی تازەیان بۆ هاوسەرگیری پەسەند کرد، یاساکە بریتییە لە پێشکەشکردنی 10 دار بەحکومەت لەلایەن ئەو کەسانەی کە تازە ژیانی هاوسەرێتی پێکدێنن، لەبەرامبەردا ئەو کەسانەی کە لەژنەکانیان جیا دەبنەوە پێویستە دارێک پێشکەش بکەن.

لێپرسراوانی ئەو ناوچەیەش هۆکاری دەرکردنی ئەم یاسایە بۆ دووبارە بوژاندنەوەی دارستانەکانی ئەندۆنیزیا دەگەڕێننەوە، کە لەماوەی رابردوودا بەهۆی کردنیان بەکشتوکاڵ بەشێکی زۆری دارستانەکان براونەتەوە .

# ناهەقی نییە شێت بێت

**رووداو- ئەلقەبەس**
لەیل و مەجنوونێکی دی لە نێو عەرەبدا پەیدا بوون، مەجنون، عادل مەحفوزە کە پارێزەرێکی میسرییە، شێت و شەیدای گۆرانیبێژی لوبنانی پاسکاڵ مەشعەلانی بووە. لە دوا نامەی خۆیدا، عادل دەڵێ ئەو بە بۆنەی جەژنی لەدایک بوونی پاسکالەوە، بڕیاری داوە خۆی بکوژێ، تا هیچ نەبێ یادی ئەو لە دڵی پاسکالدا بمێنێ.

عادل لە نامەکەدا نووسیویەتی"بە بڕیارێکی کۆتایی و بێ پەشیمان بوونەوە دەڵێم من ئەم ژیانەم ناوێ، هەر بۆیە بڕیارمدا تا مردن نە نان و نە ئاو بخۆمەوە، تەنیا مەگەر پاسکال بۆ خۆی بێتە ماڵەکەمەوە و بە فەرمی رایبگەیەنێ کە شووم پێ دەکات".

پاسکال رایگەیاند، کە نامەکەی عادلی پێ گەیشتووەو گوتی "گومانی تێدا نییە ئەو پیاوە نەخۆشە و پێویستی بە چارەسەرە، بۆیە داوا دەکەم بیگەیەننە نەخۆشخانەیەک، چونکە ئەگەر چارەسەر نەکرێت رەنگە هەم خۆی و هەم کەسانی دیکەش ئازار بدات".

پاسکالی شۆخ و شەنگ دەشڵێ"دادگەی لوبنانم راسپاردووە بە دوای کێشەکەدا بچێت و بڕیاری داوە کە نابێ عادل بێتە لوبنانەوە، دادگەی میسریش لەمبارەیەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکات."

لە تۆرۆنتۆوە

# لە ئەوروپاییکردنەوە بۆ بە هەولێریکردن

## گرفتەکانی گەشەکردن لە هەرێمی کوردستان



رامیار مەحمود-کەنەدا

karwanmramyar55@gmail.com

ئەمڕۆ دەمەوێت قسە لە سەر هەندێک پرسی پەیوەندیدار بە مەسەلەی گەشەکردنەوە بکەم لە هەرێمی کوردستان، رەنگە کاتێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر چەمکی گەشەکردن و تیۆرەکانی . بەڵام بەر لەوەی قسە لەسەر گەشەکردن بکەین لە هەرێمی کوردستان باشتر وایە هەندێک مەسەلەی پەیوەست پێیەوە تاوتوێ بکەین، ئەم شتانەش ئومێدی ئەوەیان لێدەکرێت بۆ ئەوەی چۆن لە ئاڵۆزییەکانی گەشەکردن تێبگەین . لە ناو دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەوە هەستی ئەوە دەوروژێنرێت نمونەیەکی گەشەسەندن لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت باس لە بە دوبەی کردن بە بەرازیل کردن و کۆمەڵێک رەچەتەی هاوجۆر دەکەن . بۆ هەندێک مەسەلەکە بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە دەڕواتە پێشەوە، رەنگە هۆیەکەش ئەوە بێت کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە بۆ نێوەڕاستی ئەو سەدەیە، سەرزەمینە جوگرافییە نزیکەکان شتێک نەبوون وەک ئیلهامی خەونێکی سیاسی و ئابووری سەیر بکرێت بۆ کورد . هۆشمەندی سیاسی و رووناکبیری ئەو سەردەمە هەڵگری خەونی بە ئەوروپاییکردن بوو لە گەڵ یەکەمین رەخسانی هەلی ئازادی دا بۆ کورد . ئەوانەی هەست بە گاڵتەجاڕی دەکەن بەرامبەر بەم بانگەشەیەی گەشەکردنی هەرێمی کوردستان، دەزانن هێدی هێدی خەونەکە دەچێتەوە یەک و بچووک دەبێتەوە . نێوەندی رووناکبیری و سیاسی لە ئەوروپاییکردن پاشگەزو پاشگەزتر دەبێتەوە، مەبەستم لەو پاشگەزبوونەوەیە، پاشگەزبوونەوەیە لە دروستکردنی هەلومەرجێکی ئینسانی راستەقینە و پاشگەزبوونەوە لە ئەوروپا وەک ئیلهام و سەرچاوەی خەونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری . چوونەوەیەکی خەونەکە ئێستا بە ئاستێکە دەبێت قسە لەسەر بەهەولێریکردنی سلێمانی و کۆی هەرێمی کوردستان بکەین. پێکهێناوییەکە ئەوەیە خەونەکە بە ئەندازەیەک پاشەکشەی کردووە پرسیاری بە ئەوروپاییکردن هاتووەتە سەر پرسیاری بە هەولێریکردنی هەرێمی کوردستان . بۆ هەندێک کەس تەنانەت هەرێمەکە پێویستی بە کارێکی زۆرە بۆ ئەوەی لە بەغدا بچێت. ئێستا رەنگە ئەوە روون بووبێتەوە کە ئێمە چەند لە پاشەکشێدا دەژین . بەڵام لێرەدا هەوڵدەدەم سەرنجی ئێوە بۆ قەیرانی گەشەکردن و خەسڵەتە هاوبەشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و نمونەی دەوڵەتی پاش کۆمۆنیزم رابکێشم. بەر لە ساڵی 1990 جیهان شایەتی ئەوە نەبوو کە ئابوری لە کۆمۆنیزمەوە بەرەو کەپیتالیزم بڕوات ئەگەرچی بڕواکە بەو شێوەیە بوو کە مێژوو بە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە بڕوات . زۆر لە وڵاتانی پاش کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی کێویانە جوڵان بەرەو نمونەی ئابووری ئەمریکی، لەو بڕوایەوە کە بازاڕی ئازاد کلیلی سەرەکییە لە کردنەوەی دەرگا ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەسەر گەشەکردن دا . بەڵام لەم گواستنەوەیەدا بەرەو بازاڕی ئازاد ئەو کەرەستانەی کە گرنگ بوون بوونیان هەبێت لە ئارادا نەبوون وەک نەریت و سیستەمی یاسایی و سەروەری یاسا و بە دەزگایکردن و، زۆر وڵات بە دەست نەبوونی ئەمانەوە دەناڵێنن . بۆ ئەو ئایدیۆلۆجیانەی هەمیشە و بە گشتی دەوڵەت وەک گرفت تەماشا دەکەن، دەبێت ئەوە بزانن دەوڵەتی لاواز تاوان و گەندەڵی دەخوڵقێنێت . لەم ڕووەوە هەرێمی کوردستان و روسیای پاش کۆمۆنیزم زۆر لەیەکەوە نزیکن . تەنانەت بازاڕی ئازادیش پێویستی بە دەوڵەتێکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی دەستەبەری کارکردنی بازاڕی ئازاد بکات.

دەبێت ئێمە لەوە تێبگەین جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان دەوڵەت و حکومەتی بەهێز لە گەڵ چەمکی حکومەتی ناوەندیدا . پێدەچێت لای ئێمە هێشتا ئەو تێکەڵکارییە بەردەوام بێت، کەواتە کێشەکە لە تێگەشتنمانەوە بوو بۆ دیسەنترالیزەشن کاتێک لە قۆناغی دەوڵەتی سەنتراڵ پەڕینەوە چ گواستنەوەکە لە وڵاتانی پاش کۆمۆنیزمدا بێت یان لە نمونەی عێراقدا . بێگومان دیسەنترالیزەیشن گرنگی گەورەی هەیە بۆ گەشەکردن و دیموکراتیزەکردن. بێگومان ئەمە بە مانای حکومەتی لاواز و نابەرپرسیار نایێت لە رووی ئەرکە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە. لێرەدا کەنەدا نمونەیەکی باشە لەو ڕووەوە دیسەنترالیزەشن خەسڵەتی سەرەکی حکومەتی کەنەدییە و نمونەی دەوڵەتێکی بەهێزیشە . حکومەت لەم نمونەیەدا دابەش دەبێت بۆ سەر سێ ئاست: حکومەتی فیدراڵ، حکومەتی هەرێمەکان و حکومەتی شارەکان. ئەم دیسەنترالیزەشنە فاکتەرێکی گرنگی دیموکراتیزەکردن و فۆرمێکی تایبەتی حکومەتدارییە لە کەنەدا. بێگومان لە هەمانکاتدا حکومەت بەتاڵنەکراوەتەوە لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەتی کۆمەڵایەتی تراديشنێکی بەهێزی ناو سیستەمی کەنەدییە. ئەم حکومەتە لاوازەی ئێستای هەرێمی کوردستان هەرەشەو رێگرە بۆ سەر گەشەکردن، بەڵام بە دڵنیاییەوە من لە روانگەیەکی پرۆفیشناڵەوە دەستەواژەی حکومەتی بەهێز بەکار دەهێنم وەک فاکتەرێکی گرنگی گەشەکردن . دەزانم زەینی کۆمەڵایەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان خەملاندنی خۆی هەیە بۆ شت ئەوەش وا دەکات نەتوانین بە باشی گفتوگۆ بکەین . لە پاڵ ئەوەشدا دەبێت سەرلەنوێ هەندێک رۆڵی پاسەوانی بۆ حکومەت بگێڕینەوە ولە ژێر فشاری نیۆلیبرالیزمدا حکومەت و دەوڵەت لە ئەرک و سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان بە تاڵ نەکەینەوە. خۆشبەختانە قەیرانی دارایی جیهانی بازاڕی گفتوگۆکردنی لەسەر رۆڵی پاسەوانی حکومەت گەرمکردووەتەوە چ بۆ لیبراڵ و چ بۆ چەپ . ماوەکە زۆر تێنەپەڕیوە بەسەرماندا کە لە کەنەدا هەموومان هەستمان بەوە کرد ئەمریکییەکان خەون بەو شتانەوە دەبینن کە ئێمە لە کەنەدا بە هۆی سیاسەتی سۆشیال لیبراڵەوە هەمانە .

# پاداشتکردنی فەلەستینییەکان و پشتگوێخستنی کوردەکان

## کوا پابەندیی ئەخلاقیی یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا بەرامبەر بە کوردان؟



جۆزێف پودر

jpuder2001@yahoo.com

ئەو چوار لایەنەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و رووسیا و نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا پێکهاتووە، خۆی بۆ دەوڵەتێکی فەلەستینی یان دیاردەیەک کە بە شێوەیەکی بەربڵاو بە "چارەسەرێکی دوو دەوڵەتیانە" ناودەبرێ، تەرخانکردووە . دادپەروەریی مێژوویی ناچارمان دەکا بپرسین "بۆچی ئەم چوارلایەنە بە هەمان شێوە خۆیان بۆ دەوڵەتێکی کوردی تەرخان نەکردووە؟".

فەلەستینییەکان لەگەڵ 22 دەوڵەتە عەرەبە سەروەرەکانی ناوچەکە بەگوێرەی نەژاد و کولتوور و ئایین و زمان جیاوازییان نییە، بەپێچەوانەوە کوردەکان خاوەن مێژوو و کولتوور و زمانێکی جیاوازن . لە کاتێکدا کە سەرجەم ئەو خەڵکەی خۆیان بەفەلەستینی ناو دەبەن ژمارەیان هەر دەگاتە نزیکەی شەش ملیۆن کەس (بەو فەلەستینیانەشەوە کە لە تاراوگەدا دەژین) پتر لە 30 ملیۆن کورد (بێ رەچاوکردنی ئەو کوردانەی لە تاراوگەدا دەژین) بە نێو ئێران،عێراق، تورکیا و سوریادا بڵاوبوونەتەوە، لە کاتێکدا چوارلایەنەکە لە هەوڵی ئەوەدان دەوڵەتێکی عەرەبی نوێ واتە فەلەستین، بخەنە سەر ریزبەندەکە، نە تاکە دەوڵەتێکی کوردی خاوەن سەروەری بوونی هەیە و نە بۆ ئەم مەبەستەش هەرێمێک یاخود دەوڵەتێک هەیە (جگە لە باکووری عێراق لەم ساڵانەی دواییدا) کە تێیدا کوردەکان بێ رەچاوکردنی ئەوەی کە ئاخۆ ئەوانیش وەک فەلەستینییەکان تەواوی مافە سیاسییەکانیان پێدراوە یان نا، خاوەن ئۆتۆنۆمییەکی کولتووریی تەواوبن.

کەوایە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مافی چارەنووسینی کوردەکانی فەرامۆشکردووە؟

پێش نووقمبوون لە مێژووی 95 ساڵی رابردوو با وەڵامەکە لە کورتی بەوە ببڕێنینەوە کە دەسەڵات و کاریگەریی نەوتی عەرەب هۆکارێکی سەرەکی بووە . نەتەوە رۆژئاواییەکان چاو لەدووی نەوتی عەرەبستان و کەنداوی فارس بوون و هاوکات کوردستان شوێنێکی یەکجار دوورە دەست بوو. کوردەکان وەک کەمینە لەنێو تورکە رکابەر و سەرەڕۆیەکان (واتە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) و ئێرانییەکان (ئیمپراتۆرییەتی فارس) و عەرەبەکاندا دەژیان، بەڵام ئەوان بە پێچەوانەی عەرەبەکان پەنایان نەبردە بەر تەقینەوەی خۆکوژانە و رفاندنی باڵەفڕ، هەرچەندە بە سەختیش خۆڕاگرییان نواند و لە دژی عەرەب و فارس و تورکی چەوسێنەر وەستانەوە .

لە دەستپێکی جەنگی جیهانی یەکەم لە 1914دا هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان داوایان لە کورد کرد وەک هاوپەیمانێک دژ بە دوژمنی هاوبەش واتە تورکەکان بوەستن. بەریتانیا و فەرەنسا بەڵێنی سەربەخۆییان بە خێڵە کوردییەکان دا، کە زۆربەیان تامەزرۆی پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان بوون لە شەڕەکەیاندا دژی تورکەکان .

ودرۆ وێلسنی سەرۆکی ئەمریکا داوای سەربەخۆیی بۆ تەواوی نەتەوەکانی بەدەر لە تورک (واتە کەمینەکان)ی نیشتەجێ لە ئیمپراتۆرییەتی تێکشکاوی عوسمانی کرد. کوردەکان شاندێکیان ناردە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس لە ساڵی 1919دا، هەروەک چۆن عەرەبەکانیش خودی شا فەیسەڵ (کوڕی شەریفی مەککە)یان وەک نوێنەری خۆ رەوانە کرد. لە کاتێکدا عەرەبەکان بەگشتی لە شەڕی هاوپەیمانانـدا یارمەتییەکی کەمیان دان، بەڵام کوردەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لەم هەوڵانەدا بەشداربوون. لە کاتێکدا بەریتانیا عەرەبەکانی بە دەوڵەتی عێراق و سەرووی ئوردن پاداشتکرد و فەرەنسییەکانیش لە کۆتاییدا دەوڵەتانی عەرەبیی سوریا و لوبنانیان دروستکرد، کوردەکان هیچ دەسکەوتێکیان نەبوو. ئەوان ئازادی و سەربەخۆییان لێ دزرا.

ئەوەی راستی بێ، هاوپەیمانەکان برگەیەکیان بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لەنێو پەیماننامەی سیڤەر (Treaty of Severs) رێککەوتننامەی یاریدەدەرانی ساڵی 1920 دا چەسپاند، رێککەوتننامەیەک کە کەمال ئاتاتورکی باوکی تورکیای هاوچەرخ واژۆی نەکرد. رێککەوتننامەی لۆزان کە لە ساڵی 1923 تورکیا و هاوپەیمانان لە سەری رێککەوتن ئەم ئاماژەیەیان بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ سڕییەوە. ئەو دەمە کە ئێران و تورکیا ناوچە کوردییەکانیان خستە نێو سنووری خۆیان و بەریتانیا و فەرەنساش پاشماوەی ناوچە کوردییەکانیان خستە سەر سنوورەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکانی عێراق و سوریا (کە پێشتر هەر بوونیشیان نەبوو)، کوردستان دیار نەما.

بەریتانییەکان بە هەمان شێوە خیانەتیان لە جاڕنامەی بێلفۆری 1917 کرد کە بەڵێنی نیشتیمانێکی یەهوودیی لە سەر خاکی مێژوویی فەلەستین دابوو. لە ساڵی 1922دا بۆ جێکردنەوەی عەبدوڵڵای کوڕەکەی دیکەی شەریفی مەککە، بەریتانییەکان 72%ی فەلەستینی ژێر دەسەڵاتیان بۆ هێنانە کایەی ئیمپراتۆریەتی سەروو ئۆردن جیا کردەوە.

کوردەکان تا دوایین ساڵانی سەدەی نۆزدەهەم لە ژێر چەتری عوسمانییەکان خاوەنی ئۆتۆنۆمییەکی رێژەیی بوون، چونکە ئەوان سنووره رۆژهەڵاتییەکانی عوسمانییەکانیان لە دژی ئیمپراتۆریەتی فارسی رکابەر دەپاراست . عوسمانییەکان کەمتر دەسڕۆیشتووەکانی دەستپێکی سەدەی بیستەم، سیستەمی ئیداریی خۆیان کردە سەنتراڵ (مەرکەزی) و لەم پرۆسەیەدا خانەدانی کوردیی بەدرخانییەکان کە بۆ ماوەی پتر لە 300 ساڵ لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتی مەزنی عوسمانی لە کوردستان حوکمی دەگێڕا، کۆتایی پێهات.

لە پاشهاتەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم، ئەو دەمەی دەسەڵاتە داگیرکەرە زاڵەکان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیان دابەشکرد، خێڵە کوردییە لێک گرێدراوەکانیش بەنێو سنوورە نەتەوەییەکان (بەتایبەتی لە نێوان سنوورەکانی تورکیا-سوریا و تورکیا-عێراق و تورکیا-ئێران) دابەشکران و ئەمەش یەکگرتنی نێوان کوردەکانی کردە شتێکی ئەستەم . لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشی کوردی تەقولوقە لەنێوان ساڵانی 1920 تا 1930 سەریان هەڵدا.

کوردەکان لە عێراق ( لە سەردەمی سەددام حوسێندا) و لە سوریا (لە سەردەمی رژێمی بەعسیی حافز ئەسەد و ئەمڕۆش لە ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی کوڕی) و هەروەها لە سەردەمی ناسرییەکانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە نێوان 1958 تا 1961ەوە رووبەڕووی پاکتاوی نەژادی بوونەوە. پتر لە 5000 کوردی هەڵەبجە لەلایەن سوپای عێراقەوە قڕ کران و لە ساڵی 1991 ئەو دەمەی ئیدارەی بوشی باوک کوردانی هاندا لە دژی رژێمی درندەی سەددام حوسێن راپەڕن، بە دەیان هەزار کورد بێ بەرگری کەوتنە بەر هێرشی ئاسمانیی عێراق و کوژران. ئەمڕۆش کوردەکان لە ئێران لەلایەن رژێمی چەوسێنەری پاسدارانی شۆڕشی ئێران کە بە بەردەوامی ئازاری کوردەکانیان داوە، دەچەوسێنرێنەوە.

ئێستا کە ئیدارەی ئۆباما باڵیۆزی هەرە نیازپاکی خۆی بۆ دیمەمشق ناردووە، دیارە واشنتن چەوسانەوەی کوردەکانی سوریای لەلایەن رژێمی ئەسەد پشتگوێ خستووە. دۆزینەوەی نەوت لەم دەڤەرەدا ئاستی پاکتاوی نەژادیی کوردەکانی زیاترکردووە، هەروەها سوریا مافی هاووڵاتیبوونی لە پتر لە 160،000 کەس سەندووەتەوە. ژیانی ئەو کوردانەی کە لە هەرێمی باکووری رۆژهەڵاتی سوریادا دەژین کەوتووەتە ژێر پرۆسەی عەرەباندن (ئەرەبایزێیشن).

وێدەچێ لە داواکارییەکەی سەرۆک ئۆبامادا بۆ گەیشتن بە لێک حاڵیبوونێکی نوێ لەگەڵ جیهانی موسڵمانان، ئاراستەکە تەنیا رووەو قەوارە تیرۆریستییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست واتە فەلەستینییەکان و پاڵپشتە ئێرانی و سوریەکانیان بێ. ئەوەی جێی سەرنجە مافەکانی مرۆڤ و مافی بڕیاردان لە چارەنووس بۆ کوردەکان نەبووەتە جێی بایەخی ئەم ئیدارەیە کە جەخت لە سەر پێویستیی پاراستنی مافەکانی تیرۆریستە دەستگیرکراوەکان قاعیدە دەکات.

لە کاتێکی پێشتری ئەم مانگەدا لە شەرمئەلشێخ، میسر و بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان کە زێتر بەخشەری رۆژئاوایی بوون، بەڵێنی بەخشینی 4.5 بلیۆن دۆلاریان بۆ بەهێزکردنەوەی ئابووریی فەلەستین دا بۆ یارمەتیدانی بنیاتنانەوەی غەززە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڵێنی دانی900 ملیۆن دۆلاری لە باجی خۆی دا، پارەیەک کە بێگومان بۆ کڕینی چەک و بەخشینی مووچەی ئەو تاوانکار و تیرۆریستانەی رژێمی مەحمود عەباس پێکدێنن، بە کار دێ. هەروەک چۆن پێشتریش روویداوە، برێک لە پارەکە دەگاتە حەماس. لە گەڵ ئەوەشدا، هیچ هەوڵێکی لەم چەشنە بۆ یارمەتیدانی کوردەکانی ئێران و عێراق و سوریا، نەدراوە.

کوا پابەندیی ئەخلاقیی یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا بەرامبەر بە کوردان؟ بۆچی کورد شایەنی هەمان ئەو بایەخە و خۆ بۆ بەختکردنە نین کە بە فەلەستینییەکان دراوە بۆ وەدەستهێنانی دەوڵەت و خۆشگوزەرانی دارایی؟ هەرچەندە درەنگیشە، بەڵام خەڵکی ئەمریکایی دەبێ ئەم پرسیارانە ئاراستەی نوێنەرەکانیان بکەن.

**لە رۆژنامەی The Bulletin ی ئەمریکییەوە 2009/3/24**

# تاوانی رژێمە کۆمۆنیستییەکان

## گولاگ و ئۆردوگا زۆرەملێکان



وەرگێڕانی: کاوە ئەمین

kawe35@hotmail.com

(3-2)

یەکەمین سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت، لینین، دەیگوت: پڕوپاگەندە (فیلم، ئەفیش، شانۆ و هی دیکە کە پەیامی سیاسیان لەگەڵدا بێت)، چەکی هەرە گرنگی شۆڕشن . کاتێک بۆلشەڤیکەکان لە ساڵی 1917، حوکمیان گرتە دەست، بەخێرایی دەستیان گرت بەسەر چاپخانەکان، تەلەگرام، سینەماکان و دەستگاکانی رادیۆدا و هەموو راگەیاندنێکی دیکەیان قەدەخە کرد . لە شەو و رۆژێکدا، هەموو دەنگەکان جگە لە دەنگی دەوڵەت، خامۆشکران. لینین، پەلەی بوو لە بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی شۆڕش لە نێو دانیشتواندا کە زۆربەیان نەخوێندەوار بوون . ئەوەیشی لە رێگای فیلم، شانۆ و هێڵی شەمەندەفەرەوە، کرد. لینین بووە کەسی شایستە، بەڵام هاوڕێکانی ئەو شاندی ئەویان نەبوو. ستالین، زیاتر پەنجەی تاوان و دوژمنایەتی بۆ هاوڕێکانی پێشووی خۆی رادەکێشا و رەوانەی ئۆردوگاکانی دەکردن یان دەیکوشتن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە ناوی لە مێژوودا رەش دەکردنەوە . ناو و وێنەکانیانی لەنێو ئەلبوومەکاندا دەسڕینەوە، لە تابلۆکان و ئەفیش و کتێبەکانی خوێندن و فەرهەنگەکاندا، لایان دەبردن. مامۆستا و کارمەندی کتێبخانەکان دەبوایە ئەو لاپەڕە کۆنانە لە کتێبەکاندا بدڕن و لە جێگایان ئەو لاپەڕانە دابنێن کە داوودەستگاکانی دەوڵەت، بۆیان دەناردن .

کاتێک بۆلشەڤیکەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، دەستیان کرد بە رەوانەکردنی دژبەرە سیاسییەکانیان، بۆ ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەی کە دەکەوتنە ئەو ناوچە دابڕاوانەی کەس بە خۆشیی خۆی رووی تێنەدەکردن. بەو جۆرە سیستەمە ترسناکە دەوترا، گولاگ. راستییەکەی گولاگ جێگایەک نەبوو، بەڵکو سیستەمێک بوو، تۆڕێک بوو بۆ هەزاران ئۆردوگای کۆیلایەتی، جێگای بزرکردنی مرۆڤەکان بوو کە لەلایەن دەستگایەکی تایبەتییەوە بەڕێوە دەبرا بە ناوی (دەستگای سەرەکیی بۆ رێکوپێک کردن و ئۆردوگای کار Glavnoje upravlenije ispravitelno-trudovych lagerej )، کە کورتکراوەکەی دەبێتە GULAG.

رژێم ئەو کەسانەی رەوانەی گولاگ دەکرد کە بە دوژمنی شۆڕش ناوی دەبردن، بەڵام هاوکات، خەڵکانی تاوانبار، دزو پیاوکوژیشیان رەوانەی ئەو جێگایانە دەکرد. لە نێوان ساڵانی 1936 تا 1938، ژمارەی دەستگیرکراوەکان هێندە زۆر بوو، کە پێشتر شتی وا رووی نەدابوو. دەکرا هەموو کەسێک زیندانی و حوکم بدرایە. ئەو رەشبگیرییە ناوی "تیرۆری گەورەی" لێنرا.

لەو سەدان هەزار کەسەی کە بە تۆمەتی سیاسییەوە دەگیران و بەشێکی زۆری ئەوانەی کە بە لێشاو دەگیران، خەڵکانی ئاسایی بوون، مەرج نییە هیچ بیروباوەڕێکی سیاسییان هەبووبێت . خەڵک لەسەر کارەکانیان لادەبردران، لەسەر شەقامەکان، بەڵام زۆربەیان لە ماڵەکانی خۆیان و لە نیوە شەودا، راپێچ دەکران. هەندێک جار کەسانێکی دیاریکراو دەگیران، بەڵام زۆر جاریش دووبارە دەبووەوە کە دانیشتوانی گوندەکانیان بە کۆمەڵ راپێچ دەکرد . خەڵکانێک هەبوون کە هەمیشە جانتایەکی بچکۆلەیان ئامادە دەکرد و لە پەنای تەختە خەوەکانیان دایاندەنا، نەوەک پۆلیسی نهێنی لە پڕێکدا لە دەرگا بدەن و خۆیان بکەن بە ژووردا . شایەتێک ئاوا دەگێڕێتەوە:" کاتێک دەچوونە سەر ماڵێک، هەموو شەوەکە خەریکی پشکنینی ماڵەکە دەبوون، هەموو ئەو شتانەی دەستیان بەسەردا دەگرتن، دەیاننووسین . کاتێک هاتن باوکمیان برد و بە ساڵۆنەکەدا پەلکێشیان کرد، ئێمە دوای کەوتین. دەرگای ژووری دایک و باوکمیان داخست و مۆرێکیان پێوە نا. پاشان داوایان لە باوکم کرد کە جلەکانی لەبەر بکات. دایکم جانتایەکی بچکۆلەی بۆ پێچایەوە. باوکم بە وشەی "خاترخواستن" بێدەنگییەکەی شکاند و دایکیشم باوەشی پێداکردبوو، باوکم دەستی بەسەر قژی دایکمدا دەهێنا و چەند جارێک ئەوەی دووبارە کردەوە :نیگەران مەبن، هەموو شتێک باش دەبێت".

سەرەتا مەبەست لەو رەشبگیرییە ئەوەبوو کە زیندانییەکان لە گولاگ بخرێنە بەر خوێندن تا هاووڵاتییەکی باشی سۆڤێتییان لێ دروست بکەن، یەکێک لەو شتانەی پێیاندەکردن، کاری قوورس بوو. بەڵام لە سەردەمی ستالیندا، ئارەزوو بۆ پەروەردەکردن و چاککردنی زیندانییەکان کەمبووەوە. سۆڤیەت پێویستی بەوە بوو بە هاوکاری زیندانییەکان وڵات بەرەو پیشەسازی بەرێت . گولاگ، بووە ماتۆڕێکی گەورە بۆ ئابووری سۆڤیەت . ئۆردوگاکان لەو شوێنانەی کە خەڵکی لێ نەدەژیا و دەوڵەمەند بوون بە نەوت، گاز و دارستان و کانی بەردین، دروستدەکران. لەبەرئەوەی کەس بە خۆشی خۆی نەدەچووە ئەو شوێنانە، کەڵک لە زیندانییەکان، وەکو کۆیلەی کارکەر، وەردەگیرا . ئاڵتون و خەڵوزیان پێ دەردەهێنان، کەرەستەی یاریکردن و فڕۆکەی جەنگیان پێ دروستدەکردن، لە رەوشێکی زۆر نا مرۆڤانەدا، دەژیان. کاری قوورس، برسێتی و جلی تەنک لەو جێگا ساردانەدا، بووە هۆی ئەوەی کە بە ملیۆنان مرۆڤ بمرن. گولاگ، بووە جێگای مردنی ئەو مرۆڤانەی کە وەکو کۆیلە کاریان پێدەکردن .

"مرۆڤ دەستبەرداری هەموو شتێک دەبوو، تەنانەت رق و کینەیش"

هەموو ئەندامانی بنەماڵەی ریتا Ryte Merkyte، لە ساڵی 1941 دا، دوورخرانەوە بۆ باکووری سیبریا. باوکی ریتا، رەوانەی ئۆردوگای کارکردن دەکرێت و پاشان بەهۆی برسێتییەوە، دەمرێت. ریتا، دایکی و دوو خوشک و برا بچکۆلەکەیشی، سەرەتا دەنێردرێن بۆ ناوچەیەک بەناوی Troistk، بۆ دار بڕینەوە. ریتا ئاوا باسی خۆیان دەکات:"ئەو شوێنەی ئێمە کارمان لێدەکرد، ناوی نوقتەی 99 بوو. خەڵکی ناوچەکە دەیانگێڕایەوە، ئەوانەی دوورخرابوونەوە بۆ ئەو ناوچەیە، بە خێرایی دەمردن یانیش رەوانەی شوێنی دیکەیان دەکردن. دارستانەکان پڕ بوون لە پیاوی گەنج، هەندێک جار لە پڕێکدا پەیدا دەبوون و بۆ نانێک دەپاڕانەوە، کاتێک دایکم لێی دەپرسین ئەی بۆ کار ناکەن؟ بۆ یەکەمین جار وشەی رووسیlagerمان لەوانە بیست. ئەوانە لە ئۆردوگاکان دەرکرابوون و هیچ شوێنێکیان نەبوو پەنای بۆ بەرن. ژنەکان گوێیان بۆ بەسەرهاتەکانیان شل دەکرد، ناونیشانی ئۆردوگاکانیان لێ وەردەگرتن و دەستیان بە نامە نووسین، دەکرد، بەڵکو پیاوەکانیان بدۆزنەوە، خواردنی سەرەکی ئێمە زۆربەی کات rasolink بوو، ئەویش شۆربایەکی بێ رۆن، بە تەماتەی قتوو و لەتە پەتاتەوە، هەمیشە برسیمان بوو".

ریتا هەروەها دەڵێت "هەندێکجار، خەڵک لێیان دەپرسیم کە ئاخۆ رقم لەو کەسانە دەبێتەوە کە ئاوایان بەسەر هێنابووین. نا من رقم لێیان نەبوو. ناکرێت بۆ کەسانێکی روونبکەیتەوە کە خۆیان ئەو دەردەیان نەچێشتبوو. کاتێک مرۆڤ رووبەڕووی مردن دەبێتەوە، هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوە، واز لە ژیان دەهێنێت. کاتێک مرۆڤ لە سەرەمەرگدا بێت، ئیتر هیچ شتێک دەوری نامێنێت، مرۆڤ دەستبەرداری هەموو شتێک دەبێت، بە رق و کینەشەوە".

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# کوردی ناو تەیارە

هیچ زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێین کورد کەم ماریفەتە، باوەڕ ناکەم لە کورد بێئەتێکتر هەبێ. زۆر کورد لەوانەیە پارەدار بن، بەڵام یەکجار کەمیان عەقڵدار و ئەدەبدارن.

شوێن: فڕۆکەخانەی رەفیق حەریری بەیرووتە، میللەتانی دونیا هەر یەکەو لە دەروازەیەک چاوەڕێی فڕۆکەکانیانن، ئەوە جیبۆتییە، ئەوەیان بەحرێنە، ئەملا بەنگەلادیشە و ئەولاتر دوبەیە. بۆ سوێند، لە هیچ کام لەو هۆڵانە بایی دەنکە شقارتەیەک خۆڵ و خاشاک نادۆزیتەوە، بە دەیانیان چاوەڕێی دەمی فڕین و گوێت لە ورتەی کەس نییە. دانە دانە دەروازەکان دەبڕیت و ئەمیان لەویان خاوێنتر و هێمنترە، زۆربەیان غەیرە موسڵمانن لێ ئەو دەروازانەی چاوەڕێی لێدەکەن لە زۆر مزگەوت و نەخۆشخانەی ئێمە خاوێنترن.

هێدی هێدی ژاوە ژاو دەست پێدەکات، وردە وردە بیچمی ناشرین دەبینی کە زۆربەیان رەنگی جلوبەرگیان نەگونجاوە. پیاوەکان دەنگیان بەرزە و دەڵێی بە راکاڵ قسە دەکەن، ژنەکان پتر لە عیبرەت دەچن نەک جنسی لەتیف، منداڵەکان زیاتر لە دنیا پیسکەرتا بەچەی مرۆڤ، پیاو بە سەر ژندا هاوار دەکات و ژن زڵلە لە پەناگوێی منداڵ دەسرەوێنێ. ژن و پیاوی وا هەیە چوار جار لە کاونتەرمانەکە دەپرسێت: ئەربیل موو؟ ئەویش چونکە تاقەتی لە وەڵامدانەوە چووە، بە سەر لەقاندن پێیدەڵێ بەڵێ.

لە کەفلەکونێکدا هۆڵی چاوەڕوانی فڕۆکەی هەولێر بووە زبڵخانە، دایبی پێچراوە و قورس لە سەر و لە بنی کورسییەکانە، کلینیکسێک کە قوونی منداڵەکەی پێ سڕدراوە و سووچێکی قاوەی بووە لە بن مێزەکە فڕێدراوە. خۆ کاخەزی نەستەلە و بسکیت ئەوە هەر هیچ. قارە قاڕ و ژاوە ژاویش لەولاوە بوەستێت، دڵنیام هۆتۆ و توتسی، ئەوانەی ئێسکی یەکتری دەکرێننەوە لەوێبان، گاڵتەیان پێدەکردین.

چیدی خۆم پێڕانەگیرا و لە گەڵ برادەرەکەم کەوتینە خاوێنکردنەوەی هۆڵەکە، دوو لوبنانی لەوێ بوون بە چاوی رێزەوە سەیریان دەکردین، تەواوی ئەو کوردە بۆرەی لەوێندەرێش بوون، قەشمەرییان پێمان دەهات.

لە فڕۆکەکەدا نانێکی خراپیان دابەشکرد، کەچی کوردە بۆرەی کە لەو سەفەرەیاندا هەر یەکەی چەند هەزار دۆلارێکیان سەرف کردبوو، خواردنەکەیان خستە عەلاگەوە و بۆ هەولێریان دەهێنایەوە. خۆش ئەوەیە ئەوانەی لەو سەفەرە بوون، ئەو کوردە پارەدار و چاوکراوەیە بوون کە بڕوایان بە گەشت و دونیا بینین هەیە، واتە ئەوانە ئۆروستکرات و چاوکراوەی کورد بوون.

لە بەیرووت، دوای ئەوەی لە خاوێنکردنەوەی هۆڵەکە بووینەوە و بەر لە فڕین، لوبنانییەک کە سەرمایەکەی لە هەولێر بەگەڕخستووە بە خشکەیی هاتە لامانەوە و گوتی: ئێوە ئاشوورین، لە عەنکاوە دادەنیشن وا نییە؟ وتمان نا کوردین بۆ؟ وتی ببوورە ئاخر کورد لە دوورەوە دیارن.

**پیرۆزە و بدرێت بە راگەیاندن**




## پەیامی رووداو

# نیگاکان بەرەو باکوورن

پیر و گەنج هەموویان لەو نەورۆزەدا دەیانگوت "پیرۆزبایی لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەکەین"، ئەوە دیمەن و پەیامێک بوو لەسەر شاشەی هەموو تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان دووبارە دەبووەوە، کاتێک سەیرانیانی نەورۆز لەباشووری کوردستانەوە پەیامی پیرۆزبایی خۆیان لە رێگەی تەلەڤزیۆنەکانەوە دەنارد. بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەنێو ئەو دەوروبەرە بە دوژمن دەورەدراوەی بمێنێتەوە، پێویستی بەقوڵاییەکی جەماوەری و سیاسی هەیە، هەر هیچ نەبێ لەلایەکیدا، دوای ئەوەی دەرکەوت ئیدارەی نوێی ئەمریکا لەجیاتی رووخاندن چاوی لە گفتوگۆیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەختی دروستکردنی لایەکی نادوژمن بۆ هەرێمی کوردستان، تەنیا چارەسەری کێشەی باکووری کوردستانە.

هەندێ لە چاودێران پێیانوایە لە بەختی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP ی کوردی بوو، کە تورکیا 29ی ئاداری کردە وادەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، چونکە لەو رۆژانەدا هەستی نەتەوەیی کورد زیاتر لە رۆژانی دیکە دەجولێ و خەست دەبێتەوە. زەمینە و وادەیەکە هەرچۆنێک بێت، گرنگ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنن کە تاکاتی نووسینی ئەو وتارەش، خەڵکی کوردستان چاوەرێی دەرچوونیان دەکەن، تەنانەت جیهانیش دەیەوێ بزانێ خەڵکی باکووری کوردستان هەڵوێستی حکومەتی تورکیا کە خۆی لە پارتی دادو گەشەپێدان AKPدا دەبینێتەوەو، هەڵوێستی پارتی کرێکارانی کوردستانPKK کە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP لەنێو تورکیادا نوێنەرایەتی دەکات، کامیان پشتیوانی لێدەکرێت. کە هەڵوێستی DTP بەگشتی لەلایەن هەموو لایەنە کوردییەکانییەوە جێی پەسەندە چونکە لایەنگیری چارەسەرێکی سیاسی ئاشتیانەیە.

لەنێو پارتە تورکییەکان دا،AKP لە هەموویان باشتر دەبینرێ لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورددا، بەڵام تێڕوانینی AKPیش هێشتا نەگەیشتووەتە ئەوەی کێشەکە بەشێوەیەکی سیاسی چارەسەر بکات، چاودێران پێیانوایە ئەوە لە ترسان و گەڵاڵەنەبوونی پرۆژەیەکی سیاسیانەیە لەلای. بێگومان سیاسەتیش کارێکی سیستەماتیکی پێویست بە هەڵوێست و پرۆژەیە، ئەوەی کە AKP دەڵێ ئێمە برای ئاینین و خزمین، کۆڕی دیوەخانی گوندێکیش قەناعەتی پێ نایێت.

زۆر لە چاودێران پێیانوایە ئەگەر DTP لەو هەڵبژاردنەدا سەربکەوێت لە بردنەوەی شارەوانییەکانی باکووری کوردستان، ئیدی دەوڵەتی تورکیا و ئەمریکاش لەسەر مێزەکەی دادەنیشن، کە تائێستا ئەوەیان نەکردووە. بەڵام لەولاشەوە ئەو رایەش هەیە ئەگەر AKP لەو هەڵبژاردنەدا لە باکووری کوردستان دەنگەکانی لەدەستبدات، ئیدی چیتر باکووری کوردستان بەو پێگەیەی خۆی نازانێت کە پێویست بکات بۆ چاکسازی کردن بۆی، خۆی بخاتە بەر رەخنەی تورکان، بەتایبەتیش کە لە شارەکانی تورکیا تاڕادەیەکی زۆر ئێستا بووەتە حیزبێکی بێ رکابەری گەورە.

ئەو هەڵبژاردنە زۆر لێکەوتەی سیاسی بۆ قۆناخی دوای خۆی لێدەکەونەوە، بۆیەش هەستیارییەکی زۆر بۆ خوێندنەوەی ئەو لێکەوتانە پێویستە بۆئەوەی لەجیاتی قازانج، زەرەر نەکەین.

**ئاکۆ محەممەد**



# کرێچییە و لە سەربانیش هەڵدەپەڕێ!

حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

ئەو ناونیشانە، گوتویەکی پێشینانی عارەبە، بەڵام بە سەر خۆیاندا دەشکێتەوە بە تایبەتی ئەوانەی لە کەرکووک بوونەتە ئامێری تەعریبکردن و داگیرکردن و شەڕفرۆشتن. لە رۆژنامەی (ئاسۆ) دا قسەی شێخزادەیەکی ئالعوبێدم بەرچاو کەوت کە دەڵێ: بەر لە ساڵی 2003 هیچ کێشەیەک نەبووە لە نێوان نەتەوەکاندا، بەڵام دوای هاتنی حیزبە سیاسییەکان، بەرنامەکان تێکچوون، بە تایبەتی بەرنامەی عەشایرەکان.

ئەو شێخزادەیە راست دەکا. بەر لە ساڵی 2003، واتە لە سەردەمی بەعسدا ئەوان خۆیان کوێخا و ئاغا و بکوژ و ببڕ بوون و چ کێشەیان نەبوو و کە خۆشیان نەیانبێ بەلایانەوە کەس کێشەی نییە. ئەو دەمە بۆ ئەوان دنیا شامی شەریف بوو، ئیدی گرنگ نییە دەیان هەزار کەسی کورد ئاوارە بن و ماڵ و حاڵ و زەویوزاری خۆیان بەجێ هێشتبێ و لە دۆزەخدا ژیابن. بەر لە ساڵی 2003 گوندەکانی دەوروبەری کەرکووک بە دەستی ئالعوبێد و عەشرەتە عارەبەکانی دیکەوە بوون و بە تاڵانیان دەبردن. لە ساڵی 1963وە، عوبێدەکان لە سەر تاڵانکردنی کورد دەژێن و باوەڕ ناکەم ئەو شێخزادەیەی ئەو قسەیەی کردووە، یەک شانەی جەستەی هەبێ ماڵی تاڵانکراوی کورد دروستی نەکردبێ و پێکینەهێنابێ. کاتی خۆی، کە باوباپیرانمان لە شوانی و دەشتودەر و گەرمیان و کوێستان ماندوو دەبوون، بە مەڕ و ماڵاتیان دەگوت: بەر تاڵانی جەردەی ئالعوبێد بکەون! ئاخر پیشەی سەرەکی ئالعوبێد لەم ناوچانەی دەوروبەری کەرکووکدا، تاڵانکردنی کورد بووە و ئەگەر دەسەڵاتیشیان نەبووبێ، هەر بە پاڕانەوە و دەخالەت بەشی خۆیانیان لە کورد سەندووە. بەر لە ساڵی 1958 و چەند ساڵێکیش دواتر، بۆ خوێفرۆشی و تەلابی دەهاتنە ناوچەکە، بەڵام دواتر بوون بە خاوەنی و تەماشاکرنیشی لە کورد قەدەخەکرا.

ئەوەی لە کەرکووکەوە دوور بێ زەحمەتە بزانێ ئەو قسەیە چ دەگەیێنێ و کوێ دەگرێتەوە. رەنگە بە لای خوێنەرەوە تەنها ئاوات خواستنێک بێ بۆ سەردەمی (زێڕین!)ی سەددام، بەڵام لە راستیدا، ئەو قسەیە زۆر لەوە زیاتر لە خۆ دەگرێ. ئاواتێکە بۆ سەردەمی تاڵان و کوشتن و دەرپەڕاندنی کورد لە کەرکووک. هەناسەیەکە بۆ ئەو رۆژگارەی ئەوان ئاغا و ئێمە کۆیلە بووین. ئالعوبێد، لە هەموو عەشرەتەکان پتر کوردی کەرکووک و دەوروبەریان تاڵانکرد و بە دووی ئەوانیشدا جبوور دێن، هۆیەکەیش ئەوەیە کە ئەوان نەختێک لە کوردەوە نزیکن. ئێستا بەو شێخ و شێخزادانە قووت ناچێ کوردێک هەبێ بتوانێ پێیان بڵێ "نا!" کە تا دوێنێ، واتە پێش ساڵی 2003 دیاری بۆی دەبرد و لێی دەپاڕایەوە کوڕەکەی ئیعدام نەکەن. ئێستا کەسێک بەرانبەری دادەنیشێ کە هیچی پێ رەوا نەدەبیندرا پاڕانەوە و موالێتی و جاشایەتی نەبێ!

یەکێک لەو شێخزادانە، دوای رووخانی بەعس خراپ لێی قەوما و تەنانەت عارەبەکانیش دەیانویست تۆڵەی زۆردارییەکانی لێ بکەنەوە، بەڵام پێشمەرگە گیان لە سەر دەستەکانی کورد چوون بەرگرییان لێی کرد! ئەو شێخزادەیەی کە پێشمەرگە بەرگرییان لێی کرد، پێش ساڵی 2003 کە کورد بۆ پاڕانەوە دەچوونە بەر دەرگاکەی، دەیگوت: "بڕۆن بزانن! ئەگەر قوونیان پیس بوو، رێیان مەدەن بێنە ژوورەوە!" ئێستا کەس ناچێتە بەر دەرگاکەی و کەس لێی ناپاڕێتەوە، ئیتر چۆن ئاوات بۆ ساڵانی پێش 2003 نەخوازێ؟

لە بیابانەوە هاتووە و کەرکووک تەعریب دەکا، بە تاڵانی ماڵی کورد گۆشکراوە، دەکوژێ و دەبڕێ، کەچی خۆی خاوەنماڵە و بڕیار دەدا چۆن کەرکووک بەڕێوە بچێ. خۆ هەتا ئێستاش ناتوانێ بیر لەوە بکاتەوە غەدری لە کورد کردووە و دەبێ، هیچ نەبێ بۆ ژیانی تەبایی و برایەتی بە کورد بڵێ: ببوورن زۆرمان لێ تاڵان کردن و زۆرمان لێ کوشتن! کوردیش ئەو پلە مرۆڤبوونە رەوای خۆی نابینێ!

کورد و تورکمانی کەرکووک، خۆیان کێشەکان قووڵ دەکەنەوە و وا دەکەن ئاغای دەرەکی دەسەڵاتی بە سەریاندا بڕوا دەنا بە لای کوردەوە بوونی تورکمان لە شارەکەدا، وەک بوونی گاوریاغی ئاساییە و دەبێ بوونی کوردیش بە لای تورکمانەوە وەک بوونی بەرتەکییە و خانەقا ئاسایی بێ. ئەگەر کورد و تورکمان یەکتریان قەبووڵ بێ، جگە لە خۆیان کەس ناتوانێ لە کەرکووک فەرمانڕەوایی بکا. سڕینەوەی کورد لە کەرکووک سڕینەوەی کەرکووکە. سڕینەوەی تورکمانەکەشی سڕینەوەیەتی. ئایا کوردی کەرکووک یا تورکمانی کەرکووک بە سڕینەوەی شارەکەیان رازی دەبن؟ ئەگەر رازین، ئەوا شێخە عارەبەکان دەستیان خۆش بێ کە کرێچین و لە سەربانەکانمان هەڵدەپەڕن!

کاردانەوەی هەندێ لە تورکمانەکان بەرانبەر خواستەکانی کورد جێی سەرسوڕمانە، چونکە ئەوانە، هیچیان بۆ خۆیان ناوێ، بەڵکو ئەوەیان دەوێ کە کورد هیچی نەبێ، ئیدی بە لایەوە گرنگ نییە ئالعوبێد خۆشی تاڵان دەکا یا دەست بە سەر شارەکەدا دەگرێ. کێشەی سەرەکی ئەو هەندە تورکمانە بوونی کوردە وەک میللەتێک و بە عەقڵییەتی نەوەت ساڵی بەر لە ئێستای ئەنقەرە دەژین.

لە هەڵوێستی ئەو برە تورکمانانەش ترسناکتر، کە جێی سەرسوڕمانیشە، هەڵوێستی بەرپرسەکانی کوردە کە تا ئێستا بە نەفەسێکەوە کار ناکەن کە کەرکووک تایبەتمەندییەکەی لەوەدایە کە کورد و تورکمان پێکهاتەی بنەڕەتی و سەرەکین تێیدا و،بوونی عارەب وەک لایەنێکی دەسەڵات ناسروشتییە.

بە لای منەوە گرنگ نییە پارێزگاری کەرکووک و بەڕێوەبەری شارەوانی تورکمان بن یا کورد، بەڵکو ئەوە کێشەیە کار بۆ ئێستا و پاشەڕۆژی سەرجەمی شارەکە نەکا. کێشە لەوەدایە خەڵکیتر ئەو ململانێیە بقۆزێتەوە و دەستی بە سەردا بگرێ و هەردوولا بکاتە کۆیلەی خۆی، ئەو بۆ گیانی من "ئەمن" و من بۆ گیانی ئەو "ئەمن". سووربوون لە سەر پێکهاتەی ئێستای کەرکووک سووربوونە لە سەر سیاسەتی بەعس و ئەگەر واش بێ، چیمان گۆڕی؟! کوردە ئاوارەکان، کە چەندین ساڵ لە شار و شارۆچکەکانی دیکە ئاوارە بوون و ئێستاش لە ناو قوڕ و چڵپاوی زستان و گڕە و گەرمای هاویندا دەژین، بەر لەوەی بۆ سیاسەتمەدارانی کورد و تورکمان شەرمەزاری بێ، بۆ کورد و تورکمان وەک نەتەوە و بۆ کەرکووک وەک شارێک شەرمەزارییە.. ئەرێ راستە بەعس رووخا؟!



# لێبوردن کلیلی چارەسەرییە

## دەوڵەتی تورکیا، گفتوگۆکردن لەگەڵ PKK رەتدەکاتەوە، بەڵام زۆر لەمێژە بەکردەوە ئەوە دەکات

یاسەمین چۆنگار

جەلال تاڵەبانی کارەکەی کردە فەرمی. جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق، لە هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ رۆژنامەنووس نور باتور، هەروەها لە دوای دیداری لەگەڵ هەر یەک لە سەرۆک وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرۆک کۆمار عەبدوڵڵا گیول، رایگەیاند کە لە مانگی نیسانی داهاتوو لە هەولێر کۆنفرانسی کورد سازدەکرێت.

هەروەها تاڵەبانی لە دیدارەکەی لەگەڵ جەنگیز چاندار، جەختی لەوە کردووەتەوە کە کۆنفرانسەکە بۆ ئاشتی تا رادەیەکی زۆر هیوابەخشە. بە گوێرەی قسەکانی سەرۆک کۆماری عێراق " هەموو پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی کورد لەهەر کوێ بن بەشداری لەو کۆنفرانسەدا دەکەن، تاوەکو بانگەوازی چەکدانان و دەستبەرداربوونی ململانێی چەکداری بدەنە PKK".

چونکە وەکو تاڵەبانی دەڵێ " ئەو رێکخراوە، لە بەرژەوەندی کورد و تورک دا نییە. سەردەم، سەردەمی شەڕی پارتیزانی نییە. ئامانجی سەرەکی کۆنفرانس، وەستاندنی هێرشە چەکدارییەکانە، بۆ ئەوەی ئەوان بکەنە لایەنگری ئاشتی و ببنە بزووتنەوەیەکی ئاشتیخواز. لە کۆنفرانسەکە دەربارەی چۆن لەگەڵ برا تورکەکانمان لەو بارەیەوە قسەبکەین گفتوگۆ دەکەین. بەندە گەشبینم بەوەی کۆنفرانسەکە دەتوانێت کۆتایی بە مەسەلەی شەڕ و چەک بێنێت".

سەبارەت بە هەواڵی " مانیفێستۆی چەکدارانی کورد" یەکەمین هەواڵ لەلایەنTaraf بڵاوکرایەوە. وەکو لەو هەواڵەش ئاماژەمان پێکردبوو، ئەنقەرە"چرای سەوز"ی بۆ ئەو کۆنفرانسە پێکردووە، شیمانەیەکی زۆر هەیە بە دەستپێشخەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، بە ئاگاداری ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا پێشکەوتنێک لەو بارەیەوە بێتە کایەوە.

### بارزانی مەرجی هەیە

بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی لەو هەرێمەوە بەدەستمان دەگەن، لەلایەک بۆ هاوڕایی لە کۆنفرانسەکەدا ئامادەکاری دەکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێن" ئەگەر هەلومەرجەکان گونجاو نەبن" بارزانی کۆنفرانسەکە بۆ ماوەیەکی دیکە دوا دەخات.

واتە لەو نێوەدا " مەرجی بارزانی" هەیە. ئەو مەرجانە بریتین لە وەی " یەکێتی ئەورووپا بە راشکاوانە رایبگەیەنێت کە پشتگیری لە سازدانی ئەو کۆنفرانسە دەکات" هەروەها " پێویستە تورکیا بە چاوێکی ئەرێنی سەیری کۆنفرانسەکە بکات و هیچ زەمینەیەک بۆ گومان جێنەهێڵێت" و " ئەمریکا، یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانە وەکو نەرویج و کەنەدا بەشداری لە کۆنفرانسەکەدا بکەن".

واتە بۆ ئەوەی زەمینەی سەرکەوتنی کۆنفرانس زیاتر ببێ، بارزانی داوای پشتگیری نێونەتەوەیی دەکات.

گومان لەوە دانییە پشتگیری نێونەتەوەیی بۆ ئەو کۆنفرانسە، رشتبوون و زەمینەی سەرکەوتنی ئەو کۆنفرانسە زیاتر دەکات.

بۆ ئەوەی کۆنفرانسەکە بگاتە ئامانجەکانی، واتە PKK لەچیاکان بێتە خوارەوەو بەچەکدانان رازیبکرێ دەبێ" دەرفەتی زێڕین" ئامادە بکرێت.

دەرفەتی یەکەم ئەوەیە، کە سەرەتا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP هەموو پارتە کوردییەکان و رێبەرە سیاسییەکان تورکیا بە جیدی بەشداری کۆنفرانسەکە بکەن. دووەم، پێویستە PKK بەر لەسازدانی کۆنفرانس، کۆنفرانسەکە رەتنەکاتەوە. سێیەم، پێویستە تورکیا زەمینەی بانگەشەی " چەکدانان" خۆشبکات و هەنگاوی بەرچاو بهاوێژێت بۆ ئەوەی PKK ئەو بانگەوازە پەسند بکات.

بۆ ئامادەکردنی دەرفەتی یەکەم هیچ کێشەیەک لە ئارادا نییە، پێموایە زۆربەی پێکهاتە کوردییەکانی تورکیا و رۆشنبیران، سەرەڕای هەندێک گومانیشیان، بە ئەرێنییەوە پێشوازی لە بیرۆکەی ئەو کۆنفرانسە دەکەن.

DTP سەرەڕای ئەوەی هاو بۆچوونە لەگەڵ بیرۆکەی کۆنفرانس، بەڵام پێیوایە بۆ ئەوەی کۆنفرەانسەکە " چالاک" بێت، پێویستە PKK پەراوێز نەخرێت، ئەوەش پەیوەستە بەو " دەرفەتە زێڕینە"ی باسمانکرد.

کاتێک رێبەری PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەدژی سازادنی کۆنفرانس نەوەستایەوە شتێکی باشی کرد، جا چ بۆ ئەوە بێت کە PKK بە جیدی سەیری کۆنفرانسەکە بکات، یان بۆ ئەوە بێت دەرگای چەکدانان بەکراوەی بهێڵێتەوە ئەگەر زەمینەی بۆ ئامادە بکرێت.

هەرچەندە بۆچوونی کادیرانی PKK لە چیا، لەگەڵ دیداری ئۆجەلان لەگەل پارێزەرانی وەکو ئەوەی لە میدیادا رەنگدانەوەی هەیە، هەندێک لەیەکتر دوورن، بەڵام دیسانیش لە لێدوانەکانی ئەو دوایەی دوران کالکانەوە دیارە کە ئەو رێکخراوە هێلەکانی ئەو کۆنفرانسە"رەت" ناکاتەوە.

لەوەش زیاتر پێموایە PKK بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسەدا بازاڕ و سەودا دەکات و بەم شێوەیەش هەوڵدەدات لەگەڵ ئیدارەی بارزانی و فاکتەرە نێودەوڵەتییەکان، وەکو موخاتەب ( لایەنی گفتوگۆلەگەڵکراو) قبولبکرێت.

بۆ ئەوەی کۆنفراسەکە ئەنجامبدرێت و بانگەوازی "چەکدانان" سەربگرێت دیار نییە هەلومەرجەکانی دیکە ئامادە دەکرێن یان نا. لەو بارەوە DTP، PKK و بارزانیش چاوەڕێی یەکلاکردنەوەی ئەو مەسەلەیە دەکەن.

### ئەنقەرە لە دەستەواژەی "لێبووردن" دەترسێت

کاتێک لە بەرپرسان دەپرسی "بۆ گەڕانەوەی ماڵ چ دەکەن" لەوە زیاتر" لەوبارەیەوە یاسایەکمان هەیە کار بەمە دەکەین"، هیچیتر نادرکێنن. لەسەرەتادا کورد و هەموو جیهان دەزانێت ئەمە بەشی چارەسەری ناکات. بۆ ئەوەی بگەینە ئەو خاڵەی کە PKK لەچیاکان بێتە خوارەوە و چەک دابنێ، پێویستە سەرەتا لەبەردەم گەڕانەوە و بەشداریکردنی 150 تا 160 کادیری سەرکردایەتی PKK لە ژیانی ئاسایی و سڤیل هیچ بەربەستێکی یاسایی و تۆمارێک نەهێڵدرێ.

بەڕاشکاوی، پێویستە کادیرانی چیا دوای ئەوەی چەکەکانیان دادەنێن، ئەگەر خوازیارین، لەنێو زەمینەیەکی سیاسی و یاسایی درێژە بە "ململانێکەیان" بدەن، تەنیا یەک مەرج هەبێت" رەتکردنەوەی بەکارهێنانی توندوتیژی". هاوتەریب لەگەڵ ئەمەش لێبووردن لە ئەندامە زیندانییەکانی ئەو رێکخراوە لە زیندان مەرجێکی دیکەیە. لە کۆتاییشدا، بۆ ئەوەی سەرکردەکانیان دوای دانانی چەک لە عێراق بمێننەوە یان وڵاتی سێیەم وەکو نەرویج هەڵبژێرن پێویستە ئەنقەرە "چرای سەوز" هەڵبکات.

ئەوەش زۆر باش دەزانم، بەر لەوەی ئەو نووسینەم لەبارەی "لێبووردن" بنووسم، بەناوی جیاوەزەوە ئەم مەسەلەیە بووەتە رۆژەڤی قوژبنە سیاسی و سەربازی و بیرۆکراتیەکانی ئەنقەرە. ئەوەیتریان، مەسەلەی "بەموخاتەبگرتنی PKK"، هیچ کاتێک بە "فەرمی" پەسند نەکراوە و پەسەندیش ناکرێت، بەڵام زۆر لەمێژە بەکردەوە پەسندکراوە.

ئیدارەی دەوڵەتی تورکیا، لەو چەند ساڵەی دواییدا، بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی سەبارەت بە بێ چەککردنی PKK بە ناراستەوخۆ، لە شوێنی جیاوازەوە: لە باکووری عێراق، ئەورووپا لەگەڵ نوێنەرانی PKK لەو چوارچێوەیە دانوستان کراوە.

بەکورتی، ئەگەر ئەو نووسینەم بەلای هەندێک خوێنەرەوە وەکو" زێدەڕۆیی" بێ، بەڵام ماوەیەکی درێژە لەنێو دەوڵەتدا هەندێک هەنگاوی بەم جۆرە نراون. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەنگاوی بە بڕیار بنێین. بۆ ئەوەی کۆتایی بە ململانێی چەکداری PKK بێت، جێبەجێکردنی "لێبووردن" لەلایەن دەوڵەت و کۆمەڵگەوە پێویستە بە هەند وەربگیرێت. بۆ ئەوەی کۆتایی بەو خوێن رشتنە بێنین کە چارەکە سەدەیەکە درێژەی هەیە، پێویستە ئەمە بەجێبگەیێنین.

پێویستە لێبووردن وەکو کلیلی چارەسەری ببینین. جا با بەهەر ناوێکەوە بێت.

**لە رۆژنامەی TARAFی تورکییەوە**



# پاش 21 ساڵی کارەسات و 18 ساڵی ئازادی!

هاوڕێ باخەوان- هۆڵەندا
hawreh@bakhawan.com

ئەمساڵیش من وەکو زۆربەی خەڵکی لە خەمی کارەساتی هەڵەبجەدا بووم، ئەگەرچی بەهۆی باری تەندروستییەوە نەمتوانی بەشداریی ئەو خۆپیشاندانەی بەردەمی رێکخراوی OPCW لە شاری لاهای بکەم، بەڵام بەناچاری لە ماڵەوە کەوتمە سەیرکردنی کەناڵە کوردییەکانی حیزبەکان. کەناڵەکان هەندێکیان بەشێوەیەکی زیندوو یادی هەڵەبجەیان لە شاری هەڵەبجەوە پەخشدەکرد. یادێکی تابڵێی بێسەرووبەر، کە بەڕای من نەکردنی گەلێک باشتر بوو. ئەوەی جێی سەرنجی من بوو، ئەو خەڵکەی لەوێ بەشداربوون، زۆربەیان ئەوەندەی خەریکی مۆبایلەکانیان و ناردن و وەرگرتنی SMS بوون، یەک بۆ هەزاری ئەوە خەریکی ئەوە نەبوون کە بۆچی لەوێ لەو شوێنەدا و لەو کاتەدا ئامادەن!.

لەلای هەر گۆڕێکەوە کچێکی رەشپۆش وەستابوو، ئەو کچانە هەموویان جلی بیابان و بیری کیمیابارانیان لەبەردابوو. گۆڕەکانیش ئەگەرچی ئەوە تێبینیی دەمێک ساڵمە، رێنووسی ناوەکانی بەهەمان زمانی بیابان و کیمیاباران لێیان نووسراوە. بۆ نموونە لەباتی بنووسرێت (عەلی مەحموود ئەحمەد)، نووسراوە (علی محمود احمد).

رایەخێکی سوور لە نێوەڕاستی سەکۆی سیرەمۆنییەکەدا دانرابوو و ببووە جێ سەرنجی من و دڵنیام تۆش، ئەو رایەخە وەکو سنووری بازبازێنی بەشداران، رۆژنامەنووسان و پۆلیس و ئینزیباتەکانی لێهاتبوو، هەرچی بیویستایە بچووایە ئەوبەرییەوە دەبووایە بازێکی یەک مەتر و نیویی بدایە.

کاتی خۆی پاش کیمیابارانەکە ئەو ژمارە کەمەی هەڵەبجەییەکان کە لە ئێرانەوە گەڕانەوە دیوی ئەمدیو، داگیرکەری عێراقی هەر بەو جلی ئینزیباتانەوە سواری زیلی کردن و ناردنی بۆ ئۆردوگای بەرحوشتر و ئەوانیتر، ئەگەر کەمێک رێزی ئەو کارەساتانەمان لەلابووایە نەدەبووایە بەهۆی ئەو جلە پیسانەوە سیرەمۆنیی ساڵیادەکەمان رێکبخستایە.

کە هەر ئەو تێبینییانەم لادروستبوون یەکسەر تەلەڤزیۆنەکەمم کوژاندەوە و بەخۆمم گووت، دەبێت رێکخستنی ئەو یادە و چوونی ئەو هەموو بەرپرسە بۆ ئەوێ چەند پارەی تێچووبێت و ئەگەر نیوەی بدرایە بەو بریندارانەی کە توانای چارەسەریان نییە باشتر نەبوو؟. بەڵام دیسانیش بەخۆمم گوت لەوە زۆرتر وڕێنە مەکە، تۆ بڵێی جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری سلێمانی و لێپرسراوە بەشداربووەکانی دیکە ئەو خاکەراییە (تواضع) بنوێنن و گوێ لە هاووڵاتییەکی سادەی وەکو من بگرن!..

پاش 21 ساڵی کارەساتی هەڵەبجە، پاش 18 ساڵ "ئازادی"، ئەگەر ئەوە یاد و رێز و رێکخستنمان بێت بۆ رۆژی 16ی مارت!، ئەوە پەروەردەی 18 ساڵ ئازادیمان بێت بۆ ئەو لاوە بەشداربووانەی ئەوێ، ئەوە من پێموایە لە خودی کارەساتەکە کارەساتترە.

2009-03-16

# هەموو هیوام بە عەدنان کەریمە



**روودا‌و-سلێمانی**

بێستوون عەلی، سەرۆکی بەشی دیراساتی ئیسلامی لەزانکۆی سلێمانی 57 مەقامی کوردی بەدەنگی خۆی تۆمار دەکات و راشیگەیاند کیژان ئیبراهیم خەیات، بەبێ پرس مەقامەکانی ئەوی گوتووەتەوە. هەروەها ناوبراو رەخنە لە ئاوازی قورئان خوێنانی کوردستان دەگرێت و دەڵێت "ئەو ئاوازانە وەستاون و زۆربەیان کلاسیکن". هەموو هیوای بێستوون بەعەدنان کەریمە بۆ گوتنەوەی مەقامە کوردییەکان "عەدنان کەریم زۆر سەرکەوتووە، حەمە جەزاش توانای جارانی نەماوە بۆ مەقام گوتن". لەبارەی مەقامبێژانی ئافرەت، بێستوون دەڵێت "قورگی ژن وەک قورگی پیاو مەقامی پێ ناگوترێ".

11 »

# بووک و زاوایان خەنیکردن



**روودا‌و- هەولێر**

ئێوارەی 2009/3/29 لەهۆڵی ئاشتی لە هەولێر ناوەندی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنج بە هاوکاری کۆمپانیای ئاسیاسێڵ، ئاهەنگی هاوسەرگیری بۆ 20کوڕوکچی هەژار سازدرا، کە جگە لە خەرجی ئاهەنگەکە، چەندین هاوکاری مادی وکەل وپەلی ناوماڵیشیان پێشکەشکرا. کارزان عەزیز، دەستەی سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە لە ناوەندی ئایندە رایگەیاند ئاسیاسێل خەرجی ئاهەنگی زەماوەندەکەو هوتێلی گرتووەتە ئەستۆ، دەزگای خێرخوازی بارزانیش بەڵێنی کەلوپەلی ناوماڵی پێداون و پارێزگاری هەولێریش بەڵێنیدا شوقەی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بکات.

# ئیدی بشمرم ئاساییە



**روودا‌و-DIAH**

سیاسەتکارو پەرلەمانتاری پێشووی تورکیا لەیلا زانا، رایگەیاند گەلی کورد لە نەورۆزی ئەمساڵ مێژوویەکی دیکەی نووسییەوەو گوتیشی "پاش ئەوەی نەورۆزی ئامەدم بینی لەمەولا بشمرم ئاساییە".

چەند کەناڵێکی راگەیاندنی بیانی و بەرپرسانی پارتێکی چەپی ئیسپانیا، سەردانی پەرلەمانتاری پێشووی DEP لەیلا زانایان کرد. زانا بەو دەزگایانەی راگەیاند کە کورد لە نەورۆزی ئەمساڵ مێژوویەکی نوێی نووسی و لەبەرامبەر هەموو فشارەکانی ناوەوەو دەرەوە بۆ هەموو جیهانی سەلماند کە دەستبەرداری خۆڕاگری نابێت.زانا گوتیشی "مێژوو جارێکی تر سەلماندی هیچ شتێک ناتوانێت خۆی لەبەرامبەر تێکۆشانی گەل رابگرێت. دوای ئەوەی گۆڕەپانی ئاهەنگی نەورۆزم بینین، لەگەڵ خۆمدا گوتم ئەگەر لەمەودا بشمرم ئاساییە".


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای روودا‌و

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**نوێنەری ئەورووپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**دیزاین** : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای روودا‌و دەریدەکات — نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 — ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی — Tel: 0750 488 5696 — rudaw@rudaw.net — www.rudaw.net


# زەحمەتکێش لەسەر 700 هەزار دۆلار لەتبوون

**عەلی حەمە ساڵح**

**روودا‌و-سلێمانی**

لە دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا لە رۆژی 2009/3/28، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بڕیاری هەڵپەساردنی قادر عەزیز، سکرتێری حیزبیان دا تا کۆنگرەی شەش، لە هەمانکاتدا تۆمەتباری دەکەن بەهەدەردانی 700 هەزار دۆلار.

سەعد خالید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشان لە لێدوانێکدا بۆ (روودا‌و)، قادر عەزیزی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزب لایداوە "بۆیە کۆمیتەی ناوەندی بەتێکڕای دەنگ بڕیاریدا تاوەکو کۆنگرەی شەش تەجمیدی بکات".

لەلایەکی دیکەوە ئەو باڵەی لەلایەن قادر عەزیزەوە سەرکردایەتی دەکرێ لە بەیاننامەیەکدا روونیدەکاتەوە ئەو کەسانەی دەرکردووەو کارەکەی ئەوانیش بە "پیلان"ێک وەسفدەکات "بۆ لاوازکردنی رۆڵی حیزبی زەحمەتکێشان لە هەڵبژاردنەکاندا".

سەعد خالید لە درێژەی لێدوانەکەیدا سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان بەوە تۆمەتبار دەکا، کە 700 هەزار دۆلاری بە "خەرجی لابەلا" خەرجکردووە، سەبارەت بە چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو پارەیە، سەعد گوتی "چوار مانگ پێش ئێستا، قادر عەزیز، لیستێکی پێداین بۆ ئیمزاکردنی خەرجکردنی ئەو پارەیەو گوتی ئەوە خەرجییەکانە، ئێمەش گوتمان ئیمزای ناکەین، چونکە ئاگامان لە خەرجکردنی پارەکە نییە".

سەرچاوەیەکی نزیک لە قادر عەزیزیش لەبارەی خەرجکردنی ئەو پارەیە گوتی " قادر عەزیز، ئامادەبووە شێوازی خەرجکردنی ئەو پارەیە بۆ مەکتەبی سیاسی روونبکاتەوە".



یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی حیزب بەشداریکردنە لە هەڵبژاردن، قادر عەزیز پێیباشە لەگەڵ یەکگرتوو و کۆمەڵ و سۆسالیست بە یەک لیست دا ببەزن، بەڵام مەکتەبی سیاسی حیزب دژە، سەعد خالیدی دەڵێ "80%ی ئەندامانی حیزب لەگەڵ ئەوە نین لەگەڵ ئیسلامییەکان لیست دروست بکەین".

# ماموستا حەیوانان دەرمان دەکا



**فەرمان چۆمانی**

**روودا‌و-رانیە**

ماموستا (د.ئ) کە ماستەری لە فیزیا هەیە، بەهاوکاری لەگەڵ براکەی (ئ.ئ) کە کارمەندی بنکەی تەندروستی چوارقورنەیە، کاری چارەسەر کردنی ئاژەڵی نەخۆش و فرۆشتنی دەرمانی ڤێترنەری و کشتوکاڵی دەکەن. بەڕێوەبەرایەتی بەیتەرەی سلێمانیش داوا لە قایمقامیەتی رانیە دەکات رێ لە کاری ئەو دوو برایە بگرێ.

دکتۆر عەباس عەلی عەبدی، بەڕێوەبەری ڤێتەرنەری سلێمانی بە (روودا‌و)ی راگەیاند "ئەوانە لەسنووری قەزای رانیە دەرمانخانەی ڤێترنەرییان هەیە و هیچ پسپۆریەکیان لەبواری ئاژەڵان و کشتوکاڵدا نییە، لەلا کۆلانان ئە و کارە دەکەن، ئێمەش بڕیارماندا کارەکەیان قەدەخە بکەین، چونکە جگە لەپزیشکی ڤێتەرنەری نابێ کەسی دیکە ئەو جۆرە کارانە بکات"، هەروەها گوتیشی "قوتابی پێنج ساڵ لە کۆلیژی ڤێترنەری دەخوێنێ و دوو ساڵ خزمەتدەکات، ئینجا رێگەی پێدەدەرێ دەرمانخانە بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە لە و ناوچەیە خەڵک هەیە دەرمان بەمرۆڤیش دەفرۆشێت، نەک هەر ئاژەڵا".

سەبارەت بە داخستنی دەرمانخانەکە، دکتۆر عەباس گوتی "ئێمە قایمقامییەتی رانیە و ناحیەی چوار قورنەمان ئاگادار کردووەتەوە، وەڵامیان نەداوەتەوە، ئەگەر دەرمانخانەکە دانەخرێ، ئەوا ئەو دوو برایە دەدەینە دادگا".

# روودا‌و گەیشتە ئاسمانی حەوتەم

**روودا‌و-ئەمستەردام**

لە رۆژانی نەورۆزدا کەناڵی پێنجی رادیۆی هۆڵەندا لە بەرنامەی (ئاسمانی حەوتەم) دا بۆ ماوەی یەک کاژێر باسی کوردستان و کێشەی کورد و جەژنی نەورۆزی کرد. لە بەرنامەکەدا چوار میوان بە نوێنەرایەتیی هەر چوارپارچەی کوردستان بانگهێشت کرابوون.

بێری شەڵماشی کە ساڵی رابردوو خەڵاتی باشترین قوتابیی زانکۆی لەسەر ئاستی هۆڵەندا پێدراو و ئێستا بۆ کەناڵی یەک و دوو و سێی هۆڵەندا کاری دەرهێنانی فیلم دەکات نوێنەرایەتی کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستانی کرد. سۆیار سەعیدیش وەک نوێنەری پلاتفۆرمی کوردانی رۆژئاوای کوردستان و فەرهاد سیلحان بە نوێنەرایەتی کوردانی باکووری کوردستان بەشدارییان کرد. هاوکارمان هێمن عەبدوڵڵا، وەک نوێنەری (روودا‌و) کە تاکە مێدیای کوردییە بە زمانی هۆڵەندی چالاکیی هەبێت و وەک نوێنەری کوردانی باشووری کوردستانیش بەشداریی بەرنامەکەی کرد.

لە (ئاسمانی حەوتەم) دا تیشک خرایە سەر رەوشی ئێستای کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و، ئەو پێشێلکارییانەی کە تا ئێستاش لە بواری مافەکانی مرۆڤدا بەرامبەر کورد دەکرێن، خرانەڕوو. گۆرانیبێژی گەنجی هۆڵەندی جەی فۆنسێکایش یەکێکبوو لە میوانانی بەرنامەی تایبەت بە کورد و چەند گۆرانییەکی پێشکێشکرد.



هاوکارانمان لە بەشی هۆڵەندی روودا‌ونێت




INFOCORP ONLUS

SORAN MEDICAL CENTER

## هەولێر دەبێتە پایتەختی دەسکەوتە پزیشکییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دوای سەرکەوتنی یەکەمین تاقیکردنەوەی منداڵانی لوولەیی لە عێراق سەنتەری پزیشکی سۆران و نەخۆشخانەی سۆرانی تایبەت لە پێشەنگییەکی تردا بەهاوکاری کۆمپانیای ئینفۆکۆڕپی ئیتالی سەنتەرێکی پزیشکی ئیتالی بە سەرپەرشتی ناسراوترین پزیشکانی ئیتالیا و پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای پزیشکی جیهانی لە هەولێر دادەمەزرێنن.

- سەنتەری پزیشکی ئیتاڵی ناونیشانی تازەی چارەسەرکردنی نەخۆشییە سەخت و دژوارەکان لە کوردستان
- لە سەنتەری پزیشکی ئیتالی کلیلی چارەسەری ئەم نەخۆشییانە وەربگرە:
- نەزۆکی و شێرپەنجەی مەمك و شەکرە و پێست و نەخۆشییەکانی میزەڕۆ و کۆئەنەندامی زاوزێ و گوێ و لووت و قورگ و غودەی لیمفاوی و ئێسك و جومگەکان و نەشتەرگەری گشتی
- سەنتەری پزیشکی سۆران ئامرازێك بۆ دەسگرتن بە پارە و دوورکەوتنەوە لە تای سەفەر

**لە مانگی نیسانەوە هەر چوار پزیشکی ناسراوی ئیتالی لە هەولێر پێشوازی لە نەخۆشەکان دەکەن:**



پرۆفیسۆر مارسیلۆ ریچی

پسپۆر لە بواری نەزۆکی و کۆئەندامی زاوزێ و میزەڕۆ لە نەخۆشخانەی فاتی بنی فراتیلی-رۆما-ئیتالیا



دکتۆر بریمۆ ڤالانتی

پسپۆری نەشتەرگەری گشتی میزەڕۆ و کۆئەندامی زاوزێ نەخۆشخانەی فاتی بنی فراتیلی رۆما-رۆما



دکتۆر ماریا تێرسا بالدینی

پسپۆری پێست و شێرپەنجەی مەمك و نەشتەرگەری گشتی پەیمانگەی میلانۆی شێرپەنجە



دکتۆر رافائیل سادۆن

پسپۆری شکستی ئێسك و جومگەکان نەخۆشخانەی فاتی بنی فراتیلی رۆما-ئیتالیا

بۆ جێگرتن و زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارانە بکەن:

کۆرەك: 07507240399 ئاسیاسێل: 07708365909 ئاریا فۆن: 0662593833

ناونیشان: هەولێر - شەقامی پزیشکان

کۆڵانی دووەم - کۆمەڵگەی پزیشکی سۆران